National Endowment for Democracy

سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی
NED

PAY INSTITUTE
For Education & Development

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
PAY




# راپۆرتی چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان

## خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان
## (١ ی ئازاری ٢٠١٧ تا ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧)

## راپۆرتی دەیەم

PAY INSTITUTE
For Education & Development
ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

**PAY**

National Endowment for Democracy
سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی

**NED**

## ستاف کاری پڕۆژە

سەرپەرشتیاری پڕۆژە:
**د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**

بەڕێوەبەری پڕۆژە:
**بابان جەعفەر حەمە**

ڕێکخەری پڕۆژە:
**ئارام سەردار عومەر**

بەڕێوەبەری ماڵپەڕی روانگەی پەی:
**ئاریز دارا حەفید**

ئەبلۆدەری بەشی عەرەبی روانگەی پەی:
**میران حسین حسن**

ژمێریاری پڕۆژە:
**ئیبراهیم حەسەن ئەحمەد**

هاوکار لە نوسینەوەی راپۆرت:
**م. ساکار عەزیز رەشید**

# راپۆرتی

# چاودێریی و هەڵسەنگاندنی کارەکانی پـەرلەمانی کـــوردستان

خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان
(١ ی ئازاری ٢٠١٧ تا ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧)

## راپۆرتی دەیەم

PAY INSTITUTE
For Education & Development

*- ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY) رێکخراوێکی ناحکومیی کوردستانییەو لە (٢٠١٣/١١/٢٨) بەفەرمی لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان تۆمار کراوە و لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٣ەوە دەستی بە چالاکیەکانی کردووە.

*- پرۆژەی چاودێریی پەرلەمانی کوردستان: پرۆژەیەکە لە سەرەتای خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستانەوە دەستی پێ کردووە. ئێستاش بە هاوکاری سندوقی نیشتمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەم پرۆژەیە جێبەجێ دەکات.




**ناو ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

ناونیشان: سلێمانی – رزگاری –بەرامبەر یاریگای یانەی وەرزشی ئاشتی

تەلەفۆن: 0096453320502 - 07701465733 - 07701564576

ئیمەیل: sarwary74@yahoo.com / payinstitute@gmail.com -

فەیسبوك: facebook.com/pay-institute

پێگەی ئەلکترۆنی: www.payied.org


**مافی بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە پارێزراوە بۆ ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان - ٢٠١٧**

**ئینستتیوتی پەی لە ٢٦ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٣ مۆڵەتی ژمارە (١٤٠٦) لە فەرمانگەی ڕێکخراوە نا حکومییەکاندا وەرگرتووە**

# ناوەرۆك


پێشەکی ..... ٥
هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولەدا ..... ٧
یەکەم: دەست پێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ..... ٧
دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان ..... ٨
سێیەم: پرۆسەی یاسادانان ..... ٨
چوارەم: چاودێری حکومەت ..... ٩
پێنجەم: پەسەندکردنی بودجە ..... ١٠
شەشەم: درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان ..... ١٠
حەوتەم: دەستلەکار کێشانەوەی ئەندامان ..... ١١
هەشتەم: ڕووداوەکانی پەرلەمان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ ..... ١٣
نۆیەم: کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ کۆمسیۆن ..... ١٤
دەیەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان ..... ١٥
پێشێلکارییەکانی پەرلەمان ..... ١٧
خشتەی (١) پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا ..... ١٩
ئەنجام ..... ٢٠
ڕاسپاردەکان ..... ٢٣
پاشکۆ (١): پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا ..... ٢٤
پاشکۆی (٢): ڕاسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم ..... ٢٥
پاشکۆی (٣): دەقی نامەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ..... ٢٦
پاشکۆی (٤): پەرلەمانی کوردستان وەڵامی بەغدادی دایەوە ..... ٢٧
پاشکۆی (٥): ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان ..... ٣٠
پاشکۆی (٦): ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی ..... ٣٢
پاشکۆی (٧): ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی ..... ٣٣
پاشکۆی (٨): نامەی دەستلەکارکێشانەوەی سکرتێری پەرلەمان ..... ٣٤
پاشکۆی (٩): ڕاگەیەنراوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ..... ٣٧
پاشکۆی (١٠): ڕاگەیەنراوێك لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ..... ٣٨
پاشکۆی (١١): بەیاننامەی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان ..... ٣٩
پاشکۆی (١٢): ڕاگەیەنراوی فراکسیونی بزوتنەوەی ئیسلامی ..... ٤١
پاشکۆی (١٣): خوێندنەوەیەکی یاسایی و سیاسی بۆ هەوڵەکانی پشت دانیشتنی پەرلەمان ..... ٤٢
پاشکۆی (١٤): پەرلەمانی کوردستان... کۆبوونەوە لە پێناو کۆبوونەوەدا ..... ٤٧
پاشکۆی (١٥): بەیاسایی کردنی بڕینی موچەی خەڵك لە ئەجێندای پەرلەماندا ..... ٤٩
پاشکۆی (١٦): پەرلەمان لە کودەتاکانی بەردەوامە ..... ٥٢
پاشکۆی (١٧): لە دانیشتنی داهاتوودا دەبێت سکرتێر بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت ..... ٥٤
پاشکۆی (١٨): یاداشتی ڕێکخراوەکان سەبارەت بە پێشێلکارییە نایاساییەکانی هەنگاوەکانی هەڵبژاردن ..... ٥٥
پاشکۆی (١٩): هەنگاوە نایاساییەکانی پەرلەمان بۆ دواخستنی هەڵبژاردن ..... ٥٩
پاشکۆی (٢٠): پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی، پێویستیەکی قۆناغەکەیە ..... ٦٢
پاشکۆی (٢١): دیسانەوە... شکۆی پەرلەمان شکێنرا ..... ٦٥
پاشکۆی (٢٢): پەیامێکی بە پەلە لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە ..... ٦٧

پاشکۆی ( ٢٣ ): بەیاننامەی سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان لەسەر کۆبوونەوەی ٢٠١٧/٩/١٥ ی پەرلەمان........................................ ٦٨
پاشکۆی ( ٢٤ ): نامەی رونکردنەوەی پەرلەمانتار فەرهاد سەنگاوی سەبارەت بە زۆر دەستلەکار کێشانەوەی.................................. ٦٩
پاشکۆی ( ٢٥ ): نامەی پەرلەمانتار فەرهاد سەنگاوی بۆ سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە زۆر دەستلەکار کێشانەوەی........................... ٧٠
پاشکۆی ( ٢٦ ): ئاڵوگۆڕی پەرلەمانتاران تا ئێستا لە لیژنەکان نەکراوە................................................................ ٧١
پاشکۆی ( ٢٧ ): ناوی ئەندامان بەسەر سایتی فەرمی پەرلەماندا........................................................................ ٧٤
پاشکۆی ( ٢٨ ): تا ئێستاش لەسایتی فەرمی پەرلەماندا هەر فخرالدین قادر سکرتێری پەرلەمانە.......................................... ٧٥
پاشکۆی ( ٢٩ ): تویتێکی پەرلەمانتار رابوون مەعروف باس لە ئەشکە نجەدانی خۆی دەکات لەنێو پەرلەماندا................................ ٧٦
پاشکۆی ( ٣٠ ): چەند وێنەیەکی ناو پەرلەمان لە شەوی پەلاماردانی لەلایەن هێرشبەرانەوە لە شەوی ٢٠١٧/١٠/٢٩........................... ٧٧

# پێشەکی

لەئەنجامی کێشمەکێشی نێوان لایەنە سیاسیەکان و گوێنەگرتنیان لە داخوازی و داواکانی خەڵك و پەیوەست نەبوونیان بە یاساوە، پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٥/١٠/١٢ دا پەکخراو ڕێگە بە سەرۆکی پەرلەمان نەدرا بگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەکان، ئەوەبوو ئەو رەوشە بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، تا لە ٢٠١٧/٩/١٥ دا بۆ جارێکی تر (بەبێ ئامادەبوونی سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان) پەرلەمان دەستی بە کۆبوونەوەکانی کردەوە.

هەرچەندە پەرلەمان کۆبوونەوەکانی دەستپێکردەوە، بەڵام لەشێوازی کار و دانیشتنەکانیدا کۆمەڵێك پێشێلی پەیرەو و یاسای کردووە، بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین پەرلەمان دەستی بە کۆبوونەوەکانی کردۆتەوە نەك کارا بووبێتەوە.

ئەوەی لەم راپۆرتەدا خراوەتە روو، باس لەم خولەی پەرلەمان دەکات لە (١ ی ئازاری ٢٠١٧ تا ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧)، کە بەشێکی ماوەی سستی پەرلەمانە بەبێ کۆبوونەوەو ماوەکەی تریشی باس لەو کۆبوونەوانە دەکات کە پەرلەمان کردوویەتی تا ئەو کاتەی تەمەنی خۆی بۆ دوو خولی گرێدان درێژ کردەوە.

تەمەنی پەرلەمان (بەپێی یاسا) لە ٢٠١٧/١١/٦ کۆتایی هاتبوو، بەڵام بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران لە (٢٠١٧/١٠/٢٤) تەمەنی خۆی بۆ دوو خولی گرێدان (واتە ساڵێك) درێژ کردەوە.

بەداخەوە ئەوەی تێبینی دەکرێت لەوکاتەوەی کە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا دەکرێت (لە ساڵی ١٩٩٢)ەوە هیچ کام لە هەڵبژاردنەکان لەوادەی خۆیاندا نەکراون و بەردەوام بە بیانو و هۆکاری جیاجیاوە دواخراون، ئەمجارەشیان دووای ٢٦ ساڵ لە ئەزموونی دیموکراتی هەڵبژاردن دواخرا.

لەپێناو شرۆڤە کردنی ئەم رەوشەو چاودێریکردنی پەرلەمانی کوردستان وەك دەزگایەکی یاسایی و نیشتمانی، **ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**، بەردەوامە لەسەر کاری چاودێریی کردنی خۆی، کە ئەمە دەیەمین راپۆرتیەتی بە هاوکاری سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED)ی ئەمریکی دەیخاتە بەر دەستتان، ئامانجی سەرەتا و کۆتاییمان ئەوەیە کە دەنگدەری کوردستان لە ئەدای نوێنەرەکانی ئاگادار بکەینەوەو ئەجێندای کرداریی لایەنە سیاسیەکان بخەینەڕوو و بەڵێنەکانی سەردەمی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان وەبیر خەڵك بێنینەوەو بەڕای گشتی بڵێین پایە سەرەکیەکانی کارکردن وەك (یاسا دانان، چاودێری) لەو دەزگا نیشتیمانیەدا چۆن بەرێوەدەچن.

ئێمە لە **پەی** دەمانەوێت هاوکاری پەرلەمانتاران و سەرۆکایەتی پەرلەمان بین، ئەویش بەبڵاوکردنەوەی زانیاری روون و ورد لەسەر پەرلەمان و ئەدای ئەو دەزگایە بەدەنگدەری لایەنەکان، بۆ ئەوەی

پەرلـەمانتاری چـالاك لـە ناچـالاك جیـا بكرێتـەوە و فشـاریكی مـەدەنیش درووسـت بكـەین بـۆ سـەر ئـەو پەرلەمانتارانـەی كـە بەئـەركی خۆیـان وەك پێویسـت هەڵناسـتن. بـەكورتی ئـەو پرۆژەیـە ئامانجیـەتی پەرلەمانتار و دەنگدەر پێكەوە ببەستێتەوە و پەیوەندی نێوان رای گشتی و ئەو دەزگا نیشتیمانیە بـەهێز بكات. هەرچـەندە ئەنـدامانی پەرلـەمان لـە ئێسـتادا لـە دەرەوەی ئـیرادەی خۆیـان دەسـتیان بەسـتراوەو هیچیان پێ ناكرێت.

ئێمە لێرەدا رایدەگەیەنین كە سەرباری ئەوەی رێگریمان لێ دەكرێت، هـەروەك پێشـتریش ریگریمـان لێ كراوە، ئێستاش كە سـەرۆكایەتی پەرلـەمان و دامـەزراوە فەرمیـەكانی ئامـادەنین هـیچ زانیارییـەكمان پـێ بدەن، كە ئەمەش پێچەوانەی ئەو یاسایانەیە كە خودی پەرلەمان خۆی دەری كردوون، بەڵام كاری خۆمان و پرۆژەكەمان راناگرین و بە پاڵپشتی دۆسـتان و پەرۆشـانی دیموكراسـی لـە نـاوەوەو دەرەوەی هـەرێم و پەرلەمانتارە لێهاتووەكان درێژەی دەبێت و بەردەوامین لەسەر چاودێریی پەرلەمان و دەرخستنی خـەوش و كەموكوڕییەكانی و دروستكردنی فشار لەسەر ئەو هێز و لایەنانەی نایانەوێت پەرلەمان بەراستی كارابێـت و بە ئەركەكانی خۆی هەڵبستێت.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان**

**تشرینی دووەمی ٢٠١٧**

# هەڵسەنگاندنێکی ڕەوشی پەرلەمان
# خولی پاییزەی ساڵی چوارەم لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان
# ( ١ ی ئازاری ٢٠١٧ تا ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧ )

## یەکەم: دەست پێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان

لە ئەنجامی ئەو کێشەو گرفتە کەڵەکەبووانەی هەبوون لە هەرێمدا، ئەقلیەتی سیاسیی باڵا دەست لە هەرێمی کوردستان کە نەیتوانی چارەسەریان بکات و دەرچەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ خۆدەربازکردن هانایان بۆ داخستنی پەرلەمان برد و ئەوەبوو لە ٢٠١٥/١٠/١٢ دا ڕێگریان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد و پەرلەمانیان لەکار خست.

دووای ساڵێك و یانزە مانگ لە کلۆم کردنی دەرگەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی، ڕۆژی ٢٠١٥/٩/١٥ پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی ئەنجامدا، کە بەداخەوە کۆبوونەوەکە پڕ بوو لە کەموکوڕی و پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ. هەر لە شێوازی داواکردنی کۆبوونەوەکەوە کە دەبوایە ئەو پەرلەمانتارانەی واژۆی داواکەیان بۆ کۆبوونەوەکە کردبوو یاداشتەکەیان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکردایە کەچی پێشکەشی جێگری سەرۆکیان کرد، تا دەگات بە شێوازی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەو گفتوگۆی نێو هۆڵ و پەسەندکردنی ڕاسپاردەکە، کۆمەڵێك مادەو برگەی پەیرەوی ناوخۆ پێشێلکران.

لەهەمان کاتدا هەرچەندە سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان ئێوارەی (٢٠١٧/٩/١٥) لە دووای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە لە بەیانێکدا نارەزاییان دەربڕی و پێشێلکارییە یاساییەکانی کۆبوونەوەکەیان وەك هەڵوێستێك خستە ڕوو، بەڵام درەنگ بوو، چونکە (٤٨) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەکە جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٣ بانگهێشتی ئەندامانی کرد بۆ کۆبوونەوە و دانیشتنی نائاسایی، هەر لەو کاتەدا کە هەریەك لە (بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی) سەرقاڵی چۆنیەتی بەشداریکردن بوون لە کۆبوونەوەکە و لەگەڵ پارتی و یەکێتی لە دانوستاندندا بوون، دەبوایە هەر ئەو کاتە سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان بەپێی ئەو دەسەڵاتەی هەیانبوو بڕیاری بانگەشەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان ڕەت بکردایەتەوەو داوایان لە ئەندامان بکردایە کە کۆبوونەوەکە نایاساییە چونکە یاداشتەکە پێشکەش بەوان نەکراوە بۆیە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە نەکەن. هەر لانی کەم بەفەرمی نوسراوەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان ڕەت بکردایەتەوە، نەك دوای تەواو بوونی، ئەمەش کەموکوڕی و کەمتەرخەمی ئەوان دەردەخات لەهەمبەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا.

بۆیە کۆبوونەوەی پەرلەمان کاتێك گرنگ دەبوو کە بیتوانیایە کۆدەنگیەکی نیشتمانی لەنێوان هێز و لایەنە سیاسیەکاندا دروستبکات، بەڵام هەم شێوازی کۆبوونەوەکەو هەم کات و بابەتی کۆبوونەوەکەو هەم ئەو

ڕێکارانەی لەئەنجامدانیدا گیرانەبەر نەیانتوانی ئامانجەکە بپێکن. ئەمە لەکاتێکدا قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە پەرلەمان مەرجەع بێت بۆ بڕیاردان لە ئەنجامدانی ڕاپرسی و دروستکردنی کۆدەنگی هەرێمی کوردستان. (١)

## دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان

| ژ | ژمارەی دانیشتن | ڕۆژی دنیشتن | ژمارە بڕگەی کار |
|---|---|---|---|
| ١ | نائاسایی | ٢٠١٧/٩/١٥ | ١ |
| ٢ | ١ | ٢٠١٧/٩/٢٣ | ٢ |
| ٣ | ٢ | ٢٠١٧/٩/٣٠ | ٤ |
| ٤ | ٣ | ٢٠١٧/١٠/٢٤ | ٥ |
| ٥ | ٤ | ٢٠١٧/١٠/٢٩ | ٣ |
| ٦ | ٥ | ٢٠١٧/١١/١٥ | ٤ |

### سێیەم: پرۆسەی یاسادانان:

**دەرکردنی یاسا:**

لەبەر ئەوەی پەرلەمان پەکی خرابوو، لەم خولەیدا کە لە ٢٠١٧/٩/١٥ دەستی بە دانیشتنەکانی کردەوە کەمترین کاری لەسەر دەرکردنی یاساو بڕیارەکان کردووە، ئەو یاسایانەی پەسەندی کردوون ئەمانەن:

١-یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان عێراق.

٢-یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ ی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم.

**دەرکردنی ڕاسپاردە:**

١-ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ پەرلەمان ڕاسپاردەیەکی پێنج خاڵی دەرکرد سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان. (٢)

---

(١)- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)

(٢)- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١)

## خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژە یاسا:

| ژ | ناوی یاسا و بریار | مێژووی خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەکە |
|---|---|---|
| ١ | پرۆژە یاسای راگرتنی کارکردن بە یاسای بەکرێدانی خانووبەرە. | ٢٠١٧/٩/٢٣ |
| ٢ | لە پرۆژە یاسای کارکردن بە یاسای تیرۆردا. | ٢٠١٧/٩/٢٣ |
| ٣ | پرۆژە یاسای بەردەوام بوونی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١٠/١٨ |
| ٤ | پرۆژە یاسای ( دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێم) بە پێی ماددەی (٧١) لە پەیرەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو. | ٢٩/١٠/٢٠١٧ |
| ٥ | پرۆژە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. | ،٢٠١٧/٩/٣٠ |
| ٦ | پرۆژە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێم | ٢٠١٧/١١/١٥ |
| ٧ | پرۆژە یاسای لێبووردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان–عێراق. | ٢٠١٧/١١/١٥ |

**گفتوگۆی کراوە:** یەکێك لەو شێوازانەی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنەکانیدا گرتوویەتیە بەر گفتوگۆی کراوە بوو، کە لەو ماوەیەدا گفتوگۆی لەسەر چەند بابەتێك کردووە، لەوانە:

١–رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠ پەرلەمانی کوردستان لە گفتوگۆیەکی کراوەدا بڕیارەکانی حکومەتی فیدراڵ و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی سەبارەت بەریفراندۆمی هەرێمی کوردستان رەتکردەوە. (١)

٢–رۆژی (٢٩/١٠/٢٠١٧) خوێندنەوەی نامەی بەڕێز (مەسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە ئاراستەی پەرلەمانی کوردستانی کردوە. (٢)

٣– رۆژی (٢٠١٧/١١/١٥) لەگفتوگۆیەکی کراوە کرا سەبارەت بە پرۆژەی پێشنیازکراوی بودجەی حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق بۆ ساڵی ٢٠١٨ و پشکی بودجەی هەرێم، سەرۆکایەتیی پەرلەمان پێشنیازیکرد گفتوگۆکە بەشێوەیەکی داخراو بێت و بەزۆرینەی دەنگ (٤٧ دەنگ بەرامبەر ٣١ دەنگ) ئەو پێشنیازە پەسندکراو دانیشتنەکە بووە داخراو.

## چوارەم: چاودێری حکومەت:

لەبەر ئەوەی پێشتر پەرلەمان پەکی خرابوو، لەم دواییانەدا کە کۆبوونەوەکانیشی دەست پێکردۆتەوە، لەپرۆسەی چاودێری کردنی حکومەتدا هیچ چالاکییەکی نەبووەو پەرلەمان نەیتوانیوە بە ئەرکی خۆی هەڵبستێت. جگە لە چەند کۆبوونەوەیەك نەبێت کە حکومەت و پەرلەمان کردوویانەو کۆبوونەوەکانیش لەو چوارچێوەیەدابوون کە حکومەت ویستویەتی ئەجێندای خۆی لەرێگەی پەرلەمانەوە جێبەجێ بکات، نەك پەرلەمان چاودێریی حکومەت بکات و لێی بپێچێتەوە. (٣)

---

(١)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢)
(٢)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣)
(٣)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٤)

بۆنمونــە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٠ لــە کۆبوونەوەیەکــدا جێگــری ســەرۆکی پەرلــەمان و ســەرۆکی ســەرجەم فراکسـیۆنەکان و سـەرۆکی چـوار لیژنـەی (کاروبـاری یاسـایی، دارایـی و ئـابوری و وەبـەرهێنان، دەسـتپاکی، پشەسـازی و ووزە و سەرچـاوە سروشـتییەکان ) کـە تـەنها گـۆڕان و کۆمـەڵ بەشـداریان نـەکرد. لەسـەر پاشەکەوتی مووچە لەگـەڵ نوێنـەرانی حکومـەت کۆبوونـەوە، لەئەنجامـدا بەیاننامەیـەك بـەناوی سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەرکرا کە چوار خاڵی لەخۆ گرتبوو.(١)

## پێنجەم: پەسەندکردنی بودجە:

لەپەسەندکردنی بودجەدا پەرلـەمان هـیچ رۆڵێکـی نـەبووەو لـەماوەی پێـنج ساڵی رابـردوودا ئـەم خولـەی پەرلەمان بودجەی هیچکام لە ساڵەکانی (٢٠١٤، ٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧، ٢٠١٨)ی پەسەند نەکردووە. (٢)

## شەشەم: درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان

لە رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤ دا هەروەك لە برگەی سـێیەمی بەرنامـەی کـاری دانیشـتندا هـاتبوو، (پـرۆژە یاسـای بەردەوامبوونی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان) خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کـراو هـەر لەهـەمان دانیشـتندا دووای یەك کاتژێر خوێندنەوەی دووەمیشی بۆ کراو پەسەند کرا.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم پرۆژەیە لەلایەن هەردوو فراکسیۆنی یەکێتی و پـارتی ئامـادەکرابوو و هەنـدێك لە فراکسیۆنەکانی پێکهاتەکانیش پشتیوانیان لێ کرد. بەلام هەریەك لـە فراکسـیۆنەکانی (گـۆڕان، یـەکگرتوو، کۆمەڵ، بزوتنـەوەی ئیسلامی، رافیدەین) بەم شێوازە لەگەڵ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان نەبوون.

لەوانە کۆمەڵ و گۆڕان بایکۆتی کۆبونەوەی پەرلـەمانیان کردو و پێشتر کۆمەڵ بریـار بـوو بەشـداری بکـات بەڵام بریارەکەیان گۆڕی و بەشـدارییان نـەکرد، ئەمـەش (نەجیبـە لـەتیف) پەرلـەمانتاری فراکسـیۆنی کۆمـەڵ ڕاگەیاند، پێشتر و لەکاتی بەردەوام بوونی کارەکانی کۆمیسیۆن لەبارەی هەڵبژاردن بریاریـان دابـوو بچنە نـاو کۆبونەوەو لەوێ داکۆکی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە وادەی خۆی بکـەن بـەڵام کـە کـار گەیشـتە ئێسـتە ئـەوا بایکۆتی کۆبونەوە دەکەن، وتیشی، فراکسیۆنەکەیان لەگەڵ درێژکردنەوەی تەمـەنی پەرلـەمان نیـەو ئێسـتاش کە کۆمیسیۆن کارەکانی لەبارەی هەڵبژاردنەوە راگرتووە هەڵبژاردن ناکرێت ئـەوا ئـەوان بـایکۆتی کۆبونـەوەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەکەن.

فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش هەڵوێستی خۆی لەبارەی درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی کوردستان ڕاگەیاند و سەرۆکی فراکسیۆنەکەیان وتی، لەگەڵ درێژکردنەوەن تەنها بۆماوەی (٣ بۆ ٦ )مانگ بـۆ

---

(١)- بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٩)

(٢)- ماوەی پێنج ساڵە پەرلەمانی کوردستان نە بودجەی پەسەند کردووە و نە ئاگاداری ئەوەشە ئەو بودجەیەی لەهەرێمدا هەیە چۆن خەرج دەکرێت.

ئەوەی لەو ماوەیەدا کۆمسیۆن ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردن بکات. هەروەها جگە لەوانە (٣) لە ئەندامانی فراکسیۆنی (یەکێتی)ش بە ناوەکانی (گەشە دارا) و (قادر رەزگەیی) و (مەریەم سەمەد) کۆبوونەوەکەیان جێهێشت دووای ئەوەی کە دژ بە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بوون و کۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیان سازکرد.

شایەنی باسە ئەم شێوازی درێژکردنەوەی پەرلەمان پێشێلی یاسا و پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە، پێشێلی یاسایە چونکە لە مادەی (٥١)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتووە دەڵێت: "ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنەوە دەستپێدەکات، لە دوا دانیشتنی ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت". بەڵام ئەوەی لەپەرلەمانی کوردستاندا دەگوزەرێت درێژکردنەوەی قەیرانەکان و بەردەوام بوونی گرفتەکان دەگەیەنێت و لێسەندنەوەی مافێکی سەرەتایی خەڵکە کە تەنها ئەو رۆژەیان هەیە رای خۆیان دەربڕن و بڕیاری خۆیان بدەن و دادگایی پارتە سیاسیەکان بکەن ئاخۆ تاچەند لەو بەڵێنانەی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا پێیانداون جێبەجێیان کردووە. هەروەها دژ بە مادەی (٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانە کە تەمەنی پەرلەمانی دیاری کردووە.

هەروەها لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١٧ ی درێژکردنەوەی پەرلەماندا ناڕوونیەك هەیە کە لەمادەی (١)دا هاتووە: "خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، دوو خولی گرێدانی تر (دورتي الانعقاد) لەکاردا دەبێت لە بەرواری (٢٠١٧/١١/٦) وە". کە ئەمەش نا روونیەکی تیادایە و دیار نیە کە ماوەی درێژکردنەوەکە چەندە، نازانرێت دوو دەورە چەندە؟ ئایا (٨) مانگ یاخود (١٠) مانگ یا (١٢) مانگ دەکات، لەوە دەچێت مەبەستیش لەوە یاریکردن بێت بەکاتەکەوە.

## حەوتەم: دەستلەکار کێشانەوەی ئەندامان

### ١-دەستلەکارکێشانەوەی سکرتێری پەرلەمان:

رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠ بەڕێز (فەخرەدین قادر) وەك سکرتێری پەرلەمان ویستی لە دانیشتنی پەرلەماندا ئامادەبێ و دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات و بیخوێنێتەوە، بەڵام لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە رێگری لێ کرا، لەبەر ئەوەی لەکاتی چوونی بۆ هۆلی پەرلەمان بەسیفەتی ئەوەی سکرتێری فەرمیی پەرلەمانە، دەبوایە بچێتە شوێنی خۆی دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات و سکرتێری کاتی بچێتەوە خوارەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی سکرتێری کاتی ئامادە نەبوو شوێنەکەی بەجێ بهێڵێ تا سکرتێری فەرمی بگەڕێتەوە بۆیە رێگریی لێ کرا. هەر بۆیە ناوبراو بەناچاری لەرێگەی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نامەکەی پێشکەش کرد. پەرلەمانیش دواتر دەستلەکارکێشانەوەیان خستەڕوو و بەبێ ئەوەی لەبەرنامەی کاردا هەبێت و دەنگی لەسەر درا.

رۆژی چوارشـەمە (٢٠١٧/١٠/١٨) لـە کۆبوونـەوەی پەرلەمانـدا بڕیـاردرا (بێگـەرد تاڵـەبانی) کـە سـکرتێری کاتیی پەرلەمان بوو وەك سـکرتێری هەمیشـەیی بـەردەوام بێـت، لەکۆبونەوەکـەدا کـە ٧١ ئەنـدامی پەرلـەمان بەشـداربون ، بێگـەرد تاڵـەبانی بـەدەنگی ٥٩ ئەنـدامی پەرلـەمان لەبەرامبـەر ١٢ دەنگی سـپی وەك سـکرتێری پەرلەمان دیاری کرا. [1]

٢–لە دانیشتنی رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠ نامەی دەستلەکار کێشانەوەی پەرلەمانتار (فەرهاد حەمەسالح) ناسراو بە فەرهاد سەنگاوی لەسەر لیستی یەکێتی دەنگی لەسەر درا. ئەمە لەکاتێکدا ئـەم بڕگەیـە نـە لـە بەرنامـەی کاردا هـەبوو و نـە ناوبراو لـە دانیشـتنەکە ئامادە بـوو و نـە (لـە ئێسـتادا) نامـەی دەستلەکارکێشانەوەیشی پێشکەشـکردووە، بـەڵکو ئـەو نامەیـە چـوار سـاڵ لەمەوبـەر لەسـەروبەندی کاندیدکردنیـدا بـەبێ مێـژوو پێـی نوسراوەو ئێستا مێژووی (٢٠١٧/٩/٢٨)ی خراوەتە سەر و کاری پێکراوەو فەرهاد سەنگاوی پەرلـەمانتاری پـێ لە پەرلەمان دەرکرا. [2]

٣–لـە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٧) پەرلـەمانتار (شـوان قـەلادزەیی) لـە ئـەنجامی روداوی ئۆتۆمبێـل گیـانی لەدەستدا.

٤–لە دوو دانیشتنی تردا دوو دوو ئەندام پەرلـەمانی تـر نامـەی دەستلەکارکێشـانەوەیان خرایـە بەرنامـەی کارەوەو پەسەند کراو دواتر شوێنیشیان پڕکرایەوە هەروەك لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە:

| ژ | ئەندام پەرلەمانی دەستلەکار کێشاوە | مێژووی دەستلەکارکێشانەوە | ئەو ئەندامەی شوێنی گرتۆتەوە | مێژووی شوێنگرتنەوە | فراکسیۆن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | فەرهاد حەمە ساڵح سەنگاوی | ٢٠١٧/٩/٣٠ | گۆران مەحمود ئیسماعیل | ٢٠١٧/١٠/١٨ | یەکێتی |
| ٢ | فخرالدین قادر عارف | ٢٠١٧/٩/٣٠ | ئەیوب عەبدوڵا ئیسماعیل | ٢٠١٧/١٠/١٨ | کۆمەڵ |
| ٣ | بەیار تاهیر سەعید | ٢٠١٧/٩/٢٣ | عەلی عوسمان عەلی | ٢٠١٧/١٠/١٨ | پارتی |
| ٤ | گۆران ئازاد محمد | ٢٠١٧/١٠/٢٩ | مستەفا ئەحمەد حەمەد | ٢٠١٧/١١/١٥ | یەکێتی |
| ٥ | شوان قەلادزەیی | ٢٠١٧/١٠/١٧ | ئاری عەبدوللەتیف | ٢٠١٧/١٢/١٧ | بزوتنەوە |

(١)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٥)

(٢)– بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (٢٤) و (٢٥).

## هەشتەم: ڕووداوەکانی پەرلەمان لە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧

لەڕۆژی یەك شەممە ٢٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٧ لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان لەکاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆ کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان دەستی پێکرد.

کۆبونەوەکە سێ تەوەری لەخۆگرتبوو، بەم شێوەیە (خوێندنەوەی نامەی مەسعود بارزانی، خوێندنەوە و پەسەندکردنی پرۆژە یاسایی دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتیەکان، دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار گۆران ئازاد لەفراکسیۆنی یەکێتی). دوای ئەوەی کۆبونەوەکە دەستی پێکرد پێشنیار کرا کۆبونەوەکە بەداخراوی بەڕێوەبچێت، بۆئەمەش ٥٢ پەرلەمانتار لەگەڵ ئەوە بوون کۆبونەوە بەداخراوی بەڕێوەبچێت، ٣٥ دەنگیش دژی ئەوەبوون، دوای خوێندنەوەی نامەکەی مەسعود بارزانی و خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم، بریار درا ماوەی یەك کاتژمێر مۆڵەت بدرێتە لیژنەی یاسایی تاوەکو راپۆرتی خۆی لەسەر ئامادە بکات، دواتر ماوەی یەك کاتژمێر و٣٠ خولەك کۆبونەوەکە دەستی پێکردوە واتە لەنزیك کاتژمێر ٤:٣٠ خولەك تاوەکو درەنگانی شەو کۆبونەوەکە بەردەوام بوو بۆ پەسەندکردنی.

لە کۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا ڕەوشی پەرلەمان نائاسایی بوو و کۆمەلێك کێشەو گرفت هاتنەکایەوە، ژمارەیەك گەنج بەناوی چالاکوانی مەدەنی کە ژمارەیان ١٠ بۆ ١٥ کەس دەبوو بەباجی میوانی پەرلەمان هاتنە ژورەوە لەبەردەم باڵەخانەی پەرلەمان لەشوێنی کۆنگرە ڕۆژنامەوانیەکان وەستان، دوو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدرا سەرەتا ئەویش فراکسیۆنی یەکگرتوو لەبارەی گۆرانکاریەکانی سەرۆکایەتی فراکسۆن، هەروەها کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی فراکسیۆنی پارتی بۆ خوێندنەوەی بەیاننامەیەك لەسەر دەست لەکارکێشانەوەی بارزانی بەر لەدەستپێکردنی کۆبونەوەکە. دواتر (رابون مەعروف) وەك پەرلەمانتار لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەسەر نامەکەی بارزانی لێدوانی داو هەر لەوێ بەشێوەیەکی نەشیاو لەلایەن چەند کەسێکەوە بەبەرچاوی میدیاکانەوە هێرشی کرایە سەر.

دووای دەست پێکردنەوەی کۆبوونەوەی پەرلەمان، کەسانێك بەناوی خۆپیشاندەرەوە هێنرابوونە بەردەم پەرلەمان، سەر لە ئێوارە نزیك کاتژمێر (٥) هێشتا کۆبونەوەکەی پەرلەمان تەواو نەببو، ئەو کەسانە هێرشیان کردە ناو پەرلەمان گەیشتنە بەردەمی باڵەخانەکە، سەرەتا پەلاماری ڕۆژنامەنوس و میدیاکارەکانیاندا، جگە لە سوکایەتی کردن بە میدیاکاران بەشێکی زۆر لە کامیراو مایك و کەلوپەلەکانیان شکاندن و دوو لە میدیاکارەکانی (NRT) و (KNN) بەناوەکانی (ڕێبوار کاکەیی) و (ساڵح هەرکی) کەوتنە بەر شالاوەکەو بریندار بوون. ئەوەی جێگەی سەرنج بوو زێرەڤانیەکان کاردانەوەیەکی بەپەلەیان نەبوو بۆ ڕێگری کردن لەخۆپێشاندەران و هیچ هێزێکی چالاکی مەدەنیش ئامادەنەبوون بۆ ئەوەی بەردەم دەرگای

پەرلەمان بگرن و رێگری بکەن لەهاتنەژوورەوەیان (لەکاتێکدا لەگردبونەوەیەکی ئاسایی خوێندکاران بەبێ توندوتیژی بەرێوەدەچێ ژمارەیەك زۆر لەپۆلیسی چالاکی مەدەنی دەرگای پەرلەمان دەگرن).

دواجار هێزی ئەمنی زۆر هات بەلآم هیچ کەسێکیان رەوانەی دەرەوە نەکرد کە ئەمەش لەبەشێك لەگرتە ڤیدیۆیەکان دەردەکەوێ کە هێزە ئەمنیەکان و هێرش بەران بەیەکەوە دانیشتون و هیچ هەوڵێك نادەن رەوانەی دەرەوەی پەرلەمانیان بکەن. ژیانی رۆژنامەنوسان و پەرلەمانتاران و هەموو ئەوانەی لەناو پەرلەمان بوون خراپ بوو و سەرجەمیان لەمەترسی دابون، دەرگای دواوەی پەرلەمانیش لەلایەن خۆپێشاندەران گیرا بوو و هەر لەگەڵ رووداوەکانیش تەقەیەکی زۆر بەئاسمان کرا لەناو پەرلەمان و دەرگای دواوەی پەرلەمان.

چەند جارێك ئەوانەی هەڵیان کوتابوویە سەر پەرلەمان دەرگەی پەرلەمانیان شکاند و هاتنە ژوورەوە، هێرشبەران داوای پەرلەمانتار (رابوون مەعروف)یان دەکرد، ناوبراو لەژووری جێگری سەرۆکی پەرلەمان بوو و ژیانی لە مەترسیدابوو، گەیشتبووە ئاستێك هەندێك لە هێرشبەران گەیشتبوونە بەردەم دەرگای ژوورەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمان کە رابوون مەعروفی تیا بوو، ئەم رەوشە تا کاتژمێر (١)ی شەو بەردەوام بوو و تا ئەو کاتەی بەشێوازێکی نهێنی (رابوون مەعروف) لەلایەن هێزێکەوە برایە دەرەوەی پەرلەمان، تا ئەو کاتەش پەرلەمانتاران و ئەوانەی لە ژوورەوە بوون گەمارۆدرابوون و وەك بارمتە مابوونەوە. لەمە بەدواوە هێزێکی زۆر هات و هێرشبەرەکانیان دوور خستەوەو ئینجا پەرلەمانتاران و ئەوانەی لەناو پەرلەمان بوون چوونە دەرەوە.

بەپێی قسەی خۆی کە بۆ کەناڵەکان دوا، رابوون مەعروف لە نێو حەرەمی پەرلەمان و لەژووری جێگری سەرۆکی پەرلەماندا لەلایەن چەند پەرلەمانتارێکی سەر بە پارتی و کەسانێکی نەناسراوەوە ئەشکەنجە دراوە.

## نۆیەم: کۆبوونەوەی پەرلەمان لەگەڵ کۆمسیۆن:

لە کاتژمێر١٠ی رۆژی هەینی ١٣ی تشرینی یەکەمی٢٠١٧، لەتەلاری پەرلەمانی کوردستان بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر پرسی هەڵبژاردنەکان و یاسای هەڵبژاردن، ئەنجومەنی کۆمسیارانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکی فراکسیۆنەکانی ناوپەرلەمان کۆبوونەوە. ئەم کۆبونەوەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان، باس لەدواین ئامادەکاریەکانی کۆمسیۆن کرا، جێگەی ئاماژە بۆ کردنە لەم کۆبونەوەیەدا تەنها بزوتنەوەی گۆڕان بەشداری نەکردبوو.

لەو کۆبونەوەیەدا کۆمسیۆن باسی گلەیی و کێشەکانیان کرد، باسیان لەوە کرد هەندێك لە پێداویستیەکانیان وەکو پێویست بۆ دابین نەکراوە، پەرلەمانی کوردستان لەبەر ئەوەی لە دووساڵی رابردوو پەکخراوە نەیتوانیوە چاودێرێکی راستەقینە بێت بەسەر کارەکانی ئەوان و هەماهەنگی لەگەڵ نەکردوون.

سەبارەت بە بەڕێوەچونی پرۆسەی هەڵبژاردن، پەرلەمانی کوردستان چەند پرسیارێکی وردی هەبوو، کە ئاراستەی کۆمسیۆن کردوو، ئەوانەش پەیوەندی هەبوو بە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە ناوچە دابڕێندراوەکان و تۆماری ناوی دەنگدەران و کێشەی کاندید بۆ سەرۆکی هەرێم.

لەم بارەیەوە (**سلێمان مستەفا**) جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی هەرێمی کوردستان بۆ رۆژنامەنوسان رایگەیاند : کۆبونەوەی ئەمڕۆی لەسەر داوای فەرمی پەرلەمان بووە، میوانداری ئەنجومەنی کۆمسیارانیان کرد، سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان ژمارەیەك پرسیاریان ئاراستە کردین ئێمەش وەڵامان دایەوە، لەبەر رۆشنایی وەڵامی پرسیارەکانی ئەنجومەنی کۆمسیاران و رەوشی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی داهاتوی پەرلەمانی کوردستان بڕیارێك لەبارەی هەڵبژاردن پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم دەدات.

ئەوەبوو لە ئەنجامدا لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٨) کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی بەبڕیارێك رێکارەکانی هەڵبژاردنیان هەڵپەسارد و لەئەنجامدا هەلبژاردنەکان دواخران.

## دەیەم: لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستان

پەرلەمانی کوردستان لە (٢٢) لیژنەی جیاجیا پێکهاتووە، کە بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (٣٧) باسی پێکهێنانی لیژنەکان دەکات و پەرلەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆرییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە دەکات. هەر لیژنەیەکیش نابێت لە (٥) ئەندام کەمتر پێکهاتبێت و لە (١١) ئەندامیش زیاتر بێت، کاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پڕۆژە و کارەکانی حکومەت و چوونە ناو خەڵکی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشەکانیان.

### ١- ئاڵوگۆڕی ئەندامان لە لیژنەکان:

ا–رۆژی ٢٠١٧/٩/٣٠، دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (گۆران ئازاد) لەلیژنەی یاسایی و دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (د.رێواز فایەق) لەلیژنەی پشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتییەکان بەجیا خرانە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکران و هەروەها بەزۆرینەی دەنگیش زیادکردنی پەرلەمانتار (د.رێواز فایەق) بۆ لیژنەی یاسایی پەسندکرا.

ب–رۆژی ٢٠١٧/١١/١٥ ئەندامی پەرلەمان (ئاری محەمەد هەرسین) لە لیژنەی (کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی) دەستی لەکار کێشایەوەو دەنگی لەسەر درا.

لیژنەکانی پەرلەمان لەم خولی گرێدانەدا بەهۆی پەك کەوتنی پەرلەمانەوە بە ئەرکی سەرشانیان هەڵنەساون، کە پوختەی کارەکانیان لەم خولی گرێدانەدا ئەمانەن:

### ٢- کۆبوونەوەی لیژنەکانی پەرلەمان:

بەهۆی ئەوەی بە نوسراوی ژمارە (٤٥٢/٤/٤) ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی پەرلەمان و لەسەر داوای جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە (٢٠١٧/٢/٢٧) کە ئاراستەی ئینستتیۆتی پەی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان کراوە، تیایدا هاتووە کە نابێت هیچ زانیارییەك بە فەرمی لەلایەن پەرلەمانەوە بدرێت بە ڕێکخراوەکەمان، هەر بۆیە بەپێی هەواڵی سایتی فەرمی پەرلەمان لە ماوەی شەش مانگدا لە (٢٢) لیژنە تەنها (٧) لیژنە کۆبوونەوەیان کردووە کە ئەمانەن:

-لیژنەی کشتوکاڵ (٢) کۆبوونەوە.

-لیژنەی یاسایی (٦) کۆبوونەوە.

-لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەت (١) کۆبوونەوە.

-لیژنەی دارایی (١) کۆبوونەوە.

-لیژنەی رۆشنبیری (١) کۆبوونەوە.

-لیژنەی بەکاربەر (١) کۆبوونەوە.

-لیژنەی تەندروستی (١) کۆبوونەوە.

-هەروەها لە رۆژی ٢٠١٧/٩/١٨ لە کۆبوونەوەیەکدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان و سەرۆکی چوار لیژنەی (کاروباری یاسایی، دارایی و ئابوری و وەبەرهێنان، دەستپاکی، پشەسازی و ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان ) کە تەنها گۆڕان و کۆمەڵ بەشداریان نەکرد. لەسەر پاشەکەوتی مووچە کۆبوونەوە.

-رۆژی ٢٠١٧/١١/١٥ جێگری سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکان کۆبوویەوە.

**٣- نوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساکان:**

تا ئێستا (٢٢٦) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (١٦٢) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (٧١) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە. لە کۆی ئەو پرۆژانە لەتەمەنی خولی چوارەمی پەرلەماندا کە سێ ساڵە تا ئێستا تەنها (٢٠) یاسا و (٧) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە. لەماوەی ئەو بەناو (خولی پایزەی ٢٠١٧)دا بەپێی سایتی پەرلەمان هیچ لیژنەیەك راپۆرتی نەنوسیووە لەسەر پرۆژە یاساکان کە ئاراستەیان کراوە.

# پێشێلکارییەکانی پەرلەمان

١–لە بانگهێشتی پەرلەمانتاران بۆ کۆبوونەوەو دانانی بەرنامەی کاردا پێشێلی پەیڕەوی کردوە، لە یەکەم کۆبوونەوەوە کە لە (٢٠١٧/٩/١٥) بەڕێوەچوو، دەبوایە ئەو پەرلەمانتارانەی واژۆی داواکەیان بۆ کۆبوونەوەکە کردبوو یاداشتەکەیان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکردایە کەچی پێشکەشی جێگری سەرۆکیان کرد، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوی ناوخۆیە، چونکە لە کۆی (٣) لە ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی تەنها یەك دانەیان (جێگر) بڕیاری کۆبوونەوەکەیدا بەبێ ئەوەی سەرۆك و سکرتێر ئامادەبن یا ئاگادار بن.

٢–زۆرینەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بەرنامەی کار رانەگەیەندراوە، یاخود ئەگەر راشگەیەندرابێت تەنا کاتژمێرێك بەر لەکۆبوونەوەکان ئەندامان بە فەرمی ئاگادار کراونەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا بەپێی پەیرەو دەبێت (٤٨) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەکە ئەندامان لە بەرنامەی کار ئاگادار بکرێنەوە.

٣–لە هەندێك لە کۆبوونەوەکان بەرنامەی کار لە ئەندامان شاردراوەتەوە، بۆ نمونە بەرنامەی کاری رۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) کە دەستلەکار کێشانەوەی (فەرهاد سەنگاوی) خرابووە بەرنامەی کارەوە، هەروەها لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٨) کە دواتر کۆبوونەوەکە دواخرا. شایانی باسە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە لە سایتەکەش دانەنراوەو تەنانەت لەو هەواڵەش کە لە سایتەکەدا لەسەر کۆبوونەوەی ئەو رۆژە بلاوکراوەتەوە باس لەوە نەکراوە کە بەرنامەی کار دەستلەکارکێشانەوەی فەرهاد سەنگاوی تیادابێت. [١]

٤–لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠)دا رێگە نەدرا (فەخرەدین قادر) وەك سکرتێری پەرلەمان بچێتە هۆڵی پەرلەمانەوەو لە شوێنی خۆی (وەك سکرتێر) نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەی پێشکەش بکات.

٥–رۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) نامەی دەستلەکار کێشانەوەی (فەرهاد سەنگاوی) خرایە بەرنامەی کارەوەو دەنگیشی لەسەر دراو لە پەرلەمان دوور خرایەوە، بەبێ ئەوەی ناوبراو نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشکردبێت یا ئاگادار بێت یا لە کۆبوونەوەکە ئامادە بێت. [٢]

٦–بەشی زۆریی کۆبوونەوەکان کران بە داخراو، دوور لە چاوی راگەیاندن و جەماوەری کوردستان، بەبێ ئەوەی هیچ بابەتێکی هەستیاریش هەبێت کە بەپێی پەیرەو شایەنی ئەوەبێت بڕیاری داخستنی کۆبوونەوەکە بدرێت.

٧–لە بەشێك لە کۆبوونەوەکان رێگە بە ئەندامانیش نەدراوە کە بیروڕای خۆیان دەربڕن، هەر بۆیە لە کۆبوونەوەی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) کە تایبەت بوو بە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان هەندێك لە ئەندامان

---

(١)– بڕوانە هەواڵی دانیشتنەکە لە ماڵپەڕی پەرلەمان کە ئەمە لینکەکەیەتی:
http://www.perleman.org/Default.aspx?page=article&id=23513&l=3

(٢)– بڕوانە پاشکۆکانی ژمارە (٢٤) و (٢٥).

کۆبوونەوەکانیان جێهێشت و لەدەرەوەی هۆڵ لەڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بیروڕای خۆیان دەربڕی، کە ئەم رێگە نەدانەش پێچەوانەی پەیرەوە.

٨–لەهەندێك لە کۆبوونەوەکاندا لەیەك دانیشتندا پرۆژەی یاسا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو لەهەمان کات و کۆبوونەوەدا خوێندنەوەی دووەمی بۆ کراوەو پەسەندیش کراوە، ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە. بۆ نمونە لە دانیشتنەکانی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٤) لە پرۆژە یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٩) لە پرۆژە یاسای دابەشکردنی دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم.

٩–لەنێو حەرەمی پەرلەماندا پەلاماری پەرلەمانتار دراوە، وەك پەلاماردانی پەرلەمانتار (رابوون مەعروف) لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٩)دا، کە ئەمەش پێچەوانەی پەیرەوە.

١٠–پەلاماردانی پەرلەمان لەلایەن کەسانێکەوە لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/٢٩) کە هاندرابن و ئاسانکارییان بۆ کرا لە چوونە ناو پەرلەمانەوە، ئەمەش شکاندنی حەرەمی پەرلەمان بوو.

١١–هەندێك پەرلەمانتار لە لیژنەکانیان دەستیان لەکار کێشاوەتەوە بەبێ ئەوەی جێگەکانیان پڕبکرێتەوەو ناویان لە لیژنەکان هەر ماوە. [1]

١٢–ئەو لیژنانەی گۆڕانکاریشیان تیادا کراوە، ناوی ئەندامەکانی لەسەر وێبسایتەکە دانەنراوە. [2]

١٣–ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە تازە چوونەتە پەرلەمانەوە ناویان لەسەر لیستی فراکسیۆنەکانیان دانەنراوە لە سایتەکەدا. [3]

(١)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٦)
(٢)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٦)
(٣)– بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢٧)

## خشتەی (١)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا

## (١ ی ئازاری ٢٠١٧ تا ١٥ ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧)

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٦ |
| ٢ | ژمارەی برگەی کار | ١٩ |
| ٣ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٧ | ٧ |
| ٤ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | ٢ |
| ٥ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ٠ |
| ٦ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبن | ٠ |
| ٧ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆڵی پەرلەمان بەڵام ئامادە نەبوون | ٠ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆڵی پەرلەمان ئامادەبوون | ٠ |
| ١٠ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١١ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ١٣ |
| ١٢ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لە خولی پایزەی ساڵی ٢٠١٧ | ٢ |
| ١٣ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاساکان کە پێویست بوو بنوسرێ و نەنوسراوە | ٢٦٠ |
| ١٤ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٠ |
| ١٥ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵامدراوەتەوە | ٠ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەڵام نەدراوەتەوە | ٠ |

# ئەنجام

**یەك:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانەدا تەنها (٥) دانیشتنی پەرلەمان کراوە. کە ئەمەش لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا ناگونجێت.

**دوو:** خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان تا کاتی ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، کە زیاد لە چوار ساڵ دەبێت، تەنها (٢٠) یاسا و (٧) بڕیاری دەرکردووە، سەرەڕای ئەوەی کە خوێندنەوەی یەکەم بۆ (١٦٢) پرۆژە یاسا کراوە.

**سێ:** تا ئێستاشی لەگەڵدابێت پەرلەمان نەیتوانیوە بەدواداچوون و لێپرسینەوە سەبارەت بە شێوازی فرۆشتن و داهاتی نەوت بکات و وردەکاریی گرێبەستەکانی نەخراوەتە بەردەست.[1] هەرچەندە پەرلەمان (یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) پەسەند کرد، بەڵام حکومەت بێ ئەوەی گوێ لەپەرلەمان بگرێت بە ئارەزووی خۆی دوور لە یاسا هەنگاوی ناوە. پەرلەمان نەیتوانی لە حکومەت بپرسێتەوە کە ئایا ئێوە موچەی فەرمانبەرانتان لە پارەی نەوت داوە یا قەرزتان کردووە؟ ئەگەر لە پارەی نەوتان داوە ئەی ئەو قەرزەتان بۆچی کردووە؟ ئەگەر لە پارەی قەرزیش داوتانە ئەی پارەی نەوتەکەتان چی لێ کردووە؟

**چوار:** هیچ وەزیرێك بەمەبەستی لێپێچینەوە بانگهێشتی پەرلەمان نەکراوەو لە پەرلەمان ئامادە نەبووە.[2]

**پێنج:** تا ئێستا لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان وەك پێویست بە ئەدای کاری خۆیان لە چاودێری حکومەت هەڵنەساون و بەدواداچوونی پێویستیان بۆ ئەو پرۆژانە نەکردووە کە بودجەیان بۆ دابینکرابوو لە ساڵانی رابردوو و تا ئێستاش بەردەوامن، هەرچەندە پێویستە دیوانی چاودێریش بەدواداچوون بکات.

---

[1] لە مادەی (٤٢) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- لیژنە بەردەوامەکان مافیان هەیە لەڕێگەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانەوە، داوا لە فەرمانگەی فەرمی و رێکخراوە جەماوەری و پیشەییەکان بکەن کەوا ئەو زانیارییانەی پێویستیانە بۆ باسکردنی ئەو بابەتانەی خراونەتە روو، پێشکەشیان بکرێت.

٢- ئەگەر ئەو لایەنانەی لەبڕگەی سەرەوە باسکراون خۆیان گرت لە پێدانی زانیاری داواکراو بە لیژنە بەردەوامەکان ئەو کاتە لە رێگەی سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی لێ ئاگادار دەکرێتەوەو لە حالەتی وەڵام نەدانەوەی داواکارییەکە لەماوەی پازدە رۆژدا بابەتەکە دەخرێتە بەر دەستی پەرلەمان بۆ ئەوەی تێڕوانینی بۆ بکات.

[2] لەمادەی (٦٩) لە پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە:

١- هەر ئەندامێك ویستی ئەندامێکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بپرسێنێت ئەوا پرساندنەکە بە شێوەیەکی نوسراو ئاراستە دەکات.

٢- سەرۆکی پەرلەمان پرساندنەکە دەگەیەنێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشتنی دوای پێڕاگەیاندنی و کاتی گفتوگۆکردنی پاش هەفتەیەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو.

**شەش:** لە کۆی ئەو پرۆژانەی ئاراستەی لیژنەکانی پەرلەمان کراون کە بە تێکڕای پرۆژەکـان لای سـەرجەم لیژنەکان، (٣٦٢) پرۆژەن کە پێویستە لیژنەکان ڕاپۆرتیان لەسەر بنوسن، بەڵام تەنها (١٢٣) ڕاپۆرت لە لایـەن کۆی لیژنەکانەوە نوسراون. واتە (٢٤١) ڕاپۆرت هێشتا نەنوسراون. ئەمەش پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە.[1]

**حەوت:** لە ماوەی ئەم خولی گرێدانـەدا لـە کـۆی (٢٢) لیژنـە تـەنها (٧) لیژنـە کۆبوونـەوەیان ئەنجامـداوە. ئەگەر بارودۆخی پەرلەمان ئاسایی بوایە دەبووایـە لیژنـەکان بەلایـەنی کەمـەوە هەفتـەی جارێـك کۆبوونـەوەی خۆیان ئەنجام بدایە.

**هەشت:** وەك تێبینی دەکرێت ڕۆڵی پەرلەمان لە گۆڕەپانی سیاسیی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاو ناگیرێـت و لە ڕووداوە گرنگ و چارەنوسسازەکاندا پەرلەمان پەراوێز دەخرێت، هەرچـەندە بـەپێی بڕیـاری ژمـارە (١)ی سـاڵی (٢٠٠٥) دەبێـت سـەرکردایەتی سیاسـی کوردسـتان بـۆ بڕیـارە چـارەنوس سـازەکانی بـۆ پەرلـەمان بگەڕێتـەوە، بـەڵام ئـەوە نابینرێـت. بـۆ نمونـە لـە پرسـەکانی ڕیفرانـدۆم، کـەرکوك، گفتوگـۆ لەگـەڵ ناوەنـد، کێشەکانی خورماتوو، گرفتی مووچەو بودجە، خۆپیشاندانەکانی خەلکی کوردسـتان و چـەندان پرسـی گرنگـی تر.

**نۆ:** دەسـتەی (مـافی مـرۆڤ) لـە (٢٠١٧/١/١٧)ەوە مـاوەی سـەرۆکەکەی بەسـەر چـووەو کـە لـەم خولـەدا دەبوایە بەپێی یاسـا چارەسـەرییان بـۆ بکرێـت، بـەڵام هـیچ ڕێـو شـوێنێك نەگیراوەتەبـەر و ئەمـەش پێشـێلی یاساکانە.

**دە:** دەسـتەی (دەسـتپاکی) مـاوەی سـەرۆکەکەی لـە (٢٠١٧/٥/١٣)ەوە بەسـەر چـووە. کـە لـەم خولـەدا دەبوایە بەپێی یاسـا چارەسـەرییان بـۆ بکرێـت، بـەڵام هـیچ ڕێـو شـوێنێك نەگیراوەتەبـەر و ئەمـەش پێشـێلی یاساکانە.

**یانزە:** لەم خولەدا زۆرترین پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ کراوە.

**دووانزە:** مەبەسـتی هێـزە سیاسـیەکان لـە کاراکردنـەوەی پەرلـەمان لەوکاتـەدا درێـژ کردنـەوەی تەمـەنی پەرلەمان و ئەنجام نەدانی هەڵبژاردنە.

**سیانزە:** پەیامی هیچ کام لە حزبە سیاسیەکان لەگەڵ کردارەکانیاندا وێك نایەتەوە.

**چواردە:** پەکخستنی پەرلەمان کاریگەریی نەرێنی و خراپی لەسەر دامودەزگاو دامەزراوە فەرمیەکانی تریش کردووە، بۆ نمونە وەك دەستەکانی (مـافی مـرۆڤ) و (دیـوانی چـاودێری) و (دەسـتـەی نەزاهـە) و (کۆمسـیۆنی هەڵبژاردن) و ئیش و کارەکانی ئەوانیش زۆربەی وەستاوەو وەك پێویست بەڕێوە ناچێت.

---

[1] لە برگەی (٤) لە مادەی (٧١)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە:ڕاپۆرتێکی هاوبەش لەهەردوو لیژنەکەوە بەرز دەکرێتەوە دووای دارشتنی لەلایەن لیژنەی یاساوە ئەویش دوای (١٠) ڕۆژ لەمێژووی هاتنی بۆ هەردوو لیژنەکە، ئەگەر داوایان لێنەکرێ کە بەشێوەیەکی بەپەلە سەیری بکەن، لەوکاتەشدا لەماوەی (٥) ڕۆژدا پێشکەش دەکرێ.

**پانزە**: لیژنەکانی پەرلەمان لەماوەی ئەم خولی گرێدانەدا هیچ بەدواداچوون و کۆبوونەوەیەکی ئەوتۆیان نەکردووەو راپۆرتیان لەسەر پرۆژە یاساکانیش نەنوسیوەو بە ئەرکی خۆیان هەڵنەساون. ئەمەش دەرەنجامی پەککەوتنی پەرلەمانە، چونکە کە پەرلەمان وەك دامەزراوە بوونی نەبێت لیژنەکانیش ئۆتۆماتیکی بونیان نابێت.

**شانزە**: جێبەجێ نەکردنی یاساو بڕیار و راسپاردەکانی پەرلەمان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە.

**حەڤدە**: پێشێلی یاسا کراوەو رێگری و سوکایەتی و هێرش کراوەتە سەر پەرلەمانتاران، لەوانە رۆژی (٢٠١٧/٨/٢٠) لە شەقلاوە سوکایەتی بە پەرلەمانتار (د.بەهار مەحمود) کراو هەر رۆژی (٢٠١٧/٨/٢٠) پەرلەمانتار (فەرهاد سەنگاوی) لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لە شاری سلێمانی رفێنراو سوکایەتی پێ کراو ئەشکەنجە درا. لە رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٩ لەنێو حەرەمی پەرلەمان پەلاماری پەرلەمانتار رابوون مەعروف دراو سوکایەتی پێ کراو ئەشکەنجە درا.

# راسپاردەکان

١-پێویستە هەڵبژاردن لە کات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت و بۆ رای خەلك بگەڕێنەوەو پەرلەمانێکی نوێ هەڵبژێرن و حکومەتێکی تازە پێك بهێنن.

٢-پێویستە پەرلەمان وادەی تەواو بوونی پەرلەمان بە مێژووی رۆژ دیاری بکات نەك بە وەرزی گرێدانی خول چونکە ئەمە ئیجتیهادی جیاجیای لەسەرە، و بەهەماهەنگی لەگەل حکومەت و کۆمسیۆن رۆژی هەلبژاردن دیاری بکەن.

٣-ئەو پێشێلکاریانەی لەپەیرەودا کراوە رابگیرێن و دووبارە نەکرێنەوەو پەیرەو جێبەجێ بکرێت.

٤-کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە کراوەیی بن و لە کەنالەکانی راگەیاندنەوە پەخش بکرێن بۆ ئەوەی خەڵك ئاگاداری ئەدای نوێنەرەکانیان بن.

٥-پەرلەمان حکومەت ناچار بکات شەفاف بێت لە بواری داهات و بودجەو فرۆشتنی نەوتدا.

٦-پەرلەمان کۆمسیۆن ناچار بکات تۆماری دەنگدەران پاك بکەنەوەو لایەن و وەزارەتە پەیوەندارەکانیش مولزەم بکەن کە هاوکاریان بن.

٧-پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان هەم لە پاشکۆیەتی ئەجێندای ناراستی حزبەکانیان و هەم سیاسەتی شکستخواردووی حکومەت دوور بکەونەوەو بە ئەرکی چاودێریی خۆیان هەلبستن.

## پاشکۆ (١)

## پوختەی کاری پەرلەمان لە لە سەرەتای دەست بەکار بوونیەوە تا ئێستا

( ٢٠١٧/١١/١٥-٢٠١٣/١١/٦ )

| ژ | ناونیشان | ژمارە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی دانیشتنەکانی پەرلەمان | ٧٦ |
| ٢ | ژمارەی برگەی کار | ٢١٩ |
| ٣ | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێکراو | ١٣٦ |
| ٤ | ژمارەی برگەی کار/ جێبەجێ نەکراو | ٨٣ |
| ٥ | ژمارەی پرۆژە یاسا کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لەسەرەتای دەستبەکار بوونی پەرلەمانەوە | ١٦٢ |
| ٦ | ژمارەی یاسای پەسەند کراو | 02 |
| ٧ | ژمارەی بریاری پەسەند کراو | ٧ |
| ٨ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکراون لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبن | ٣٢ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای ئەندامان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ١٣ |
| ١٠ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران کە لەلایەن ئەندامانەوە داواکرابوون بۆ هۆلی پەرلەمان، بەلاّم ئامادە نەبوون | ١٩ |
| ١١ | ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان لە هۆلی پەرلەمان ئامادەبوون | ٢ |
| ١٢ | ژمارەی لێپرسینەوە (استجواب) ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران | ٠ |
| ١٣ | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنەکان | ٤١٥ |
| ١٤ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا نوسراوە لەسەرەتای دەست بەکار بوونی پەرلەمانەوە تا ئێستا | ١٢٣ |
| ١٥ | ژمارەی راپۆرتی لیژنەکان لەسەر پرۆژە یاسا کە نەنوسراوە | ٢٦٠ |
| ١٦ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە ئاراستەی حکومەت کراوە | ٤٤٣ |
| ١٧ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاّمدراوەتەوە | ٣١١ |
| ١٨ | ژمارەی پرسیاری ئەندامان کە وەلاّم نەدراوەتەوە | ١٣٢ |
| ١٩ | ژمارەی ئامادە نەبوانی ئەندامان لە کۆبوونەوەکان (لە کۆبوونەوەکانی ئەم دووایییانەدا رێژەی غیاباتی ئەندامانمان دەست نەکەوتووە بۆیە هەر ژمارە کۆنەکەیە) | ٩٧٠ |

## پاشکۆی (٢)

## راسپاردەکانی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم

**یەکەم**: پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی رادەسپێرێت کەڕۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠١٧/٠٩/٢٥) لەهەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، راپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات.

**دووەم**: پەرلەمانی کوردستان سەرجەم ئەو رێککارانە پەسەند دەکات کە کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتەبەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم.

**سێیەم**: کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی، سەبارەت بەمیکانیزمە یاساییەکانی بەرێوەبردنی پرۆسەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشت دەبەستێت بەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارەی (١)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو، هەروەها یاسای کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی ژمارەی (٤)ی ساڵی (٢٠١٤)، هەر یاسایەکی دیکەی پەیوەندیدار.

**چوارەم**: پەرلەمانی کوردستان لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرپشك دەکات بۆ گرتنەبەری هەر رێکارو بریارێك بۆ دەستەبەری مافی چارەنووس و تەواوی مافەکانی گەلی کوردستان، بەجۆرێك لەپرسە چارەنووسسازەکاندا بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، کۆمسیۆنی بالآی سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسیش رادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەم لایەنانە.

**پێنجەم و کۆتایی**: ئەو راسپاردانەی لەخاڵەکانی سەرەوەدا هاتوون، تایبەتن بەریفراندۆمی راگەیاندراو لە ٢٠١٧/٠٩/٢٥.

## پاشکۆی (٣)

## دەقی نامەکەی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

سڵاوێکی گەرم

بەپێی فەرمانی هەرێمی (١٢٨) لە ٢٠١٧/٧/١٢ داوامان کردووە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم لە رۆژی (٢٠١٧/١١/١) ئەنجام بدرێت، بەڵام لەبەر هۆکاری سیاسی و ئەمنی و تەکنیکی و نەبوونی کاندید، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و راپرسی ئامادەکارییەکان بۆ هەردوو هەڵبژاردن هەڵپەسێردرا

لە (٢٠١٧/١٠/٢٤) پەرلەمانی کوردستان تەمەنی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی بۆ ماوەی دوو خولی یاسادانان درێژکراوەتەوە.

سەبارەت بەپۆستی سەرۆکایەتی هەرێم لەدوای ٢٠١٧/١١/١ بەردەوام بوونم لەم پۆستە رەتدەکەمەوەو نابێت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەمواربکرێتەوە یان تەمەنی سەرۆکایەتی هەرێم درێژبکرێتەوە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات کۆببنەوە بۆ ئەوەی بۆشایی یاسای لەئەرك و دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دروست نەبێت و ئەم بابەتە چارەسەربکرێت

منیش وەکو مەسعود بارزانی پێشمەرگە، لەناو جەماوەری گەلەکەمان و پێشمەرگە ئازیزەکان لەخەبات و تێکۆشان بۆ بەدیهێنانی مافە رەواکانی گەلەکەمان و پارێزگاریکردن لەدەستکەوتەکانی میللەتەکەمان بەردەوام دەبم

**مەسعود بارزانی**

**٢٠١٧/١٠/٢٨**

## پاشکۆی (٤)

## پەرلەمانی کوردستان وەڵامی بەغدادی دایەوە

بەبەشداری ٦٢ ئەندامی پەرلەمان کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستان تاوەکو کاتژمێر ٣٠:٨ خولەکی ئەمشەو بەردەوام بوو و لەبەرامبەر بڕیارەکانی بەغدا کۆمەڵێك بڕیاری دەرکرد و لەکۆتایشدا داوای گفتوگۆ لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەکان دەکاتەوە و پێشوازی لەهەر دەست پێشخەریەکیش دەکات کە بۆ گفتوگۆی ئاشتیانەپێشکەش دەکرێن

١. پەرلەمانی کوردستان دەستخۆشی و پیرۆزبایی سەرکەوتنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە گەلی کوردستان دەکات، کە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنیدا خواستی خۆی بەجیهان نیشاندا، بە پشتبەستن بە بنەماو یاسا و رێسا نێودەوڵەتییەکان و دەستووری عێراق، هاوکات دەسەڵاتە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان رادەسپێرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی ریفراندۆم کە لە ٢٥-٩-٢٠١٧ ئەنجامدراوە.

٢. پەرلەمانی کوردستان پەسند و پشتگیری دەقی راگەیێندراوی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات، کە لە کۆبوونەوەی ژمارە ٣١ لە رێککەوتی ٢٨-٩-٢٠١٧ وەك بەشێك لە وەڵامی پەرلەمانی کوردستان بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ، جەخت دەکاتەوە لەوەی دەبێت حکومەت کار بە یاسا و بڕیارە بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان بکات.

٣. داوا لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دەکەین رێز لە بڕیاری گەلی کوردستان بگرن، سەبارەت بە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین. پەرلەمانی کوردستان وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکە دڵنیادەکاتەوە کە ریفراندۆمی کوردستانی عێراق بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نییە بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی هیچ وڵاتێك، هەرێم فاکتەری ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە بووە و دەبێت.

٤. یاسا بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەپێی بڕگەی دووەم لە ماددەی ١٢١ لە دەستووری عێراق و بڕیاری ژمارە ١١ی ساڵی ١٩٩٢ی پەرلەمانی کوردستان، بەهیچ شێوەیەك قابیلی جێبەجێکردن نین لە هەرێمی کوردستان، تاوەکو لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری جێبەجێکردنیان بۆ دەردەچێت.

٥. پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵ لە کۆبوونەوەی ژمارە ٢٣ ی رۆژی ٢٧-٩-٢٠١٧ کە تایبەت بوو بە کاردانەوە لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لەنێو هەرێم و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم رەتدەکاتەوە، دووپاتیشی دەکاتەوە کە بڕیارەکە نادەستووری و نایاساییە بە پشتبەستن بەم خاڵانەی خوارەوە.

یەکەم. لە برگەی ١ی بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە، بەتەواوەتی پێچەوانەی سیستەمی فیدراڵی و بنەمای دیموکراسییە کە لە ماددەی ١ی دەستووردا چەسپێندراوە، پێچەوانەی ماددەی ٨ی دەستوورە کە

تێیدا هاتووە (عێراق ڕێز لە پابەندییە نێودەوڵەتییەکانی دەگرێت)، بڕیاری گەلی کوردستان لە ریفراندۆمی ٢٥-٩-٢٠١٧ پاڵپشت بووە بە دەستووری عێراق و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتی ساڵی ١٩٦٦ کە عیراق پەسندی کردوون بە یاسای ژمارە ١٩٣ی ساڵی ١٩٧٠.

دووەم. بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستانی عێراق لە ٢٥-٩-٢٠١٧ پاڵپشت بووە بە ڕێسای مافی چارەی خۆنووسین کە ڕێسایەکی بەرفەرمانە، واتە (ئامیرەیە) لەسەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی بە شێوەیەك کە هیچ دەوڵەتێك بۆی نییە دژی ئەو ڕێسایە بووەستێتەوە، چجای ئەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق مافی چارەی خۆنووسین لەلایەن هاووڵاتیانی کوردستان بە تاوان لەقەڵەم بدات و داوای بەدواداچوونی قەزائی بکات بۆ ئەوانەی لە پرۆسەکەدا بەشداربوونە.

سێیەم: سەبارەت بە پابەندکردنی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بۆ بڵاوەپێکردنی هێزە فیدراڵییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێچەوانەی برگەی یەکە لە ماددەی ٩ی دەستوور کە ناکرێت هێزە چەکدارەکانی عێراق و هێزەکانی ئاسایش دژی پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان بەکاربهێندرێن، ئەمە جگە لەوەی ماددەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، مافی یەکلاکردنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی بە دانیشتووانی ئەو ناوچانە داوە لەڕێگەی راپرسییەوە، نەك فەرمانکردن بە بەکارهێنانی هێز بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانە. وە فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان سەرپشك دەکەین بۆ گرتنەبەری هەر ڕێکارێکی پێویست بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لەو ناوچانە و بەرقەراربوونی ئارامی تێیاندا.

چوارەم: بڕیارە وزارییەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی عێراقی فیدراڵ کە لە برگەی ٣ی بڕیارەکەی ئەنجوومەنی نوێنەران ئاماژی پێدراوە، هیچ پابەندییەکیان نییە لەسەر کوردستانی عێراق و لە دەرەوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵە، لەهەمانکاتیشدا هەرێمی کوردستان بەپێی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ خاوەنی ئەنجوومەنی ئاسایشی خۆیەتی.

پێنجەم: بڕیاری داخستنی دەروازە سنوورییەکان لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵ نییە و بەهیچ جۆرێك لە ماددەی ١١٠ ی دەستووردا ئاماژی پێنەدراوە، بەپێی ماددە ١١٥ لە دەستوور هەر بابەتێك کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتە تایبەتییەکانی حکومەتی فیدراڵ نەهاتبێت دەسەڵاتی هەرێمەکانە.

شەشەم: سەبارەت بە کێڵگە نەوتییەکان کە دەکەونە چوارچێوەی سیاسەتی نەوت و گاز ئەویش لە ماددەی ١١٠ی دەستووری عێراقی فیدراڵدا نەهاتووە، بەڵکو لەچوارچێوەی ماددە ١١٢ چارەسەرکراوە، بۆیە ئەمەش دەسەڵاتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵ نییە.

حەوتەم: سەبارەت بە داخستنی نوێنەرایەتی و نووسینگە نێودەوڵەتییەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەو مافە مافێکی دەستووری و یاسایی بەدەستهاتووە بۆ هەرێمی کوردستان و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتی

کردنەوەی ئەو نوێنەرایەتی و نووسینگە نێودەوڵەتیانە، بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستان کەموکورِی هەبووبێت لە پێوەر و رێنماییەکانی کارکردنی ئەو نوێنەرایەتی و نووسینگانە، بە نارِەواییکردن لە بەکارهێنانی دەسەڵاتدا هەژماردەکرێت، سەرەرِای ئەوەی ئەم بابەتە دەکەوێتە چوارچێوەی یاسای گشتیی نێودەوڵەتی و بەپێی رێککەوتننامەی ڤیەننا بۆ پەیوەندییە دیپلۆماسی و کونسولگەرییەکانی ساڵی ١٩٦٣ کاری کونسوڵ و دیپلۆماتکاران رێکخراوە.

٦. پەرلەمانی کوردستان تێکرِای ئەو برِیارانەی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و راپەرِاندن و دادوەری عێراقی فیدراڵ رەتدەکاتەوە، کە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆم دراون.

لە کۆتاییدا پەرلەمانی کوردستان لە روانگەی باوەرِبوونی بە پرەنسیپی ئاشتەوایی نێوان گەلان دراوسێیەتی باش جەخت لە رێگاچارەسەری ئاشتیانە بۆ سەرجەم کێشەکان دەکاتەوە و لەوپێناوەش لایەنە پەیوەندیدارەکان سەرپشك دەکات بۆ دەستپێکردنی گفوگۆی بنیاتنەرانە، هاوکات پەرلەمانی کوردستان داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و لە دۆستانی گەلەکەمان دەکات کە بە نیگەرانییەوە لە برِیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ برِوانن و هەڵوێستیان هەبێت بۆ رووبەرِووبوونەوەیان، چونکە لە روانگەی پەرلەمانی کوردستانەوە ئەو برِیارانە سزادانی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانن و دژی گەلی کوردستانن بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، هەروەها پەرلەمانی کوردستان دەستپێشخەرییەکەی مەرجەعی باڵای شیعە بەرِێز ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەکان بەرزدەنرخێنێت و پێشوازی لە هەر هەوڵێکی نێودەوڵەتی یان کەسی دەکات بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن و گفتوگۆ.

## پاشکۆی (٥)

# ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان

ئەمڕۆ گەلی کوردستان بە بارودۆخیکی هەستیاردا تێدەپەڕێت لە ئەنجامی سیاسەتی هەڵە و حزبییانەی بەرتەسکی پارتی و یەکێتی و هاوکارەکانیان لە پرسی ریفراندۆم و پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغداد دا. ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئیدانەی توندی پەلامار و هێرشی سەربازی دەکەین بۆ سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان و بە هیچ شێوەیەك پاساوی ئەنجامدانی ریفراندۆم نابێت بکرێتە بنەما بۆ پێشێلکاری بەرامبەر مافە نەوتەوەیی و نیشتمانیەکانی گەلی کوردستان. بۆ ئەم مەبەستە پێداگیری دەکەین کە مافە بنەڕەتیە دەستوریەکان بەهیچ پاساوێك قابیلی سازشلێکردن نین. لەپێناو چەسپاندنی مافە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکێشەلەسەرەکاندا پێویستە حکومەتێکی کاتی ئەو بەرپرسیارێتییە لەئەستۆبگرێت.

ئێمە درێژەدان و بەردەوامیدان بەم ڕەوشە نایاساییەی هەرێمی کوردستان ڕەتدەکەینەوە و پێویستە حکومەتیکی کاتی بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشە و ئالنگارییەکانی ئەم قۆناغە و ئامادەسازی ڕاستەقینە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەسەر بنچینەی ستاندارده دیموکراتیە نێو دەوڵەتیەکان پێکبهێنرێت.

هاونیشتمانیانی خۆشەویست

لەم بارودۆخە ناهەموارەدا لە بری دانان بە سیاسەتی هەڵە و فەرمانڕەوایی خراپیاندا، جارێکی تر پەرلەمانیان کۆکردەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەجێندایەکی حزبی، ئەگەر دوێنێ بەهۆی بڕیاری سەرەڕۆییانەی کەسی و حزبیەوە گەل و نیشتمانەکەمانیان خستە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورەوە، ئەمڕۆش لەهەنگاوێکی نادیموکراتیدا، کودەتایەکی دیکە بەسەر شەرعیەتدا ئەنجامدەدەن و ماوەی پەرلەمان درێژ دەکەنەوە.

ئێمە وەك فراکسیۆنی گۆڕان درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان و دامەزراوەکان بۆ بەرژەوەندی حزبی و کەسی ڕەتدەکەینەوە. ئەم هەوڵە قۆستنەوەی نەبونی دەستورە و پێشێلکردنی پرەنسیپی یاسایە لە پێناوی پاراستنی ماف دا و خۆحەشاردانە لە پشتی یاساوە، چونکە ئەم جۆرە درێژکردنەوانە پێشێلکردنی زەقی مافی دەنگدەرە هەروەك لە درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمان بەچەند یاسایەك لە خولەکانی ڕابردوودا و درێژکرنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی هەرێم بەیاسای ژمارە نۆزدەی ساڵی ٢٠١٣ ئەنجام دراوە. ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان ڕایدەگەیەنین، ئەم ڕەوشە هەستیارەی ئێستا نەك هەر پاساونیە بۆ بەردەوامیدان بە دۆخی نایاسایی و پڕ لە پێشێلکاری مافەکان لە هەرێم، تەواو بە پێچەوانەوە، بە کاتی بەخۆداچونەوە و دورکەوتنەوە و دەست لەکار کێشانەوەی هەموو ئەوانەی دەزانین کە بە هۆی هەڵپەی دەسەڵاتخوازییانەوە کوردستانیان بەم بارودۆخە گەیاندوەو پێویستە لە هەڵبژاردنێکی بێگەرد دا بەر سزای میللەت بکەون.

هەمو ئەوانەی ئەمڕۆ دەنگیانـدەدەن بـۆ درێژکردنـەوەی مـاوەی پەرلـەمان دیسـان بەشـداریئەکەنەوە لـە جوڵەیەکی زیانبەخش بۆ ئەزمونەکەمان و بازدانێکی ترە بەسەر شـەرعیەتی دیموکراتییانـەی پەرلـەمان و مـافی دەنگدەرانی کوردستان.

هەموو ئەزانین لەم کاتەدا هەڵبژاردنەکان ئەنجامنادرێن، بـەڵام پێویسـتە کۆمـەڵانی خـەڵك ئاگـادارین ئـەوە پـارتی و یـەکێتی و هاوکارەکـانی ئـەمڕۆیانن لـەم دانیشـتنەی پەرلـەمان دۆخێکـی وەهایـان دروسـتکرد کـە نەتوانرێت هەڵبژاردنەکانی تێدا ئەنجامبدرێت. ئەگەرنا بەرنامەی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان هـەمان بەرنامـەی پێش ڕووداوەکانی کەرکوك و دووز و ناوچەکانی دیکەیە.

ئەوەی ئێستا لەپەرلەمان دەگوزەرێت ئەو راستییەی سەلماند کـە ئێمـە لـە پـازدەی نـۆ رامانگەیانـد، ئـەم جۆرە کاراکردنەوەیـە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـە و بـژێوی خـەڵك نییـە و تـەنیا هەوڵێکـە بـۆ رەوایەتیـدان بـە ئەجێندا و بەرژەوەندییە حزبییەکان.

ئێمـە لـە فراکسـیۆنی گـۆڕان ئیدانـەی ئـەو کـارە نایاسـاییە دەکـەین و بـەڵێن بـە خـەڵکی کورسـتان و دەنگدەرانمان دەدەین وەك هەمیشە پارێزەرێکی ڕاستەقینەی ماف و داواکاریەکانتان دەبین.

**فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان**

## پاشکۆی ( ٦ )

### ڕاگەیاندنی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی

هاولاتیانی خۆشەویستی کوردستان...

ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە شانمان دایە ژێر بەرپرسیاریەتی کاراکردنەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەبوو ئەم پەرلەمانە لە پرسە چارەنوسسازەکان رۆڵی یەکلاکەروە ببینێت بۆ ئەوەی لێرەوە بژێوی و ژیانی هاولاتیان چاکبکرێت و کۆتایی بە سیستمی نا ڕەوای پاشەکەوتی موچە بهێنرێت بۆ ئەوە بوو ئەو پەرلەمانە لەسەر کارەسات و ڕووداوەکان بریاری بوێرانەی خۆی بدات، بۆیە لە کاتێکدا بە رێککەوتنی ژێر بەژێری و گوماناوی خاکی کوردستان هەرزان فرۆشکراوەو ناپاکی و خیانەت لە خوێنی ٢ هەزار شەهید و خەباتی نەتەوەیەك کراوە، شکۆی گەلێك شکێنراوە هەزاران پێشمەرگەی گیان فیدا دڵشکاون و سەنگەرەکانی بەرگریان پێ چۆڵکراوە .

لە جیاتی ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لێپرسینەوە بکات لە کەمتەرخەم و سەبەبکارانی ئەم دۆخە پڕ ناسۆر و شلەژاوە و تاساوە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەموو ماڵێکی کوردستان لە هەر چوار پارچە ئازیزەکە و هەموو شوێنێکی تری دونیا خەفت بار و تازیە بار بن .

لە لایەکی تر لە جیاتی فریاکەوتنی ئاوارەو لێقەوماوانی کەرکوك و دووزخورماتوو و ناوچە کوردستانیەکانی تر کە سەرەڕای دەیان شەهید و بریندار لە پێشمەرگە و هاولاتیان و خۆبەخشەکان وە سوتاندنی سەدان ماڵی کورد و ژێر پێ خستنی ئالای پیرۆزی کوردستان لە لایەن ناحەزانی گەلەکەمانەوە نەك پەرلەمان و پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان گفتوگۆ لەم دۆخە مەترسیدارە ناکەن بەڵکو سەرقاڵدەکرێن بە بابەتی دواخستنی هەڵبژاردنەکان لە کاتێکدا کە کۆمسیۆن رایگەیاندوە ئاستنگی یاسایی و ماددی و لۆجستی لە بەردەم پرۆسەکەدا هەیە، بۆیە ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بایکۆتی کۆبونەوەی ئەمرۆی پەرلەمان دەکەین کە پێمان وابوو بابەتی زیندوو و گرنگی ئەمرۆی پەرلەمان دەبوایە گفتوگۆکردن بوایە لەسەر دۆخی شلەژاو و نادیاری هەرێم .

لە کۆتاییدا هاولاتیانی خۆشەویستی کوردستان دەبێ لەو ڕاستیە دڵنیابن کە هەوری ڕەشی نا ئومێدی دەڕەوێتەوە و ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە سەربەخۆیی و ئازادی و دادپەروەری بەرجەستە دەبێت و گەلی ئێمە هەرگیز تەسلیم بە نا ئومێدی نەبووە وە لە لایەکی تر یەکریزی نیشتیمانی بە تاکە زامنی پارستنی دەستکەوتەکانمان دەزانین وە ئەوەی لەدەستمان داوە دەبێ لەسەری راوەستین و پەند و وانەی لێوەرگرین وە ئەوەی کە ماوە رزگاری بکەین .

**فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١٧/١٠/١٨**

## پاشکۆی (٧)

### راگەیاندنی فراکسیۆنی بزوتنەوەی ئیسلامی

کۆبوونەوەی ئەمرۆی سەرۆك فراکسیۆنەکان و لیژنەی یاسایی لەگەل کۆمیسیارانی هەڵبژاردن بەمەستی زەمینەسازی بوو بۆجێبەجێ کردنی ئەجیندای ئەولایەنانەی کە رێککەوتنی دواخستنی هەڵبژاردنەکانیان کردووە،بە پەرلەمانیش جێبەجێی ئەکەن...رای فراکسیونی بزوتنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

ئەگەر کۆمیسیون نەی ئەتوانی لە ١/١١هەلبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجام بدات نەئەبوو هەرلەسەرەتاوە بەفەرمی ئامادەیی خۆیان رابگەیاندایە و ئێستا پاشەکشەیان لێ نەکردبایە لەمێژوی ١/١١ .

دۆخەکەش هەرچۆنێك بێت هەلبژاردن پێویستە ئەنجام بدرێت بەشاری کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی تریشەوە کەگشت پرسی تیاداکراوە،لەوبارەوە پێویستە پەرلەمان ژمارەی نوێنەرانی کەرکوك و ناوچەکانی تردیاری بکات یاخود یاساکە هەمواربکاتەوە..ئەگەرکۆمسیونیش پێویستی بەکاتی زیاترە ئاساییە ٣٠رۆژ تا٤٥رۆژدەرفەتی تریان پێ بدرێت...

نابێت بەهیچ شێوەیەك دۆخی ئاڵۆزی کەرکوك بکرێتە بیانوبۆدواخستنی هەڵبژاردنەکان،چونکە عێراق یەك لەسەرسێی خاکەکەی دەستی بەسەردا گیرابوو بەڵام هەڵبژاردنەکانیان لەکاتی خۆیدا ئەنجام ئەدا..دڵنیاشین ئەگەر درزنەکەوێتە نێوان ئەوهێزانەی پرۆسەی ریفراندۆمیان سەرخست بەتایبەت ئەو لایەنانەی کەهێزیان هەیە(یەکیتی و پارتی) هیچ شتێکی نەخوازراونایەتە پێشەوەوبەسەر هەموپێشهاتە مەترسیدارەکاندا زاڵ ئەبین و خەونی حەشدی تائیفی و دوژمنان و ناخ رەشە هەمە چەشنەکان زیندەبەچاڵ ئەکەین ...

کۆمسیونیش تاوانی هەیە کەبەپێی یاسا لەماوەی دیاری کراودا کارەکانی خۆی ئەنجام نادات و کات بۆلایەنەکان دریژئەکاتەوەوجدی نییە لەسەر جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی یاسای هەڵبژاردن،باشترین نمونە تائێستا تۆماری دەنگدەران خاوین نەکراوەتەوە...

لەبەرئەوە دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆماوەیەکی درێژدۆخەکە ئاڵۆزترئەکات و بۆشاییە یاساییەکان پەرلەمان و حکومەتیش ئەگرێتەوە..و بەهیچ شێوەیەك پشتگیری ناکەین...

**شوان قەڵادزەیی**

## پاشكۆی (٨)
## نامەی دەستلەكاركێشانەوەی سكرتێری پەرلەمان

بە ناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

بۆ/ سەرۆكایەتیی پەرلەمانی كوردستان

بابەت/ دەستلەكاركێشانەوە

بەڕێزان: ئاماژە بە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمانی كوردستان ژمارە (١) ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەمواركراو لە ماددەی (١٣)، لە مێژووی ٢٠١٤/٤/٢٩ بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان متمانەم پێدرا، لەو مێژووە بە دواوە، ئەرك و مافەكانم وەك سكرتێری پەرلەمانی كوردستان كە لە ماددەی (١٩)ی پەیڕەودا هاتوون، هەروەها ئەركە هاوبەشەكانیشم كە لە ماددەكانی (٢٠ و ٢١)دا هاتوون، بە باشترین شێوە ئەنجام داوە، هەموو ئەمانەم بە هاوكاریی بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆكی پەرلەمان و بە هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆكی فراكسیۆنەكان ئەنجام داون، تاوەكو ئەم دامەزراوەیە هەمیشە مەرجەعی یاسایی و سیاسیی پرسە چارەنووسسازەكان بێت و، پەرلەمان وەك دەسەڵاتی یاسادانان هاوشانی هەردوو دەسەڵاتەكەی دیكە، بەهێز و كاریگەر بێت و خزمەتی هاووڵاتیانی كوردستان بكات، ئەم ئەركانەشمان (سوپاس بۆ خوا) جێگای شانازیی خەڵكی كوردستان و پارتە سیاسییەكان بوون و مێژوویەكی پڕ لە سەروەرییمان بۆ خۆمان و قۆناغەكە و كاری پەرلەمانیی تۆمار كردووە، كە پێویستە بەرپرس و هەڵبژێردراوانی خەڵكی كوردستان هەمیشە ڕاستگۆ بن لەگەڵ ئەو متمانەیەی پێیان بەخشراوە لە لایەن دەنگدەرانەوە، هەروەها بەئەمەك بن بەرامبەر ئەو سوێندەی كە بە خوای مەزن خواردوویانە، بۆ دڵسۆزیی و پابەندیی و یاساپارێزیی.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم پاساوەكانی ئەم هەنگاوەم بۆ بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان و ڕای گشتیش بخەمە ڕوو، كە ئەمە كورتەكەیەتی:

١- ئێمە لە ڕابردوودا و لە كاتی كارابوونی پەرلەماندا، ژمارەیەك یاسا و بڕیاری گرنگمان دەرچواند، كە بۆ ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و گوزەران و ئایندەی خەڵك و وڵاتەكەشمان گرنگ و پڕبایەخ بوون. بەڵام بە داخەوە، لە هامان كاتدا ئەوەی لە فیقهی دەستووریدا بە ئەركی ئەم دامەزراوەیە دانراوە و هاوشان و ویلایەتی هەیە بەسەر دەسەڵاتەكانی دیكەدا و پاڵپشت بە پرەنسیپی (سلگە یوقف سلگە)، كە دەتوانێت لادانی دەسەڵاتی جێبەجێكردن نەهێڵێت، ئەم ئەركە جێبەجێ نەكراوە و ئیرادەیەكی بەهێز هەیە لە لایەن پارتە دەسەڵاتدارەكانەوە، بۆ ئەوەی پەرلەمانێكی دەستەمۆمان هەبێت، نەك دەستكراوە و ئازاد.

٢- وەك لە ماددەی (١٢٠)ی دەستووری كۆماری عێراقی فیدراڵدا هاتووە، هەرێمی كوردستان مافی خۆیەتی خاوەنی دەستووری خۆی بێت، ئێمە لەو ڕووەوە هەوڵی زۆرمان دا، بەڵام لەمپەرمان بۆ دروست كرا،

ئەمە دوای ئەوەی (٢٦) ساڵە ئەم هەرێمە ئومێدی گەورەی بۆ بەدەوڵەتبوون و بوون بە خاوەنی ئەم بەڵگەنامە یاساییە گرنگە هەیە، کە تیایدا بە تەواوەتی دەسەڵاتەکان لە یەکتر جیا دەبوونەوە و دادگایەکی دەستووریی دادەمەزرێنرا و شکۆی زیاتر بۆ دامەزراوەکان دروست دەکرا.

٣- هەوڵی زۆرمان دا لەپێناو باشکردنی بارودۆخی ئابووریی و دارایی هاووڵاتیان و بەهێزکردنی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی شەفافیەت و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بەرپاکردنی دادگەریی لە داهات و خەرجییەکاندا، کە هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی یاسای (سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان) خۆیان دەبینییەوە، بەڵام نە سندوقەکە دروستکرا و نە ژێرخان و داهاتی ئابووریی بەهێزیش بۆ هەرێم دروست کرا، بەڵکو لە دەرەوەی یاسا کارپێکراوەکان سیستمی پاشەکەوتی مووچە سەپێنرا و مووچەی هاووڵاتیان کرایە چارەك و ژیان و گوزەرانیان خرانە مەترسییەوە، لەو نێوەندەشدا هیچ حیسابێك بۆ پەرلەمان و یاساکان نەکرا.

٤- کوردستان لە میانەی چەسپاندنی بنەماکانی حوکمی دروست و دەوڵەتدارییدا، پێویستیی زۆری بە (کۆمیسیۆن و دەستە و دەزگا)ی جۆراوجۆر بوو، کە توانیمان ژمارەیەکیان دابمەزرێنین، بەڵام سەرجەمیان خاڵی کرانەوە لە ئەرکە نیشتمانییەکانیان، تەنانەت پرسێکی هەستیاری وەك (ریفراندۆم) کە دەبوو لە پەرلەمانەوە بە یاسا چوارچێوەکەی و تەواوی پرسە پەیوەندیدارەکانی ڕێك بخرێن، هیچ یەك لەوانەی بۆ نەکرا و پێگەی ئەم دامەزراوەیەی بۆ لەبەرچاو نەگیرا و بە سیاسەتێکی نادروست ئاڕاستە کرا، کە تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێت ئایندەی ئەم هەرێمە بەرەو کوێ دەبات.

٥- ئێمە ویستمان پەرلەمان ڕۆڵی چاودێری ڕاستەقینە ببینێت بەسەر کابینەی حکومەتەوە (لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵی ئەم خولەی پەرلەماندا بە ئەندازەی تەواوی خولی سێیەمی پەرلەمان، کە خولێکی چالاك بوون، پرسیار ئاڕاستەی وەزیرەکان کراوە، ئەمەش بە مەبەستی چاودێریی و بەدواداچوونی کاروباری هاووڵاتیان، ئەمە جگە لەو هەموو بانگهێشتە و کۆبوونەوەی لیژنەکان لەگەڵ وەزیرەکان لە باڵەخانەی پەرلەمان و ئامادەبوونی سەرۆکایەتیی حکومەت و چەندین وەزیر لە دانیشتنە ئاساییەکانی پەرلەمان)، بەڵام ئەوان نامۆ بوون بەم جۆرە کار و ڕێکارانە و بەو چاودێرییە کارایەی پەرلەمان، بەوهۆیەشەوە پەرلەمان بە زیادە وەسف کرا و ئەم ڕۆڵەی بە ناکاملیی هێڵدرایەوە. پارتە دەسەڵاتدارەکان نەیانهێشت ئێمە ڕۆڵی خۆمان ببینین و خۆشیان لە کاری خۆیان بەردەوام بوون.

٦- پێویست بوو پەرلەمان و ئەزموونی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکرێنە نموونەی سەرکەوتوو و پێشکەوتووی سەردەمییانە بۆ ئازادییەکان و پێشەنگ بۆ کوردستانییانی پارچەکانی دیکە، بەڵام ئەوە نەکرا. بۆ نموونە ئێمە بڕیاری (ناردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پشتیوانیی کۆبانێ) لە بەرامبەر هێرشە درندانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشمان پەسەند کرد، بەڵام بە داخەوە بۆ نێوخۆ و لەو ڕووەوە

سەرکەوتوو نەبووین، ئێستاش پەیوەندییمان لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هەموو کات لاوازترە و وەکو پێویست نییە.

٧- ئەم خولەی پەرلەمان پاشماوەیەکی خراپی لە خولی پێشوویەوە بۆ بەجێ مابوو، کە دەبوو بە ڕێکاری یاسایی چارەسەری بکەین، ئەویش پرسی سەرۆکایەتیی هەرێم بوو، ئەم پرسە پێویست بوو بەبێ شەخسەنەکردن و لە چوارچێوەی یاسادا یەکلا بکرێتەوە، ئەمە وێڕای ئەو هەموو هەوڵە سیاسییەی کە لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەخەرجمان دا و سەردانی بەرپرسانی یەکەمی پارتە سیاسییەکانمان کرد، بەڵام لە بری یەکلاکردنەوە و چارەسەری یاسایی دروست، پەرلەمان ڕووبەڕووی پەککستن کرایەوە و ئەوەتا بۆ ماوەی نزیکەی دوو ساڵە بە ڕێکاری ئەمنی و سەربازیی، کارەکانی پەکخراون و دامەزراوەکە بە ئەرکی خۆی هەڵنەساوە. ئێستاش کە پەرلەمان ناونیشانی کاراکردنەوەی بۆ بینراوەتەوە، دانیشتنەکانی بەبێ سەرۆکایەتیی ئەنجام دەدرێن، ئەوەش چەندین خروقاتی یاسایی و پێشێلکردنی برگە و ماددەکانی پەیڕەوی تیادایە و وێنەکەی بە ناکاملی هێشتۆتەوە.

٨- ڕاستییەك هەیە کە پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت، ئەویش ئەوەیە کە لە (٥) پۆستە سیادییەکەی پەرلەمان و حکومەت، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بەپێی بەرکەوتەی هەڵبژاردن یەکێك لەو پۆستانەی بەر دەکەوێت و منەتی هیچ لایەنێکیشی لەسەر نییە، بەڵام وا دەردەکەوێت کە ڕێکەوتنی سیاسیی لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئەم مافە زەوت دەکات و هەڵە مێژووییەکان دووبارە دەکاتەوە.

بەو هۆکارانەی سەرەوە و لە سۆنگەی باوەڕی تەواوم بەوەی کە پێویستە ئامانج لە پۆست و پلە و پایە خزمەتکردن و بەجێهێشتنی کاریگەریی ئیجابی بێت لەسەر ژیان و گوزەرانی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستان، هەروەها لە سۆنگەی ئەوەی هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی ڕابردووە لە کارەکانم وەکو سکرتێری پەرلەمانی کوردستان و هەموویان جێگای شانازیین بۆ من، هەروەها لەگەڵ وەفادارییم بۆ ئەو سوێندەی خواردوومە بە خودای مەزن و، ئەوەشی کە خەبات و بەشداریی ئایندە بۆ کاری پەرلەمانی و بەدامەزراوەییکردنی، بە دروست دەزانم، بەڵام لە ئێستادا ئاسۆیەکی ڕوون نابینم تایبەت بە ڕۆڵ و کاریگەریی پەرلەمان، هەربۆیە دەستلەکارکێشانەوەی خۆم لە پۆستی سکرتێرو ئەندامێتی پەرلەمان پێشکەش دەکەم.

لە کۆتاییشدا، ڕێز و حورمەتی خۆم دووپات دەکەمەوە بۆ هەریەك لە بەڕێزان سەرۆك و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و هەموو هاوپیشەکانم و خەڵکی بەشەرەفی کوردستان، خوای گەورە خەڵك و خاکی کوردستان بپارێزێت.

**فەخرەدین قادر**

**سکرتێری پەرلەمانی کوردستان**

## پاشکۆی ( ٩ )

### ڕاگەیەنراوی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان، دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی (کاروباری یاسایی، دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، دەسپاکی، بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر)، سەبارەت بەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسییەی پاشەکەوتی مووچەو چاسەرەکردنی و ئامادەکاری بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان، ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە، کەئەمە دەقەکەیەتی:

ڕاگەیاندنێك لەسەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە

ڕۆژی دووشەممە ٢٠١٧/٩/١٨، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنەکانی ( کاروباری یاسایی، دارایی و ئابووری و وەبەرهێنان، پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، دەسپاکی، بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر).

کۆبوونەوەیەکی راوێژکاری گرنگ بەڕێوەچوو سەبارەت بەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسییەی پاشەکەوتی مووچەو چاسەرەکردنی و ئامادەکاری بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان.

گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ – بانگهێشتی نوێنەرانی حکومەتی هەرێم کەراسپێردراون بۆ بابەتی ( پێداچوونەوە بەسیستەمی مووچەو پاشەکەوت و دەستەبەری شەفافیەت لەداهاتی نەوت و ئامادەکردنی کاندیدانی ئەنجوومەنی سندوقی نەوت و گازییەکان، چاکسازییە کارگێڕی و داراییەکان و سیستەمی بایۆمەتری) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕێککارییانەی کەحکومەتی هەرێم ئەنجامی داون پەیوەست بەم بابەتەی سەرەوە لەکۆبوونەوەیەکی هاوشێوەی ئەمڕۆ بەئامادەبوونی سەرۆکی فراکسیۆنەکان و سەرۆکی لیژنە ئاماژە پێکراوەکان.

٢– دوای لێکگەیشتنمان لەگەڵ حکومەت بڕیاری کاتی دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بەزووترین کات دیاری دەکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا..

**سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

## پاشكۆی ( ١٠ )

پەرلەمانی كوردستان – عێراق

Kurdistan Parliament – Iraq



### ڕاگەیاندراوێك لە سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانەوە

ڕۆژی چوارشەممە بەرواری ٢٠١٧/٩/٢٠، لەسەر داوای پەرلەمانی كوردستان كۆبوونەوەیەكی هاوبەش لە نێوان هەردوو سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێم و فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەكان ئەنجامدرا، بە مەبەستی گفتوگۆكردن لەبارەی ( سیستەمی نوێی مووچە و هەڵوەشاندنەوەی پاشەكەوت و دەستەبەری شەفافیەت لە داهاتی نەوت و ئامادەكردنی كاندیدانی ئەنجومەنی سندوقی داهاتە نەوت و گازییەكان، چاكسازییە كارگێری و داراییەكان و سیستەمی بایۆمەتری).

حكوومەتی هەرێمی كوردستان بۆ هەریەك لەم بوارانە ڕوونكردنەوە و هەنگاوەكانی حكوومەت و ئامادەكارییەكانی بۆ دەربازبوون لە گرفتەكان خستەڕوو.

دوای گفتوگۆیەكی تێر وتەسەل لەلایەن لیژنە پەیوەندیدارەكان و سەرۆك فراكسیۆنەكان، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- كۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێ لە نێوان حكوومەت و لیژنە پەیوەندیدارەكان بە مەبەستی زووتر گەڵاڵەكردنی سیستەمی نوێی مووچە كە حكومەت بنەماكانی دارشتووە.

٢- ئامادەكاری بۆ دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتییەكان و پێشكەشكردنی ناوی كاندیدەكان.

٢- هەماهەنگی تەواو هەبێت لە نێوان حكومەت و پەرلەمان بۆ ئەو پرسانەی باسكران.

٤- دوای تەواو كردنی ئەم ڕێكارانە پەرلەمانی كوردستان دانیشتنێكی تایبەت ئەنجام دەدات بۆ ئەم پرسانە.

## پاشكۆی (١١)

## بەیاننامەی فراكسیۆنی یەكگرتوو لە پەرلەمانی كوردستان

جەماوەری خۆشەویستی كوردستان... دوای دووساڵ لەپەكخستنی پەرلەمانی كوردستان، واجارێكی تر هەوڵەكان بۆ بەگەرخستنەوەی پەرلەمان بەئاكام گەیشت، ئێمە لە فراكسیۆنی یەكگرتوو پێمان وابوو كە پەكخستنی پەرلەمان هەڵەیەكی گەورە و تاوانێكی گەورە بوو بەرامبەر خەلكی كوردستان وپەرلەمانتارانی كوردستان، كەدوو ساڵ پرۆسەی یاسادانان وچاودیری پەكی كەوت، ئێمە ئەمرۆ لەو سۆنگەوە بەشداری كۆبونەوەی پەرلەمان دەكەین كەپەرلەمان موڵكی گەلە و مولكی هیچ لایەنێكی سیاسی نیە، بۆیە لەكاتی پەكخستنیدا بەتوندی ئیدانەمان كرد.

ئێمە لیرەوە ولەناو پەرلەمانەوە خەبات بو خەڵك وماف و داواكاری خەلك دەكەین، بۆ ئەوان دەگەرێینەوە ناو هۆڵ ولیژنەكانی پەرلەمان بەڵین دەدەین وەك فراكسیۆنی یەكگرتوو كار بۆ باشتركردنی بژێوی وسووككردنی ئەركی سەرشانی هاولاتیانی كوردستان و گیرانەوەی مووچە و قوتیان بكەین، هەولی زۆرماندا كە بەگەرخستنەوەی پەرلەمان بەتوافوق و كۆدەنگی نیشتیمانی بێتەدی و ئێستاش پێمان وایە تەوافوق و كۆدەنگی نیشتیمانی باشترین بژاردەیە بۆیە رێزدەگرین لە هاوكار وهاوپیشەكانمان كەلیرە نین دەبێت هەولەكانمان بەردەوام بێت بۆ رازیكردنیان چونكە ئێمە ئەوانیش بەبراو دلسۆزی خۆمان وخەڵك دەزانین، نابێت كۆبونەوەی ئەمرۆ كۆتایی دونیا بێت، دەبێت دەرفەت بۆ لیكگەیشتن بەكراوەیی بهێڵینەوە.

جەماوەر ی كوردستان خەباتی داهاتووی راستەقینەی ئێمە لەسەر قوتی ئێوە و كەرامەتی ئێوە و رونی وشەفافیەتی داهات وسەروەت وسامانی كوردستان دەبێت، بەلێنتان دەدەینێ بەرگری كاری سەرسەختی ماف و خواست وداواكاریەكانتان دەبین، دلنیاتان دەكەینەوە پەرلەمانتارانی فراكسیۆنی یەكگرتوو جگە لەپەرلەمانی كارا و خاوەن بریار بەچیدی رازی نابێت، وهەڵوێستی راشكاوانە وجددیمان دەبێت كاتێ خواستی ئێوە نەیەتەدی و كۆسپ ولەمپەری بۆدروست بكرێت، پەرلەمان مەیدانی خەباتی مەدەنی وبەرجەستەكردنی ئیرادەی گەلە ئێمە لەئیوەین وبەدەنگی ئێوە هاتوین، پشت بەخوا ئەو متمانە نا دۆڕێنین.

لێرەوە رایدەگەیەنین كە لەگەڵ زۆرینەی حزب ولایەنە سەرەكیەكانی كوردستانی باشوور و وفراكسیونەكانی پەرلەمانی كوردستان پیكهاتووین وبریارمان داوە كەنەخشە ریگەی داهاتوومان خەباتی بێ وچان بیت لەپیناوی ئەم رەهەندە حوكمرانی وژیاریانەدا:

یەكەم: كاراكردنەوە وئاسایی كردنەوەی پەرلەمانی كوردستان بە دەسەلاتی راستەقینەیەوە.

دووەم:پشتیوانی لە ریفراندۆمی گەلی كوردستان بە ناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستانەوە بەرەو سەربەخۆیی و زەمینەسازی یاسایی و سیاسی و كۆمەلایەتی بۆ سەركەوتنی پرۆسەكە لە

ڕووی یاسایی پەرلەمانی کوردستان چاودێری پرۆسەکە بکات و دڵی هاوڵاتیان خۆش بکرێت بە باشتر کردنی موچەو دروستکردنی کۆدەنگی نیشتیمانی .

سێیەم: کوتایی هینان بە پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران و جیگیرکردنی سیستمیکی هاوسەنگ بۆ موچە.

چوارەم: دامەزراندنی سندوقی کوردستان بوداهاتە نەوتی و گازیەکان کەئەرکی ووردبینی وکونترولٚ وئاراستەکردنی داهاتی نەوت وگازی هەریم بەرەو بوژانەوەی ئابووری وشەفافیەت ولیپرسینەوە بگریتە ئەستو.

پێنجەم: بریاردان لەسەر سەربەخۆیی تەواوی دەسەلاٚتی دادەوەری .

شەشەم: جیبەجیکردنی بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی هەژاری وبێکاری.

حەوتەم: کاراکردنی دەسەلاٚتی نەزاهە و بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی .

هەشتەم: هەمواری یاسای هەڵبژاردن وپاراستنی ماف ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی نوینەرانیان لە پەرلەمانی کوردستان.

نۆیەم: لیژنەی ئامادەکردنی دستوری کوردستان متمانەی پیٚ ببخشرێتەوە بۆ ئامادەکردنی دەستوری کوردستان.

دەیەم: هەموارکردنی یاسای سە روکایەتی هەریم ژمارە (١) ی سالی ٢٠٠٥.

سەبارەت بەو ڕێکارو بریارانەی لە ڕۆژانی ڕابردوو کە لەبەغدا گیرانە بەرە بەرامبەر بە کوردستان بە نەفەسی سیاسی ئاراستە کراون بۆیە ئێمە داواکارین کە دەرگای دایەلۆگ و گفتوگۆ لە نێوان دەسەلاٚتەکانی هەرێمی کوردستان و بەغداو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی کراوەبێت بۆ لە یەکگەیشتن و چارەسەر و، داواکارین هەموو لایەك بەرپرسیارانە مامەڵە بکەن .

لە کوتاییدا رایدەگەیەنین کە گشت ئەو رەهەندە ستراتیجانەی سەرەوە هیچ بەرژەوەندیەکی تایبەتی حیزبی بۆ یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان تیدا نییە جگەلە رەزامەندی خوا و بە جیهینانی ئە رکی نیشتیمانی.

**فراکسیۆنی یەکگرتوو**

**لە پەرلەمانی کوردستان**

**١٥ ئەیلولی ٢٠١٧**

## پاشکۆی (١٢)

## ڕاگەیەنراوی فراکسیونی بزوتنەوەی ئیسلامی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

جەماوەری کوردستان، دلسۆزانی گەل و نیشتمان

ئیمە هەرلەسەرەتاوە بۆکۆتایی هێنان بەسەرجەم کێشە و قەیرانەکانی کوردستان لەگەلّ ئەوەبووین بە کۆدەنگی نیشتمانی پەرلەمان کاراو ئاسایی بکرێتەوە و لەوبارەوە پرس و ڕاوێژ بەهەموو فراکسیونەکان بکرێت و بەرنامەی کاربەشێوەی یاسایی و ڕێکاری خۆی دابندرێت،بەلاّم بەداخەوە لەوبارەوە هیچ پرس و ڕاوێژێکمان پیّ نەکراوە و بەرنامەی کارکە تەنها لەلایەن دوفراکسیونەوە دانراوە لەمیدیاکانەوە بینیومانە.

بەرای فراکسیونی بزوتنەوەی ئیسلامی کەهەرلەسەرەتاوە داکۆکی لیّ کردووە و پرۆژە بڕیاریشی بۆئامادە کردووە و ئێستاش تەئکیدی لیّ ئەکەینەوە پێمان وایە بۆگەڕانەوەی متمانەوئاشتبوونەوەی فەرمانبەران و هاونیشتمانیانی کوردستان پێویست بوو یەکەم خالّی بەرنامەی کاری ئەمڕۆی پەرلەمان هەلّوەشاندنەوەی بڕیاری ٦٤ی پاشەکەوتی ئەنجومەنی وەزیران بێت کەلەدەرەوەی پەرلەمان وبەنایاسایی سەپێندراوە بەسەرفەرمانبەران و خەلکی بەشمەینەتی کوردستانداکەبەداخەوە لەدورو نزیك لەبەرنامەی کارئامادەی پیّ نەکراوە،وەهیچ گرەنتی وزەمانەتێکیش نییە لەداهاتوودا بخرێتە بەرنامە وەو کاری جدی لەسەربکرێت و هاولاّتیانی کوردستان لە سیاسەتی سك هەلّلوشین وبرسی کردن ڕزگاربکرێن..

بۆبابەتی سەربەخۆیی کوردستان رای بزوتنەوەی ئیسلامی و فراکسیۆنەکەی وەکو رۆژی ڕون دیارو ئاشکرایەو دورلەهەرئەجینداییەکی حزبی و ناوچەیی پشتیوانی ئەکەین و لەوپێناوەدا قوربانیمان داوەولەئێستاشدا ئامادەی قوربانی دانین.بەلاّم بەدلّنیایی سەرکەوتنی ئەم پرسە گرنگە پێویستی بەکۆدەنگی نیشتمانی هەیە، هەروەکو چۆن نەرمی نوواندن بۆمەکگۆرك و باوەڕبوون بەبەلّێنەکانی زیندە بەچالّ کردنی سەربەخۆییە بەهەمان شێوە سیاسەتی قرتاندن و پەڕاوێزخستن هەلّەی کوشندە ن و لەبەرژەوەندی پرۆژەی سەربەخۆیی کوردستان نییە.

## پاشکۆی (١٣)

## خوێندنەوەیەکی یاسایی و سیاسی بۆ هەوڵەکانی پشت دانیشتنی پەرلەمان

لە ئەنجامی ئەو کێشەو گرفتە کەڵەکەبووانەی هەبوون لە هەرێمدا، ئەقلیەتی سیاسیی بالا دەست لە هەرێمی کوردستان کە نەیتوانی چارەسەریان بکات و دەرچەیەکیان بۆ بدۆزێتەوە، بۆ خۆدەربازکردن هانایان بۆ داخستنی پەرلەمان برد و ئەوەبوو لە ٢٠١٥/١٠/١٢ دا رێگریان لە سەرۆکی پەرلەمان کرد و پەرلەمانیان لەکار خست.

دووای ساڵێك و یانزە مانگ لە کلۆم کردنی دەرگەی هۆڵی کۆبوونەوەکانی، رۆژی ٢٠١٥/٩/١٥ پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی نائاسایی خۆی ئەنجامدا، کە بەداخەوە کۆبوونەوەکە پڕ بوو لە کەموکوڕی و پێشێلی پەیرەوی ناوخۆ کە دواتر باسی دەکەین.

### یەکەم: پرسی را پرسی و پەرلەمان:

سەربەخۆیی مافی رەوای هەر نەتەوەیەکەو کوردیش هیچی لەو سەدان نەتەوەیەی سەر رووی زەمین کەمتر نیە کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیانن، بۆ ئەم مەبەستەش قوربانی زۆری داوە، یەکێك لە شێواز و رێگەکانی گەیشتن بەم ئامانجەش راپرسییە، کە کۆدەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەرە و بە دیموکراسی ترین رێگەی دیاریکردنی چارەی خۆنوسین دادەنرێت، ئەمە جگە لە چەندین پەیماننامەو رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی کە بەمافی میللەتانی دەزانن لەدیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا. بەلام ئەم پرسە گرنگەش لە هەرێمی کوردستان بوو بە مایەی ململانێ نەك کۆکردنەوەی بیروڕا جیاوازەکانی نەتەوەیەکی پەرشوبلاو.

لە رۆژی (٢٠١٧/٦/٧) مەسعود بارزانی بەناوی سەرۆکی هەرێمەوە کۆبوونەوەیەکی بە حزبە کوردستانیەکان کرد (کە تەنها بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵی ئیسلامی ئامادەی نەبوون)، تیایدا بڕیار درا راپرسی ئەنجام بدرێت. هەروەها مەرسومێکی ئاراستەی کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەلبژاردن و راپرسی کرد بەمەبەستی ئەنجامدانی راپرسیەکە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم و رۆژی (٢٠١٧/٩/٢٥)ی دەستنیشان کردبوو، لە (٢٠١٧/٨/١٤) کۆمسیۆن وەلامی مەرسومەکەی دایەوە بەوەی کە ئامادەن ئەنجامی بدەن. کۆمسیۆن بۆ ئەم مەبەستە پەیرەوەکانی پرۆسەکەی دەرکرد و چەند بنکەیەکی بەمەبەستی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران بۆ ماوەی هەفتەیەك کردەوە و کەوتە ئامادە کاری (هەرچەندە لەزۆربەی بەرێوەچوونی رێکارەکاندا بەهۆی نەبوونی کاتەوە پێشێلکاری یاسایی کراوە)، بەپێی رێکارەکان لە رۆژی (٢٠١٧/٩/٥) بانگەشەی راپرسی دەستی پێ کرد. تا ئەو کاتە کە بڕیارە ئەم پرۆسە گرنگ و چارەنوسسازە ئەنجام بدرێت نە یاساو بڕیارێکی پەرلەمان هەبوو و نە لەرووی یاساییەوە شەرعیەتێك بە بەرێوەچوونی پرۆسەکە دراو نە پەرلەمانیش هیچ کۆبوونەوەیەکی کرد. ئەنجام بۆ ئەوەی شەرعیەتێك بە پرۆسەکە بدەن، ئەو حزبانەی لە ئەنجومەنی بالای راپرسیدا بوون (بەتایبەتی پارتی و یەکێتی) کەوتنە هەوڵی چڕ و پڕ بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی پەرلەمان، تا شەرعیەتێك بە پرۆسەکە بدەن، ئەمە لەکاتێکدا کە بەرێز بارزانی ئەو مەرسوم و بڕیارانەی دەری

دەکرد و کاری پێ دەکراو هەموو لایەنە بەشداربووەکانیش پێیان وابوو یاساییە. دوای ئەم هەموو هەولانە لە رۆژی (٢٠١٧/٩/١٥) پەرلەمان کۆبوویەوەو راسپاردەیەکی (٥) خالیی سەبارەت بە راپرسی پەسەند کرد، لە خالی یەکەمیدا هاتووە: " پەرلەمانی کوردستان کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی رادەسپێرێت کەرۆژی دووشەممە رێکەوتی (٢٠١٧/٠٩/٢٥) لەهەرێمی کوردستان و سەرجەم ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، راپرسی بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان ئەنجام بدات". ئەمە وەك ئەوەی کۆمسیۆن تا ئێستا هیچی نەکردبێت و چاوەڕێی ئەوە بێت پەرلەمان بڕیاری بۆ دەبکات تا دەسبەکار بێت!

هەروەها لە خالی دووەمیدا هاتووە: " پەرلەمانی کوردستان سەرجەم ئەو رێکارانە پەسەند دەکات کە کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردن و راپرسی و گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان گرتوویانەتەبەر بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم". ئەمەشیان کاتێکە پەرلەمان پەسەندی دەکات کە کۆمسیۆن و لایەنە پەیوەندارەکان دەمێکە رێکارەکانیان گرتۆتە بەر، کەچی پەرلەمان تازە پەسەندی دەکات! خودی ئەو کۆبوونەوە نائاسایی و نایاساییەی پەرلەمان کردی ئەوە دەسەلمێنێ کە هەموو هەنگاوەکانی نرابوون نایاسایی بوون، هەر بۆیە بەپەلەپروزێ کۆبوونەوەکەی پەرلەمانیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی بەرگێکی یاسایی لەبەر ئەم بڕیارە نایاساییە بکەن. جگە لەوەی کۆبوونەوەکە سەلمێنەری ئەوە بوو، هەنگاوی دووەمیش ئەوەیە ئەگەر بیانەوێت ریاپرسی دوابخەن لە رێگەی پەرلەمانەوە بڕیاری لێ بدەن.

**دووەم: پرۆسەی هەلبژاردن و پەرلەمان:**

لە رووی یاساییەوە رۆژی (٢٠١٧/١١/٦) تەمەنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان کۆتایی دێت، بۆیە پێویست بوو بەپێی یاسا رۆژی (٢٠١٧/٩/٦) واتە دوو مانگ بەر لە تەواو بوونی هەلبژاردن ئەنجام بدرێتەوە، بەلام ئەوە بوو هەریەك لە بەرێزان مەسعود بارزانی بەناوی سەرۆکایەتی هەرێم و (د.یوسف محمد) سەرۆکی پەرلەمان لە دوو نوسراوی جیادا داوایان لە کۆمسیۆن کرد رۆژی هەلبژاردن دەستنیشان بکرێت. ئەوە بوو دواتر هەر بەرێز بارزانی لە (٢٠١٧/٧/١٩)بە نوسراوێك بۆ کۆمسیۆن رۆژی (٢٠١٧/١١/١)ی دەستنیشان کرد و کۆمسیۆنیش لە رۆژی (٢٠١٧/٨/١٤) وەلامی دایەوەو ئامادەیی دەر بڕی کە هەلبژاردنەکە ئەنجام بدەن. سەرباری تێبینی یاسایی و هونەری و کارگێڕی لەسەر کۆمسیۆن و نەبوونی کاتی پێویست، بڕیارەکە لەشوێنی خۆیدا بوو، بۆیە دەبوایە حزبە سیاسیەکان لەبری ئەوەی بەم جۆرە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەست پێ بکەنەوە، کاریان بۆ هەلبژاردن بکردایە کە ئێستا (٤٥) رۆژی ماوە. بەپێی یاسا دەبوایە ئێستا هەموو ئامادەکارییەکان بۆ هەلبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان تەواو بوونایە و دووای دوو هەفتەی تر بانگەشەی هەلبژاردن دەستی پێ بکردایە، بەلام هەموو ئاماژەکان پێمان دەلێن کاتێك پەرلەمانێکی نوێی دیموکراسی لە (٤٥) رۆژدا هەڵبژێردرێ، لەکاتێکدا پەرلەمانێك تەمەنی تەنها یەك مانگ ماوەو بەدەست گرفتە یاسایی و سیاسیەکانیەوە دەنالێنێ، کەچی ئەو پەرلەمانەی تەمەنی یەك مانگ ماوە (کارای دەکەنەوە)، ئەوە سەلمێنەری ئەوەیە کە نایانەوێ پەرلەمانێکی نوێی کارای بێ کێشەی یاسایی و سیاسی بێتە ئاراوە، بەلکو دەیانەوێت تەمەنی ئەم پەرلەمانەی ئێستا درێژ بکەنەوە بەهەموو کەموکورییەکانیەوە.

## سێیەم: پرسی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان:

وەك ئەوەی لەخاڵی پێشوو دەرکەوت مەبەست درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانە، بۆیە هاوزەمان لەپاڵ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا تەمەنی سەرۆکی هەرێمیش درێژ دەکرێتەوە، چونکە بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی شورا " مەسعود بارزانی بەتەواوی دەسەڵاتەکانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان تا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتوو لە پۆستەکەیدا دەمێنێتەوە"، کەواتە کە نایانەوێ هەڵبژاردن بکەن ئۆتۆماتیکی تەمەنی سەرۆکی هەرێم لەپۆستەکەیدا بەردەوام دەبێ، نازانرێ هەلبژاردنی داهاتوش کەی دەبێ. ئەمەش بەرای ئێمە خۆ دزینەوەیە لە کێشەی سەرەکی و گەڕانەوەیە بۆ چوارگۆشەی یەکەم. چونکە بەڕێز بارزانی لە (٢٠٠٩/٧/٢٥) هەلبژێردراوە، بەلام بەر لە تەواو بوونی لە (٢٠١٣/٦/٣٠) دا لەلایەن پەرلەمانەوە بەپێی یاسای ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠١٣ ماوەی دوو ساڵ تەمەنی درێژ کرایەوە تا (٢٠١٥/٨/١٩)، کە بەپێی یاساکە جارێکی تر یارای درێژکردنەوەی نەبوو. بەلام دیسانەوە لە ئابی ٢٠١٥ دا بە بڕیارێکی ئەنجومەنی شورا (کە فەرمانگەیەکە سەر بە وەزارەتی دادە لە حکومەتی هەرێم) لەسەرووی پەرلەمانەوە لێی روانراو دوو ساڵی تری بۆ درێژ کرایەوە، ئێستاش کە پێویستە هەلبژاردن بۆ سەرۆکی هەرێم ئەنجام بدرێت کەچی ئاماژەکان پێمان دەلێن ئەمجارە لەژێر پەردەی درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ خولێکی تریش و بۆ جاری سێیەم ماوەی ویلایەتەکەی درێژ دەکرێتەوە. کەواتە ئەگەر لەرابردوودا پەرلەمان و ئەنجومەنی شورا تەمەنی سەرۆکی هەرێمیان درێژکردبێتەوە، ئەمجارە لەژێر پەردەی تەمەنی پەرلەماندا درێژ دەکرێتەوە. ئەمەش خۆدزینەوەیە لە چارەسەریی بنەڕەتیی کێشەکە کە دەبێ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرێت. کەواتە خودی درێژکردنەوەی پەرلەمان بۆ درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمە.

## چوارەم: کاراکردنەوەی پەرلەمان:

کاراکردنەوەی پەرلەمان تەنها بە گەڕانەوەی بەڕێز د.یوسف محمد وەك سەرۆك و ئەنجامدانەوەی کۆبوونەوەکان نیە، بەلکو پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەرکی یاسایی و چاودێریی خۆی جێبەجێ بکات و بە فیعلی کارا بێت دەبێ مەرجەعە قانونیەکەی کە سەرۆکی هەرێمە چارەسەر بکرێت. بەبێ چارەسەر کردنی ئەم پرسەش گرێ کوێرەکان ناکرێنەوەو قەیرانەکان بەردەوام دەبن و هەرچی هەنگاوێکیش بنرێت جگە لەگەڕانەوە بۆ خالی سفر هیچی تر ناگەیەنێ.

## پێنجەم: یەکەم کۆبوونەوەی دوای لەکار خستن:

هەرچەندە رۆژی (٢٠١٧/٩/١٥) یەکەم دانیشتنی پەرلەمان ئەنجامدرایەوە، بەلام کۆمەلێك پێشێلکاری تیادا بوو، هەر لە شێوازی داواکردنی کۆبوونەوەکەوە کە دەبوایە ئەو پەرلەمانتارانەی واژۆی داواکەیان بۆ کۆبوونەوەکە کردبوو یاداشتەکەیان ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان بکردایە کەچی پێشکەشی جێگری سەرۆکیان کرد، تا دەگات بە شێوازی بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەکەو گفتوگۆی نێو هۆڵ و پەسەندکردنی راسپاردەکە، کۆمەلێك مادەو بڕگەی پەیرەوی ناوخۆ پێشێلکران.

لەهەمان کاتدا هەرچەندە سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان ئێوارەی (٢٠١٧/٩/١٥) لە دووای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە لە بەیانێکدا نارەزاییان دەربڕی و پێشێلکارییە یاساییەکانی کۆبوونەوەکەیان وەك هەڵوێستێك خستە روو، بەلام درەنگ بوو، چونکە (٤٨) کاتژمێر بەر لە کۆبوونەوەکە جێگری سەرۆکی پەرلەمان رۆژی ٢٠١٧/٩/١٣ بانگهێشتی ئەندامانی کرد بۆ دانیشتنی نائاسایی کرد و بۆ کۆبوونەوە، هەر لەو کاتەدا کە هەریەك لە (بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەلی ئیسلامی) سەرقاڵی چۆنیەتی بەشداریکردن بوون لە کۆبوونەوەکە و لەگەل پارتی و یەکێتی لە دانوستاندندا بوون، دەبوایە هەر ئەو کاتە سەرۆك و سکرتێری پەرلەمان بەپێی ئەو دەسەلاتەی هەیانبوو بڕیاری بانگەشەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان رەت بکردایەتەوەو داوایان لە ئەندامان بکردایە کە کۆبوونەوەکە نایاساییە چونکە یاداشتەکە پێشکەش بەوان نەکراوە بۆیە بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە نەکەن. هەر لانی کەم بەفەرمی نوسراوەکەی جێگری سەرۆکی پەرلەمانیان رەت بکردایەتەوە، نەك دوای تەواو بوونی، ئەمەش کەموکوڕی و کەمتەرخەمی ئەوان دەردەخات لەهەمبەر بەڕێوەچوونی پرۆسەکەدا.

بۆیە کۆبوونەوەی پەرلەمان کاتێك گرنگ دەبوو کە بیتوانیایە کۆدەنگیەکی نیشتمانی لەنێوان هێز و لایەنە سیاسیەکاندا دروستبکات، بەلام هەم شێوازی کۆبوونەوەکەو هەم کات و بابەتی کۆبوونەوەکەو هەم ئەو رێکارانەی لەئەنجامدانیدا گیرانەبەر نەیانتوانی ئامانجەکە بپێکن. ئەمە لەکاتێکدا قسە لەسەر ئەوە دەکرا کە پەرلەمان مەرجەع بێت بۆ بڕیاردان لە ئەنجامدانی راپرسی و دروستکردنی کۆدەنگی هەرێمی کوردستان.

### شەشەم: هەلوێستی شاراوەی لایەنە سیاسیەکان

لەژێر پەردەی کاراکردنەوەی پەرلەماندا هەموو حزبە سیاسیەکان مەرج و خالی جیاجیایان هەیە، بەلام هەموو ئەو خالانەی داوای دەکەن بەیاسا هەن و گرفتی هەرێم ئەوەیە یاسا جێبەجێ ناکرێ و رەوشەکە بەنایاسایی بەڕێوە دەچێت، بۆیە ناکرێ حزبەکان خۆیان و خەلك بە پاکێج و خاڵەوە سەرقاڵ بکەن،بۆ نمونە: لە پرسی سەرۆکایەتی دا یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ هەیە، لە پرسی هەلبژاردندا یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ هەیە، لە پرسی نەوتدا یاساکانی ژمارە (٢٢) ی سالی ٢٠٠٧ ی نەوت و گاز و یاسای ژمارە (٢)ی سالی ٢٠١٥ ی سندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتی و گازییەکان هەیە، لە پرسی موچەدا یاسای موچە هەیە، هەر بۆیە پێویست ناکات حزبەکان پاکیج و خال پێشکەش بکەن و بۆ خۆڵکردنە چاوی خەلك بەکاریان بهێنن. باشترین بژاردە بۆ نیەت پاکی و راستگۆییان جێبەجێ کردنی یاسایە.

ئەگەر حزبە سیاسیەکان کێشەکانیان بە یاسا پێ چارەسەر نابێ و باوەڕیان پێ لە پۆستی سەرۆکایەتی لانابرێ (هەروەك لە راگەیاندنەکانیان داوای دەکەن)، و خوازیاری رێکەوتنی سیاسین، باشتر وایە راستیی نیەتی خۆیان بۆ رای گشتی دەربخەن کە توانای چارەسەر کردنیان نیە، نەك یارییەکانیان لە چوارچێوەیەکی تری رتوشکراودا بەخەلك بفرۆشنەوە.

**حەوتەم: ئەنجامەكان:**

١–لە ئەنجامدانی كۆبوونەوەی پەرلەمانی كوردستاندا رۆژی (٢٠١٧/٩/١٥) كۆمەڵێك پێشێلكاریی پەیرەو كرا.

٢–مەبەستی هێزە سیاسیەكان لە كاراكردنەوەی پەرلەمان لەوكاتەدا درێژ كردنەوەی تەمەنی پەرلەمان و ئەنجام نەدانی هەلبژاردنە.

٣–مەبەست لە كاراكردنەوەی پەرلەمان و درێژەدانە بە ویلایەتی بەرێز بارزانی وەك سەرۆكی هەرێم.

٤–مەبەست لە كۆبوونەوەی پەرلەمان دۆزینەوەی دەرچەیەكە بۆ ئەو قەیرانەی كە لەئەنجامی گشتپرسیەوە هاتۆتەكایەوە.

٥–پەیامی هیچ كام لە حزبە سیاسیەكان لەگەل كردارەكانیاندا وێك نایەتەوە.

**هەشتەم: راسپاردەكان**

١–پێویستە هەڵبژاردن لە كات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت كە تەنها یەك مانگ و نیوی ماوەو بۆ رای خەلك بگەڕێنەوەو پەرلەمانێكی نوێ هەڵبژێرن و حكومەتێكی تازە پێك بهێنن.

١–ئەگەر كێشەكان ئەوەندە قوڵن و هێز و لایەنە سیاسیەكان ناتوانن بەیاسا چارەسەری بكەن و لەمپەرەكان زۆرن، پێویستە هەموو لایەنەكان رێككەوتنێكی سیاسی بكەن بۆ تێپەڕاندنی دۆخەكە و وەك ماوەیەكی ئینتیقالی و لەسەر وادەی هەڵبژاردن رێك بكەون.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٧/٩/١٦**

تێبینی: ئەمە كورتەی راپۆرتێكە سەبارەت بە هەمان مەبەست ئامادەكراوە لەچوارچێوەی پرۆژەی (چاودێریی پەرلەمانی كوردستان) كە رێكخراوەكەمان بە هاوبەشی لەگەل رێكخراوی (NED)ی ئەمەریكە ئەنجامی دەدات، كە بەم زوانە بلاوی دەكەینەوە.

## پاشكۆی (١٤)

## پەرلەمانی كوردستان... كۆبوونەوە لە پێناو كۆبوونەوەدا

رۆژی ٢٠١٧/٩/٢١ لـە بانگهێشـتنامەیەكدا كـە ئیمـزای بـەڕێز جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمانی كوردسـتانی بەسەرەوەیە و ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمان كراوە، بەمەبەستی ئەنجامدانی دانیشـتنی ژمـارە (١)ی ئاسـایی خولی پاییزە لە كاتژمێر (١١) ی سەرلەبەیانی رۆژی شەممە ٢٠١٧/٩/٢٣ لـە پەرلـەمان ئامـادەبن. لەبەرنامـەی كارەكەشدا كـە ئیمـزای هەریـەك لـە جێگـری سـەرۆكی پەرلـەمان (جەعفـەر ئیمنیكـی) و سـكرتێری پەرلـەمان (بێگـەرد دلشـاد) ی بەسـەرەوەیە بـۆ ئەنـدامان نێـردراوە، لـەوەی پەرلـەمانی كوردسـتان تـەنها كۆبوونـەوە لەپێناوی كۆبوونەوەدا دەكات، چەند پێشێلكارییەكی یاسایی لەبەرنامەی كارەكەدا بەدی دەكرێت:

١-پرۆژە یاسای راگرتنی كـاركردن بـە یاسـای بەكرێـدانی خانووبـەرە، لەبـەر ئـەوەی بـەهۆی پەكخسـتنی پەرلەمانەوە لەكاتی خۆیدا كاری لەسەر نەكراو لە (٢٠١٦/٧/١٥)ەوە كەوتۆتە بـواری جێبەجێكردنـەوە، و لـەو كاتەوە لە دادگاكاندا كاری پێ دەكرێت، بۆیە پێویستی بە پێشكەشكردنی پرۆژەی هەموارە نەك راگرتن.

٢-لە پرۆژە یاسای كاركردن بە یاسای تیرۆردا، ئەم یاسایە بـەهۆی پەكخسـتنی پەرلەمانـەوە دەبوایـە لـە (٢٠١٦/٧/١٦)دا درێژ بكرێتەوە، بەلام نەكراو لەو كاتەوە حكومـەت مامەلـە لەگـەل ئـەم یاسـایە دەكـات، ئـەم بابەتە پەلە نیە و دەكرێت هەروەك ئێستا مامەلەی پـێ دەكرێـت بـەردەوام بێـت و بـە شـێنەیی كـاری لەسـەر بكرێت نەك بەم پەلە پروزێیە.

٣-ئەگەر هەر خوێندنەوەی پرۆژە یاسا بێت، تا ئێستا (١٥٥) پرۆژە لەپەرلەمان خوێندنەوەیان بۆ كـراوەو تەنها (١٨) دانەیان كراون بە یاسـا، ئەوانـەی تـر وەك خۆیـان ماونەتـەوە و دەتـوانن ئەوانـە بخەنـە بەرنامـەی كارەوە كە زۆر گرنگترو پەیوەندیدارترن بە ژیان و گـوزەرانی خەلكـەوە، بـەلام دیـارە لەبـەر ئەوەیـە ئـەو دوو پرۆژەیە كە لەرووی ناوەرۆكەوە هەریەكەیان تەنها دوو ماددەن و كاتی كـەمیان پێویسـتە بـۆ پەسـەند كـردن، مەبەست لێی ئەوەیە لەو رێگەیـەوە بـە بێـدەنگی شـەرعیەت بەویلایـەتی بـەڕێز بـارزانی بـدەن وەك سـەرۆكی هەرێم، چونكە دەركردنی هـەر یاسـایەك مەرسـومی سـەرۆكایەتی پێویسـتە! ئەگـەر نـا دووای دوو مـانگی تـر پەرلەمانێكی نوێ هەلبژێردرێت باشتر وایە بە یاسایەكی نـوێ و لـە پەرلـەمانێكی نـوێ ئـەم یاسـایانە پەسـەند بكرێن.

٤-ئاخۆ دەبێت ئەو دوو پرۆژەیاسایەی خراونەتە بەرنامەی كارەوە لە پرسێكی نیشـتیمانیی وەك راپرسـی گرنگتر بن؟ لەكاتێكـدا لـە كۆبوونـەوەی رۆژی (٢٠١٧/٩/١٥)دا سـەبارەت بـەم پرسـە پەرلـەمان نـە یاسـاو نـە بریاری پەسەند نـەكرد بـەلكو بەچـەند راسـپاردەیەك لێـی دەرچـوو، دیـارە هۆكارەكـەش نـەبوونی مەرجـەعی یاسایی بـوو كـە سـەرۆكی هەرێمـەو ناتوانێـت ئیمـزای بكـات، بـەلام ئـەم سـەرۆكایەتیە تازەیـە دەسـتیان بـۆ

بابەتێکی زۆر هەستیار بردووە کە دەرکردنی یاسایەو مەبەستیش لێی جگە لەشەرعیەتدان بە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم لەڕێگەی مەرسومی ئیمزاکردنەوە تەفسیرێکی تری نیە.

٥-سەبارەت بە دەنگدان لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانیش، کە ناوی دوو پەرلەمانتار هاتووە، تەمەنی پەرلەمان کەمتر لە یەك مانگ و نیوی ماوە، ئێستا چی پێویست بە دەنگدان لەسەر دەستلەکار کێشانەوەو دانانی کەسانی تر دەکات؟ خۆ تەنها پرۆسەی دەرکردنی فەرمانی دەستلەکارکێشانەوەو دانانی ئەندامە نوێیەکان لە شوێنیان زیاد لە مانگێکی پێویستە، پرسیار ئەوەیە بۆچی دەبێت چەند کەسێك بۆ تەنها دوو هەفتە پۆستی ئەندامێتی پەرلەمان وەربگرن و دواتر خانەنشینیش بکرێن؟ ئەم خاڵەش سەلمێنەری نیەتی درێژکردنەوەی پەرلەمانە کە لە بەیانی رۆژی (٢٠١٧/٩/١٦)ی (ئینستیتۆتی پەی)دا ئاماژەمان پێدا بوو، کە درێژکردنەوەی تەمەنی سەرۆکی هەرێمە لەژێر پەردەی درێژ کردنەوەی تەمەنی پەرلەماندا.

٦-پرسیاری ئەوە دێتە کایەوە: ئاخۆ هەڵوێستی هەریەك لە بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمان (د.یوسف محەمەد) و سکرتێری پەرلەمان (فەخرەدین قادر) چیە لەهەمبەر ئەو بانگهێشتکردن و کۆبوونەوە نایاساییەدا بەر لە ئەنجامدانی کۆبوونەوەکە؟

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٧/٩/٢١**

## پاشکۆی (١٥)

### بەیاسایی کردنی بڕینی موچەی خەڵك لە ئەجێندای پەرلەماندا

دووابەدوای دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان لە ٢٠١٧/٩/١٥، فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بە بەیاننامەو لێدوان و کۆبوونەوەکانیان باسێکیان هێناوەتە کایەوە گوایە لەڕێگەی پەرلەمانەوە دەیانەوێت موچەی فەرمانبەرانی هەرێم چاك بکەن و سیستەمی پاشەکەوت نەهێڵن و حکومەت بانگهێشتی پەرلەمان بکەن و لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکەن، تا ئەو ئاستەی متمانەشی لێ وەربگرنەوە. کە ئەمانە ئەرکی سەرەکیی پەرلەمانن و ئەنجامدانیان مایەی دەستخۆشین.

لەم چوارچێوەیەدا رۆژی ٢٠١٧/٩/١٨ لە کۆبوونەوەیەکدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی سەرجەم فراکسیۆنەکان و سەرۆکی چوار لیژنەی (کاروباری یاسایی، دارایی و ئابوری و وەبەرهێنان، دەستپاکی، پشەسازی و ووزە و سەرچاوە سروشتییەکان ) کە تەنها گۆڕان و کۆمەڵ بەشداریان نەکرد. لەسەر پاشەکەوتی مووچە کۆبوونەوە. کۆبوونەوەی دووەمیش لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٠ بە ئامادەبوونی هەمان ستافی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەت بەڕێوە چوو، لەئەنجامدا بەیاننامەیەك بەناوی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەرکرا کە چوار خاڵی لەخۆ گرتبوو. لێرەدا بەپێویستی دەزانین لەسەر دەرەنجامی کۆبوونەوەکان و ئەو بەیاننامەی کە دەریانکردووە، ئەم خاڵانە بخەینە روو:

**یەکەم:** لە خالی یەکەمی بەیاننامەکەدا هاتووە: "کۆبوونەوەیەك ئەنجام بدرێ لەنێوان حکومەت و لیژنە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی زووتر گەلالە کردنی سیستەمی نوێی موچە کە حکومەت بنەماکانی دارشتووە". لێرەدا دەردەکەوێ کە پەرلەمان ئەم سیستەمی بڕینی موچەیە بە یاسایەك رێکدەخات کە بنەماکانی موچەکە حکومەت دیاریی دەکات، ئەمەش بەیاسایی کردنی بڕینی موچەی خەلکە نەك گێڕانەوەی پاشەکەوتی موچە.

**دووەم:** بنەماکانی موچە بە یاسا رێکخراوەو حکومەت بە بڕیار بڕیویەتی، ئێستا پەرلەمان ئەگەر دەیەوێ بەرگری لە خەلك بکات پێویستە لەسەر یاساشکێنی لێپێچینەوە لە حکومەت بکات، نەك هەماهەنگی بۆ بەیاسایی کردنی بڕینی موچەی خەلك کە لە خاڵی دووەمی بەیاننامەکەدا جەختی لێ کراوەتەوە.

**سێیەم:** کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتاوە حکومەتی یەکرێزی نیشتمانی بووە و لە هەموو هێزە سیاسیەکان پێکهاتووە، (جگە لە بزوتنەوەی ئیسلامی کە لەسەرەتاوە ئۆپۆزسیۆنە)، واتە لە پەرلەمانی کوردستان بەرەیەك بەناوی ئۆپۆزیسیۆنەوە نەبووەو نیە کە دەنگ و رای لەناو حکومەتدا نەبێت، کەواتە هەموو فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان هاوکات نوێنەرە بالاو بڕیار بەدەستەکانیان لەناو حکومەتن. (بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە هەرچوار وەزیری گۆڕان بەزۆر لەحکومەت دوورخرانەوە) بە نمونە: پارتی (سەرۆکی حکومەت کە جێگری سەرۆکی حزبەکەیە و پێنج وەزارەتی فیعلی هەیەو پێنج وەزارەتیش بە وەکالەت بەڕێوە دەبەن و چوار پلە وەزیریشی لە ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە)، یەکێتی (جێگری سەرۆکی حکومەت و چوار وەزیری فیعلی و دوو پلە وەزیریشی لە ئەنجومەنی وەزیراندا هەیە)، یەکگرتوو (چوار وەزارەتی هەیە و لە وەزارەتێکیان دەستیان کێشاوەتەوەو وەزارەتێکیش بەوەکالەت بەڕێوە دەبەن و وەزیرەکانیان لە سەرکردایەتی حزبەکەن)، کۆمەڵ (دوو وەزارەتیان هەیە و وەزیرێکیان لەئاستی مەکتەبی سیاسیەو لێپرسراوی ستافی حکومەت و پەرلەمانە لە حزبەکەیدا). کەواتە کۆی ئەم چوار فراکسیۆنە کە قسە لەسەر موچە دەکەن (٢٥)ئەندامیان لە ئەنجومەنی وەزیراندا هەیەو هەر بڕیارێکیان بوێت

دەتوانن دەری بکەن یا هەلی بوەشێننەوە. بەتایبەت بڕیاری پاشەکەوتی موچە کە بە بڕیار دەرچووەو پێچەوانەی یاساشە سەد دەرسەد لەدەسەڵاتی خۆیانە کە هەلی وەشێننەوە یا چاکتری بکەن.

بۆیە دەپرسین ئەگەر ئەمە رۆل دابەش کردن نیە، ئاخۆ دەکرێت لە رووی حزبی و واقیعیەوە ستافی پەرلەمانی دەسەلاتیان لە ستافی حکومەت زیاتر بێت؟ ئەمە لەکاتێکدا دەبووایە پێچەوانەکەی راست بێت، چونکە پەرلەمان حکومەت دروستدەکات و پەرلەمان بۆی هەیە لێپێچینەوە لە حکومەت بکات لەسەر پابەندنەبوون بەیاساوە ! ئەگەر مەسەلەکە دلسۆزیە بۆ خەلك ئاخۆ رێگە دەدرێت نوێنەرە پەرلەمانتارەکانی هەمان حزب دلسۆزتر دەرکەون لە ستافی حکومەتیان؟ لەکاتێکدا نوێنەری حکومەت بەنایاسایی بیبڕێت و نوێنەری پەرلەمان بەیاسا ئەم مافە شایستەیە بۆ خەلك بگێڕێتەوە ! دەپرسین ئەگەر ئەو کۆبوونەوانە بۆ گێڕانەوەی مافەکانی خەلکە نەك بەیاسایی کردنی سیستەمی بەناو پاشەکەوت، بۆچی بڕیارەکە کە حکومەت داویەتی هەر خۆیشی هەلیناوەشێنێتەوەو مافەکە ناگێڕێتەوە؟ ئایا بەراستی رێگە بە پەرلەمانتاران دەدرێت ئەم شانازییە بۆخۆیان تۆمار بکەن؟ لەکاتێکدا دوو ساڵە ناردونیانەتەوە ماڵەوە ! **هیچ** گومان لە دڵسۆزی و پەرۆشیی زۆرینەی پەرلەمانتاران نیە وەك تاك کە خوازیارن جێبەجێی بکەن، بەلام ئەجێنداو پلانی زۆرینەی فراکسیۆنەکان کە لە ئێستادا پەیرەوی دەکەن لەگەڵ ئەم راستیەدا وێك نایەتەوە.

**چوارەم**: بزوتنەوەی گۆڕان سەبارەت بە پاشەکەوتی موچە پێی وایە لەبەر ئەوەی حکومەت یاساشکێنی کردووە بۆیە دەبێ لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێ و متمانەی لێ وەربگیرێتەوە، ئەمە راسترین شێوازی بەدواداچوونی پرسەکەیەو یاسایی ترین کاری پەرلەمانیە، بەلام لەمەشیاندا چەند گرفت و لەمپەرێك هەن، ئاخۆ گۆڕان تا چەند بیری لەچارەسەرکردنیان کردۆتەوە؟ کە بەبێ چارەسەریی پرسی سەرۆکایەتی هەرێم هەموو هەنگاوەکان لە مەرەکەبی سەر کاغەز و موزایەدەیەکی سەر شەقام زیاتر هیچی تریان لێ شین نابێت، بۆیە دەپرسین:

١-متمانە وەرگرتنەوە پێویستی بە رێژەی ٣/٢ ی ئەندامانە، واتە (٧٦) دەنگ، ئایا چەند ئەندام لەفراکسیۆنەکانی تر کە نوێنەرەکانیان لە حکومەتدان ئامادەن لەکاتی سەلماندنی پێشێلکارییە یاساییەکانی حکومەتدا لەپەرلەمان ئامادەیە دەنگ بۆ لێسەندنەوەی متمانەی بدات؟

٢-متمانە وەرگرتنەوە پێویستی بە پەسەندکردنی مەرسومی سەرۆکی هەرێمە، گۆڕانیش بارزانی بە سەرۆکی هەرێم دانانێت، بە چ رێکارێك متمانە لە حکومەت وەردەگرنەوە؟ ئایا وەك سەرۆکی هەرێم دان بە بارزانیدا دەنێن؟ یان دەیانەوێت لەم رێگەیەوە مامەلەی لەگەلدا بکەن؟

پرسی بەدواداچوونی موچەو لێپێچینەوە لە حکومەت ئەرکی سەرشانی پەرلەمانە و خواستێکی رەوای فەرمانبەران و موچەخۆرانە، کە حکومەت بەنایاسایی مافێکی شایستەی پێشێلکردوون. بەلام ئەوەی جێگەی تێڕامانە، ئەو هەوڵانەی ئێستا لە پەرلەمان لەسەر پرسی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی پاشەکەوتی موچە دەدرێن بۆ چەواشەو بەلاڕێدابردنن، لایەنەکان دەیانەوێت وەك دەستکەوتێك بۆ خۆیان بەکاریبهێنن. لەبەرئەوەی حکومەت خۆی بڕیاری کەمکردنەوەی موچەکەی داوە، بۆیە دەبێ هەر خۆشی چاکی بکاتەوە، نەك فراکسیۆنەکان لەبری ئەو هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بدەن کە هەر فراکسیۆنێك لای خۆیەوە خەریکە پڕۆژەیەك لەوبارەیەوە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات، چونکە بەم واقیعەی هەیە نە دەیانەوێت بیکەن و نە پێشیان دەکرێت و نە رێگەشیان پێدەدرێت.

ئەگەر پێشتر هاولاتیان پێیان وابوو بڕینی موچەکەی بەناوی پاشـەکەوتەوە کاتیـەو ئومێـدیان بـەوە هـەبوو ڕۆژێـك لەڕۆژان ئەم سیستەمە هەڵوەشێتەوەو موچەکەیان چاك بکرێتەوە، بەلام ئێستا بەپێی پێشبینیەکان هـەولێك هەیـە لـە ڕێگەی پەرلەمانەوە بە هەمیشەیی و بەیاسایی بکەن و هاولاتیان تەواو ئومێد بڕاو بکەن. ئەگـەر دوێـنێ هـەر حکومـەت تاوانبار بوو بە بڕینی قوتی خەڵك، ئەمڕۆ هەولێك هەیە پەرلەمان و پەرلـەمانتارانیش تاوانبـار بکـەن کـە شـەرعیەت بـە بڕیارە نابەجێیەکەی حکومەت بدەن و بە یاسایی بکەن. بۆیە ئەوەی ئێستا لە پەرلەماندا بەناوی بەرژەوەندی خەڵك و چاککردنی موچەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت، جگـە لـە یـاریکردن بـە هەسـتی خـەڵك شـتێکی تـری لـێ بـەدی ناکرێـت، پەرلەمان دەزگایەکی گەورەو پـیرۆزە، بـەرزترین مەرجـەعی یاسـایی و شـەرعی ئـەم ولاتـەیـە، ناهـەقی زۆری دەرهـەق دەکرێـت لەلایـەن حزبـە سیاسـیەکانەوە، ئەگـەر فراکسـیۆنەکانیش کەمەندکێشـی دەسـەلات و ئاوێنـەی سیاسـەتی حزبەکانیان بن، بـەلام هەقـە ئەنـدامانی پەرلـەمان وەکـو تـاك، هـەروەکو بەشـێکیان بـەردەوام هەلوێسـتیان هـەبووەو لەخەڵك دانەبڕاون، ڕێگەنەدەن هیچی تر هەیبەتی ئەم دەزگا نیشتمانیە گرنگە بشکێنرێت، چونکە لەوە دەچێ ئـەوەی ئێستا دەگوزەرێ بەشی دووەمی ئەو سیناریۆیە بێ کە بۆ بـەردەوامیی ناشـەرعی بـوونی کۆبوونـەوەکانی پەرلـەمان و درێژەدان بەو خوولەی پەرلەمان وئەنجام نەدانی هەڵبژاردنەوە پەیڕەو دەکرێت.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٧/٩/٢٢**

## پاشکۆی (١٦)

## پەرلەمان لە کودەتاکانی بەردەوامە

پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونـەوەی ڕۆژی (٢٠١٧/٩/١٥) ەوە بـە پێشـێلکاری پـەیرەوی نـاوخۆ و یاسـا، کۆبوونەوەکانی دەست پێ کردۆتەوە، ئەمڕۆش لە کۆبوونەوەیەکی تردا بـەردەوامیی بـە پێشـێلکارییەکانی داو کودەتا ئاسا چەند خاڵێکی خستە بەرنامەی کارەوە:

١-بـەڕێز (فـەخرەدین قـادر) وەك سـکرتێری پەرلـەمان ویسـتوویەتی لـە دانیشـتنی ئـەمڕۆی پەرلەمانـدا ئامادەبێ و دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکات و بیخوێنێتەوە، بەلام لەلایەن دەستەی سـەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ڕێگری لێ کراوە، لەبەر ئەوەی لەکاتی چوونی بۆ هـۆلی پەرلـەمان بەسیفەتی ئـەوەی سـکرتێری فەرمیی پەرلەمانە، دەبوایە بچێتە شوێنی خۆی پێشکەشی بکات و سکرتێری کاتی بچێتەوە خـوارەوە، بـەلام لەبەر ئەوەی سکرتێری کاتی ئامـادە نـەبوو شـوێنەکەی بـەجێ بهێلـێ تـا سـکرتێری فـەرمی بگەڕێتـەوە بۆیـە ڕێگریی لێ کرا. هەر بۆیـە نـاوبراو بەناچـاری لەڕێگـەی کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانیـدا نامەکـەی پێشـکەش کـرد. پەرلەمانیش دواتر دەستلەکارکێشانەوەیان خستەڕوو و بەبێ ئەوەی لەبەرنامەی کاردا هەبێت و دەنگی لەسەر درا.

٢- دەستلەکارکێشانەوەی بەڕێز (فەرهاد سـەنگاوی) وەك ئەنـدامی پەرلـەمان، دەنگی لەسـەر درا، ئەمـە لەکاتێکدا ئەم برگەیە نە لە بەرنامەی کاردا هەبوو و نە ناوبراو لە دانیشتنەکە ئامـادە بـوو و نـە (لـە ئێسـتادا) نامـەی دەستلەکارکێشانەوەیشـی پێشکەشـکردووە، بـەڵکو ئـەو نامەیـە چـوار سـاڵ لەمەوبـەر لەسـەروبەندی کاندیدکردنیدا بەبێ مێژوو پێـی نوسـراوەو ئێسـتا مێـژووی (٢٠١٧/٩/٢٨)ی خراوەتـە سـەر و کـاری پێکـراوەو فەرهاد سەنگاوی پەرلەمانتاری پێ لە پەرلەمان دەرکرا.

٣-پرۆژە بڕیارێك بەناوی (هەڵوەشاندنەوەی پاشـەکەوتی موچـەی فەرمانبـەرانی هـەرێمی کوردسـتان)ەوە خوێندنـەوەی یەکـەمی بـۆ کـرا کـە لەلایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەندامانـەوە پێشکەشـکرابوو، گوایـە پەرلـەمان دەیەوێت پاشەکەوتی موچە هەلبگرێت، لێرەدا دوو سەرنج دەردەکەون: یەکەمیان موچـە بـە یاسـا ڕێکخـراوەو ئەگەر پەرلەمان دەیەوێت بە بڕیار چارەی بکات ئەوە بڕیار هێزی ئیلزامیی لە یاسا لاوازترە، دووەمیش ئەگـەر بە یاسا دەیکەن، ئایا لە ئێستادا پەرلەمان دەتوانێ یاسا دەربکات؟ یاساکە بۆ کێی دەنێرن تـا مەرسـومی بـۆ دەربکات؟ لەلایەکی ترەوە پەرلەمان ئەم بڕیارەی نەداوە تا هـەلی بوەشـێنێتەوە، بـەلکو لەسـەر پێشـێلکاری یاسا دەبێت لێپێچینەوە لەگەل حکومەتدا بکرێت، هەروەك لە ڕاپۆرتی پێشـووترماندا ئـەوەمان خسـتبووە ڕوو کە پەرلەمان دەیەوێت ئەم بڕیارەی حکومەت لە بـڕینی موچـەی فەرمانبەرانـدا بـە یاسـایی بکـات، نـەك هـەڵی بووەشێنێتەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەئاست ئەم هەموو پێشێلکارییانەدا تەنانەت یەك ئەندامی پەرلەمانیش لەوانەی بەشداری کۆبوونەوەکە بوون بە خاڵێکی نیزامیش رەخنەیەکیان لەو رەوشە نایاساییە نەگرت کە دەگوزەرێت.

ئەم پێشێلکاریانەو چەندان پێشێلکاریی تر کە لە کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا کراوە، هەر لە بڕیاردان لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی ئەندامانی پەرلەمان و پەلەپروزێ لە دانانی کەسانی تر لە شوێنیان، لەکاتێکدا تەمەنی ئەم پەرلەمانە تەنها یەك مانگی ماوە، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە پەرلەمان پلانی ئەوەی هەیە تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوەو هەڵبژاردن نەکرێت. ئەگەر پێشتر پەرلەمانتاران رەخنەیان لە سەرۆکی هەرێم دەگرت بەوەی ماوەکەی بەسەر چووەو بەبیانووی ئامادەنەبوونی کۆمسیۆن بۆ هەڵبژاردن بەردەوام بووە لە پۆستەکەی، کەچی ئەمڕۆ خۆشیان سەرقاڵی هەمان سیناریۆن لەژێر هەمان بیانووەوە لە رێگەی کۆمسیۆنەوە هەمان کار ئەنجام دەدەن.

لێرەوە خەلکی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان بەنیازە لەنزیکترین کاتدا بەئامادەبوونی کۆمسیۆن دانیشتنێك ساز بکات بە بیانووی ئەوەی کۆمسیۆن ناتوانێت هەڵبژاردن ئەنجام بدات، تەمەنی خۆیان درێژ دەکەنەوە کە هاوکات دەبێتە مایەی درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێمیش، ئەمە لەکاتێکدا کۆمسیۆن لە (٢٠١٧/٨/١٤) لە دوو نوسراوی جیاوازدا وەلامی هەریەك لە بەڕێزان (مەسعود بارزانی) و (د.یوسف محەمەد)یان داوەتەوە و ئامادەییان دەبڕیوە کە لە (٢٠١٧/١١/١)دا هەلبژاردن بکەن و لەئێستادا قەوارەکان خۆشیان تۆمار کردووە. بۆیە پاشگەز بوونەوە لەو بڕیارە سەلمێنەری ئەو سیناریۆیەیە حزبە سیاسیە دەسەلاتدارەکان نایانەوێت هەڵبژاردن بکەن، هەروەك لە بەیانی رۆژی (٢٠١٧/٩/١٦)ی ئیستتیۆکەماندا خستبوومانە روو.

بە پێویستی دەزانین داوا لە حزبە سیاسیەکان و رێکخراوەکانی کۆمەلی مەدەنی بکەین فشارەکانیان چڕ بکەنەوە بۆ رێگری لەم هەوڵە نابەجێیەو لەهەمان کاتدا داوا لەو پەرلەمانتارە ویژدان زیندووانە دەکەین لەنێو هۆڵی پەرلەماندا هیچیتر بێدەنگ نەبن و رووبەڕووی ئەم هەوڵە نایاساییانە ببنەوە و رێگریی لێ بکەن.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٧/٩/٣٠**

## پاشكۆی (١٧)

# لە دانیشتنی داهاتوودا دەبێت سكرتێر بۆ پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت

كاتێك كۆبوونەوەكانی پەرلەمان لە ٢٠١٧/٩/١٥ دەستی پێكردەوە، بەهۆی ئەوەی سكرتێری پەرلەمان بەڕێز (فەخرەدین قادر) ئامادەی كۆبوونەوەكە نەبوو، بەپێی مادەی (٢٣) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، لەهۆڵی كۆبوونەوەدا بەڕێز (بێگەرد دلشاد) وەك سكرتێری كاتیی پەرلەمان دەستنیشان كرا. كە لەماددەكەدا هاتووە: "**لە حالەتی ئامادەنەبوونی سكرتێر ئەوا لە یەكێك لە ئەندامانی پەرلەمان داوادەكرێت بە ئەركەكانی هەڵبستێت تاوەكو ئامادەدەبێت، پاش رەزامەندی پەرلەمان بە زۆرینەی ئەندامە ئامادەبووەكانی**".

پەرلەمان هەر سێ كۆبوونەوەی رۆژانی (١٥-٢٣-٢٠١٧/٩/٣٠)ی بەم دەستەی سەرۆكایەتیە كرد، بەلام دوای ئەوەی لە رۆژی (٢٠١٧/٩/٣٠) بەڕێز (فەخرەدین قادر) وەك سكرتێری فەرمیی پەرلەمان دەستی لەكار كێشایەوەو دەستلەكاركێشانەوەكەیشی دەنگی لەسەردراو پەسەند كرا و لەو پۆستە نەما، بەپێی پەیڕەو هەروەك لە برگەی (٢) لە ماددەی (١٦)ی دا هاتووە: "**لەكاتی بەتاڵبوونی پێگەی سەرۆكی پەرلەمان یان جێگرەكەی یان سكرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لە یەكەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەكەوە بەهەمان رێگەی دەقكراو لەم پەیرەوەدا جێگرەوەیەكیان بۆ هەڵدەبژێرێت**". كەواتە لێرە بەدواوە پۆستی سكرتێری كاتی بەتاڵ بۆتەوەو شەرعیەتی نەماوە، لە كۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەماندا دەبێت بە فەرمی و بە پێی ئەو رێكارانەی لە مادەی (١٤)دا هاتووە بە شێوازی نهێنی و دەنگدانی سەر كاغەز بەفەرمی جێگرەوەیەك بۆ سكرتێری پەرلەمان هەڵبژێردرێت.

هیوادارین پەرلەمان ئەم پرۆسەیە ئەنجام بدات و هیچی تر پەیڕەو شكێنی نەكات، لەحاڵەتی ئەنجام نەدانیشی، پێشێلكارییەكی تر زیاد دەكات بۆ سەر خەرمانی پێشێلكارییەكانی، بۆیە داوا لە فراكسیۆنەكان و پەرلەمانتارانی بەڕێز دەكەین رێگەنەدەن هیچی تر پێشێلی پەیرەو بكرێت.

لەگەل رێزدا

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان**

**٢٠١٧/١٠/٣**

**پاشكۆی (١٨)**

**بەڕێزان/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان**

**فراكسیۆنەكانی پەرلەمانی كوردستان**

**كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی**

**بابەت/ پێشێلكارییە نایاساییەكانی هەنگاوەكانی هەڵبژاردن**

لە رووی یاساییەوە رۆژی (٢٠١٧/١١/٦) تەمەنی خولی چوارەمی پەرلەمانی كوردستان كۆتایی دێت، بۆیە پێویستبوو بەپێی یاسا بەلایەنی كەم بەر لە (٦٠) رۆژ، واتە دوو مانگ بەر لەتەواوبوونی وادەی پەرلەمان، ئەوەبوو هەریەك لە بەڕێزان (مەسعود بارزانی) بەناوی سەرۆكایەتی هەرێم لە رۆژی (٢٠١٧/٦/٨) و (د.یوسف محمد) بە ناوی سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە (٢٠١٧/٥/٢٩) لە دوو نوسراوی جیادا داوایان لە كۆمسیۆن كرد رۆژی هەڵبژاردن دەستنیشانبكرێت، بەڵام بەهۆی دەسنیشان نەكردنی وادەی هەڵبژادن لەلایەن كۆمسیۆنەوە، هەر بەرێز بارزانی لە (٢٠١٧/٧/١٩)بە نوسراوێك بۆ كۆمسیۆن رۆژی (٢٠١٧/١١/١)ی دەستنیشانكرد و كۆمسیۆنیش لە رۆژی (٢٠١٧/٨/١٤) وەڵامیدایەوەو كە لەكاتی دیاریكراودا ئامادەن هەڵبژاردنەكە ئەنجام بدەن. بەپێی یاسا دەبوایە تائێستا هەموو ئامادەكارییەكان بۆ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان تەواو بوونایە و ئێستا بانگەشەی هەڵبژاردن دەستی پێبكردایە، بەڵام ئامادەكارییەكان لە وادەی یاسایی خۆیاندا نین. (جا هۆكارەكەی لەبەر سەرقاڵی كۆمسیۆنەوە بێت بە پرۆسەی راپرسیەوە یا هەر هۆكارێكی تر).

ئەوەی تێبینی دەكرێت ئێوارەی رۆژی (٢٠١٧/١٠/٤) لە ماڵپەڕی كۆمسیۆن راگەیاندنێك بە مێژووی (٢٠١٧/١٠/٢) بڵاوكراوەتەوەو تیایدا هاتووە:

١-ماوەی پێكهێنانی هاوپەیمانێتی نێوان لایەنە سیاسیەكان لە رێكەوتی (٢٠١٧/١٠/٣ تا ٢٠١٧/١٠/٦) دەبێت.

٢-ماوەی پێشكەشكردنی كاندید بۆ پەرلەمانی كوردستان لەڕێكەوتی (٢٠١٧/١٠/٩ تا ٢٠١٧/١٠/١٣) دەبێت.

٣-هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمان لە (٢٠١٧/١٠/١٥ تا ٢٠١٧/١٠/٢٩) دەبێت.

لەهەمان نوسراودا هاتووە كە: "بەلەبەرچاوگرتنی كەمیی كات و ئەو وادانەی كە دیاریكراون جێگیرن و گۆڕانكارییان بەسەردا نایەت". جێگەی سەرنجە لەم بڕیارەدا یاسا شكێنی كراوەو پێوەرەكان لەبەرچاو نەگیراون، لێرەدا بەچەند خاڵێك دەیخەینەڕوو:

**یەکەم: سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان:**

١-پێشتر کۆمسیۆن پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧ ی دەرکردووە بەناوی (پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنەڕووی تانەکان بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان-عێراق) کە ئەمەش بەلای کەمەوە دوو مانگی پێویستە، لە خاڵی (١)ی بەشی چوارەمی هەمان پەیرەوەدا هاتووە کە دوای ئەوەی تۆماری دەنگدەران نوێ دەکرێتەوە و دەخرێتە روو بەمەرجێك بەلایەنی کەمەوە(١٥) رۆژ بەر لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان بێت، بەپێی ئەمە دەبێت تا (٢٠١٧/١٠/١٤) پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تەواو بێت، ئەمە لەکاتێکدا کە تەنها (٦) رۆژی ماوەو کۆمسیۆنیش هیچ ئامادەکارییەکی نەکردووەو تا ئێستا نە رایگەیاندووەو نە هیچ بنکەیەکی بۆ ئەم مەبەستە کردۆتەوە. بەپێی ئەمە لەوە دەچێت کۆمسیۆن خۆی لەو پەیرەوە بواردبێت کە هیچ کاتێکی بۆ دانەناوە، دیارە ئەمەش نایاساییە.

٢-ماوەی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی کە (٣ تا ٢٠١٧/١٠/٦)ی بۆ تەرخانکراوە، ئەم کاتە کەمەو جگە لەوەی خودی کۆمسیۆن راگەیاندنەکەی رۆژێك درەنگتر بڵاوکردۆتەوە، ئەمەش کارێکی نایاساییە.

٣-ماوەی پێشکەشکردنی کاندید (٩ تا ٢٠١٧/١٠/١٣) ی بۆ تەرخانکراوە، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، چونکە لە برگەی (٢)ی مادەی (٢٢)ی یاسای ژمارە (١)ی سالی ١٩٩٢ ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە: "لیستی پاڵێوراوەکان لەماوەی (١٥) رۆژ لەبەرواری راگەیاندنی وادەی هەڵبژاردن پێشکەش بە کۆمسیۆن دەکرێت و هەموو بەڵگەنامەیەکی پێوە دەلکێنرێ کە لەمادەی بیست و یەکەمدا داواکراون". ئەمە لەکاتێکدایە کە وادەی هەڵبژاردن لە (٢٠١٧/٨/١٤) لەلایەن کۆمسیۆنەوە راگەیەنراوە، کە نەك (١٥) رۆژ بەلکو (٥٦) رۆژی بەسەردا تێپەڕیوە. جگە لەمە تەنها ماوەی (٥) رۆژ بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی لیستی ناوی کاندیدەکان دانراوە، ئەمەش کاتێکی کەمە و لەگەل هیچ ستانداردێکدا وێکنایەتەوە. جگە لەمە لە ماوەی تەنها یەك رۆژدا کۆمسیۆن کە تەنها رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٤)ی لەبەردەمە چۆن دەتوانێت لیستی نزیکەی (٣٠) قەوارە سیاسی کە زۆرینەیان هەریەکەیان (١٠٠) کاندیدیان هەیەو لیستی کۆتاش کە هەریەکەی (٥) کاندید لەخۆدەگرێت پێداچوونەوەو راستاندنیان بۆ بکات؟ چونکە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٥) بانگەشەی هەڵبژاردن دەست پێدەکات!

٤-ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن (١٥ تا ٢٠١٧/١٠/٢٩) ی بۆ تەرخانکراوە، کە (١٤) رۆژ دەخایەنێت و ئەو ماوەیەش لەگەل پێوەرەکان وێك نایەتەوە.

٥-لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/١٥) بە حیسابی کۆمسیۆن راستاندنی لیستی کاندیدەکان تەواو دەبێت، و تا کاتی هەڵبژاردن تەنها (١٥) رۆژ لەبەردەمدایە، کە ئەم کاتەش کەمە بۆ ئامادەکارییەکانی تایبەت بە چاپکردن و دابەشکردنی فۆرمەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەلبژاردن و چاپکردنی کارتی دەنگدان (کە پێویستە کوالیتی بەرز بێت) و دابەشکردنیان بەسەر بنکەکاندا.

**دووەم: هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەرێم:**

١–بەپێی ڕاگەیاندنی ژمارە (١٨)ی کۆمسیۆن کە لـە ٢٠١٧/٩/١٧ دەرچـووە، مـاوەی تۆمـارکردنی کاندیـد بـۆ سەرۆکایەتی هەرێم تا (٢٠١٧/١٠/٣) درێژ کراوەتەوە، کە ئەمـەش نایاسـاییە، چـونکە لـە بڕگـەی یەکـەمی مـادەی حەوتەمی یاسای ژمارە (١)ی سالی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمدا هـاتووە: "داوای خۆپـاڵاوتن، لانـی کـەم، پـێش (٣٠) ڕۆژ لەوادەی هەڵبژاردندا پێشکەش بە کۆمسیۆنی بـاڵای هەڵبـژاردن کرابێـت". بـەڵام ئـەم وادەیـە کـەمترە و (٢٧) ڕۆژ دەکات نەك (٣٠) ڕۆژ و نایاساییە.

٢–تا کۆتایی هاتنی ئەم وادەیەش (٢٠١٧/١٠/٣) کاندیدێك خۆی تۆمار کردووە.

٣–لە ڕاگەیاندنی ژمارە (٢٢) کە بە مێژووی (٢٠١٧/١٠/٢) بڵاو کراوەتەوە باس لە هەڵبژاردنی سەرۆکی هـەرێم و بانگەشەی هەڵبژاردن و ڕێکارەکانی نەکراوە. لەکاتێکدا هەردوو پرۆسە دەبێت هاوتەریب بەڕێوە بچن.

٤–ئەگەر لە حاڵەتێکدا هەڵبژاردنی پەرلەمان بکرێت و سەرۆکایەتی هەرێم نـەکرێت، پەرلـەمانی نـوێ ناتوانێـت دەست بەکار بێت، چونکە بەپێی بڕگەی (٣) لـە مـادەی (١٠)ی یاسـای ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ ی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەبێت سەرۆکی هەرێم بانگهێشتیان بکات بۆ یەکەم کۆبوونەوەو سوێندی یاسایی بخۆن.

٥–پەرلەمانی نوێ ئەگەر هەڵبژێردرێت ناتوانێت یاساو بڕیار دەربکـات، چـونکە بـەپێی بڕگـەی (١) لـە مـادەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویستی بە مەرسـوم هەیـە و کەسـیش نابێت مەرسوم دەربکات.

٦–پەرلەمانی نوێ ئەگەر هەڵبژێردرێت ناتوانێـت حکومـەتی تـازە پێکبهێنێـت، چـونکە بـەپێی بڕگـەی (١٢) و (١٣) لە مادەی (١٠)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێویستە سـەرۆك هـەبێ مەرسوم دەربکات.

**ئە نجام:**

پێویستە ئەم ڕاسـتیە بخەینـە ڕوو کـە بـۆ ئـەوەی هەڵبـژاردنێکی پـاك و بێگـەرد ئـەنجام بـدرێت و متمانـە بـۆ هاوڵاتیان بگەڕێتەوەو حزبەسیاسیەکانیش دان بە ئەنجامەکانیدا بنێن، زوو بە زوو ئەم هەنگاوانە بنرێن:

١–ستاندارتە نێودەوڵەتیەکان لە هەڵبژاردندا لەبەرچاو بگیرێت و هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد بەڕێوە ببرێت.

٢–کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسـی لەپـەیڕەو و ڕێکارەکانیـدا یاسـا بـەرکارەکان لەبەرچـاو بگرێت و لێیان لانەدات.

٣–کار بە یەك تۆماری دەنگدەرانی یـەکگرتووی پاگژ بکرێـت، کـە لـە نـاوی دووبـارەو مـردوو و سـاختە پـاك بکرێتــەوە و لایەنــە پەیوەندیــدارەکان (ئەنجومــەنی وەزیــران، وەزارەتــەکانی تەندروســتی و نــاوخۆ و بازرگــانی و پێشـمەرگە و پلانـدانان) مـولزەم بکـرێن بـەوەی هاوکـاری بکـەن لـە ئامـادەکردن و پـاك کردنـەوەی تۆمـاری دەنگدەراندا.

٤–پێداویستیە مادی و مەعنەوییەکانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن دابین بکرێت، و بودجـەی پێویسـتی بـۆ تـەرخان بکرێت.

٥–زەمینەسازی بۆ متمانەی نێوان هێز و لایەنەکان لە پرۆسەی هەلبژاردندا دروستبکرێت لە پێناو سەرخستن و پەسەندکردنی ئەنجامەکانی.

ئەگەر کۆمسیۆن ئەم کارانە نەکات، پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە لێپێچینەوەی لەگەلدا بکرێت، ئەگەر رێگریش لە کارەکانی کراوە پێویستە کۆمسیۆن بیخاتە روو و لایەنی کەمتەرخەم ئاشکرا بکات، هەر بۆیە داواکارین لەپێناو هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەردا هەموو هەولێك بخرێتە گەڕ بۆ دەرچونی هەرێمی کوردستان لەم بارودۆخە چەقبەستووەدا.

لەحالەتی نەبوونی وەلامدا وەك رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ناچارین هەموو رێگەو فشارێکی مەدەنی بگرینەبەر و رای گشتیی ناوخۆ و دەرەوەشی لێ ئاگادار بکەینەوە.

لەگەل رێزدا

**١- پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی** (ILDK)
**٢-ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان** (PAY)
**٣-سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ** (DHRD)
**٤-رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان** (WOLA)
**٥- رێکخراوی کوردستان بۆ هەموان** (KEODD)
**٦- ریکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەلی**
**٧- پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان**
**٨- رێکخراوی کوردۆ زانست بۆ دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ**
**٩-رێکخراوی چاوی زانکۆ**
**١٠- ریکخراوی لیزا بۆ گەشەپێدانی مرۆیی**
**١١-ریکخراوی ریکان بۆ ئامادە کردنی سە رکردە**
**١٢- رێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکیە دیموکرسیەکان و مافی مرۆڤ**
**١٣- ریکخراوی رونیا بۆ هوشیاری**
**١٤-تۆڕی لیدەر**
**١٥- پەیمانگەی کوردی بۆ دیالۆگ**
**١٦-رێکخراوی جوگرافیای گشتی کوردستان**
**١٧-ئینستتیوتی برادۆست بۆ گەشەپێدان**
**١٨-رێکخراوی هەلوێست**

**٢٠١٧/١٠/٩**

## پاشكۆی (١٩)
## هەنگاوە ناياساييەكانی پەرلەمان بۆ دواخستنی هەڵبژاردن

پەرلەمانی كوردستان بەپێی بانگهێشتێك ئەمڕۆ دانيشتنی ژمارە (٣)ی خۆی ئەنجامدەدات، كۆمەڵێك هەنگاوی ناياساييان گرتۆتەبەر كە لێرەدا تێبينيەكانمانی لەسەر دەخەينە روو:

**يەكەم**: بەپێی برگەی دووەمی بەرنامەی بەرنامەی كار، سێ ئەندامی پەرلەمان جێگەی ئەو ئەندامانە دەگرنەوەكە دەستيان لەكار كێشاوەتەوە. ئەمەش لەكاتێكدايە كە هێشتا پەرلەمان هەڵبژاردنی دوانەخستووەو تەمەنی پەرلەمان تەنها دوو هەفتەی ماوەو لە ٢٠١٧/١١/٦ كۆتايی دێت. لەئەگەری دەنگنەهێنانی درێژكردنەوەی تەمەنيدا چۆن دەكرێت بۆ تەنها دوو هەفتە ئەندامی تازەی پەرلەمان دابنرێت؟ بێگومان ئەم هەنگاوەش ئەو نيەتە دەردەخات كە (پارتی و يەكێتی و يەكگرتوو و حزبە هاوپەيمانەكانيان) و كۆمەڵی ئيسلاميش كە يەك لەو سێ كانديدە سەر بە كۆمەڵە، خوازيارن بۆ ماوەيەكی درێژ لەرێگەی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانەوە هەڵبژاردنەكان دوابخەن.

**دووەم**: لە برگەی سێيەمی بەرنامەی كاردا هاتووە كە گفتوگۆی راپۆرتی ليژنەی ياسايی پەرلەمان دەكرێت كە لەگەڵ كۆمسيۆنی هەڵبژاردن كۆبوونەتەوە. ئەم راپۆرتە لەلايەن ئەندامانی ليژنەی ياساييەوە نوسراوەو جگە لە هەريەك لە (د.بەهار مەحمود، ئەنوەر قادر لە بزوتنەوەی گۆڕان و گەشەدارا حەفيد لە يەكێتی) ئيمزايان نەكردووە، كۆمەڵێك ناڕوونی تيادايەو دووای ئەم هەموو گۆڕانكاريانە نەشياوە بخرێتە بەرنامەی كارەوە:

١–لەم راپۆرتەدا قسەكانی كۆمسيۆن ئەوەندە دانراوە كە پەرلەمان پێويستی پێيەتی، بۆنمونە كۆمسيۆن وتويەتی لە ١١/١ ناتوانين هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد بكەين، بەلام كاتيان دەستنيشانكردووە كە لەماوەی (٣) بۆ (٦) مانگی تردا ئامادەن، بەلام ئەوە نەنوسراوە لە راپۆرتەكەدا.

٢–لە خاڵی يەكەمی راپۆرتەكەدا باس لە دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ناوچە كوردستانيەكانی دەرەوەی هەرێم كراوە، گوايە نزيكەی مليۆنێك و سەدهەزار كەس بەشداری ريفراندۆميان كردووەو ناكرێت بێ بەش بكرێن لەبەشداری كردن لە هەڵبژاردن. ئەمە لەكاتێكدايە كە بارودۆخەكە گۆڕاوە، ئێستا نزيكە ٥٠٪ی خاكی كوردستان لەلايەن سوپای عێراق و حەشدی شەعبيەوە دەستی بەسەرداگيراوە و پێشمەرگەی تيادا نەماوە، ئەوكاتەی ئەم راپۆرتە نوسراوە بەرپرسی يەكە كارگێڕيەكان (پارێزگار و قايمقام و مدير ناحيە) كورد بوون، كەچی ئێستا زۆرينەيان گۆڕاون. جگە لەهەموو ئەوانە رای زۆرينەی حزبە كوردستانيەكان ئەوەيە كە ئەو كارەساتانەی دروستبوون و لەدەستدانی ئەم ناوچانە باجی ئەنجامدانی ريفراندۆمێكی بێ بەرنامە بوو دەدرێت، كەوابێت چۆن دەكرێت هەڵبژاردنی پەرلەمان تياياندا ئەنجامبدرێت و باسی لێوە بكرێت.

**سـێیەم**: پێویست بوو هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت، بەلام بەهۆی ئامادەنەبوونی کۆمسیۆنەوە بەسەرقاڵی بە پرۆسەی ریفراندۆم و پەلەپروزێ و ململانێ سیاسیەکان و نەبوونی تۆمارێکی پاك و شیاو کە ناتوانێت لە ١١/١ هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد ئەنجامبدات، وەك کۆمسیۆن لە کۆبوونەوەکەیدا لە (٢٠١٧/١٠/١٤) لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی رایانگەیاندبوو کە لەماوەی (٣) بۆ (٦) مانگ دەتوانن هەڵبژاردن ئەنجام بدەن و پێشتریش لە رۆژی (٢٠١٧/١٠/٩) لە کۆبوونەوەیاندا کۆمسیۆن لەگەڵ (١٨) رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی هەمان رایان دەربڕی. بەلام ئەوەی تێبینی دەکرێت بەپێی ئەو پرۆژە یاسایەی کە لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت سەبارەت بە (بەردەوامبوونی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان) ماوەی چوار خولی گرێدانیان دیاری کردووە کە درێژ بکرێتەوە کە (دوو ساڵ) دەخایەنێت. ئەمەش لەگەڵ یاساو پرەنسیپەکاندا ناگونجێت و هەروەك لە مادەی (٥١)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتووە دەڵێت: "ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، لەیەکەم دانیشتنەوە دەستپێدەکات، لەدوادانیشتنی ساڵی چوارەمدا کۆتایی دێت". ئەمەش درێژکردنەوەی قەیرانەکان و بەردەوام بوونی گرفتەکان دەگەیەنێت و لێسەندنەوەی مافێکی سەرەتایی خەڵکە کە تەنها ئەو رۆژەیان هەیە رای خۆیان دەربڕن و بڕیاری خۆیان بدەن و دادگایی پارتە سیاسیەکان بکەن ئاخۆ تاچەند لەو بەڵێنانەی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا پێیانداون جێبەجێیان کردووە.

**چـوارەم**: پەرلەمان لە بری ئامادەکردنی راپۆرتێك بەناوی کۆمسیۆنەوە کە خۆشحاڵە بە دواخستنی هەڵبژاردن، دەبوایە لێپێچینەوە لە کۆمسیۆن بکات کە لە (٢٠١٧/٨/١٤) رایگەیاند دەتوانن رۆژی (٢٠١٧/١١/١) هەڵبژاردنی پەرلەمان بکەن. نەك راپۆرت بنوسن و (بەشێك) لە قسەکانیان وەك بنەمایەك وەربگرن بۆ دواخستنی هەڵبژاردن بۆ ماوەیەکی درێژ.

**پێنجـەم**: پەرلەمانی کوردستان ماوەی دوو ساڵ داخراو ئیرادەی شکێنرا لەسەر ئەوەی بە مۆدێلی درێژکردنەوە رازی نەبوو و دژی درێژکردنەوەی ویلایەتی سەرۆکی هەرێم بوو، ئێستا ناکرێت دەست بۆ مەلەفێك ببات کە دووساڵ تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوەو لەپاڵیا دووساڵیش سەرۆکی هەرێم درێژە بە ویلایەتەکەی بدات، لەم حاڵەتەدا ئەو فراکسیۆن و پەرلەمانتارانەی ئەوکاتە رازی نەبوون ئێستا وەلامیان چیە بۆ دووساڵ داخستنی پەرلەمان!؟

**شەشـەم**: بەرنامەی کار لەلایەن جێگری سەرۆك (جەعفەر ئیمینکی) و سکرتێری پەرلەمان (بێگەرد دلشاد)ەوە ئیمزا کراوە، ئەمەش کارێکی نایاساییە، چونکە بێگەرد دلشاد سکرتێری کاتی بوو و تا ئەو کاتەی سکرتێری فەرمی (فەخرەدین قادر) دەستی لەکار نەکێشابوویەوە ئاسایی بوو ئیمزا بکات، بەلام لەو رۆژەوە کە (فەخرەدین قادر) دەستی لەکار کێشایەوە هیچ بنەمایەکی یاسایی بۆ سکرتێربوونی (بێگەرد دلشاد) نەماوە. بۆیە بەپێی پەیڕەو هەروەك لە بڕگەی (٢) لە ماددەی (١٦)ی دا هاتووە: "**لەکاتی بەتاڵبوونی پێگەی**

**سەرۆكی پەرلەمان یان جێگرەكەی یان سكرتێر لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەوا پەرلەمان لە یەكەم دانیشتنی گرێدراوی دوای بەتاڵبوونەكەوە بەهەمان ڕێگەی دەقكراو لەم پەیرەوەدا جێگرەوەیەكیان بۆ هەڵدەبژێرێت"**.

**حەوتەم**: دەبوایە وەك كۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/١٥ ئیمزای ئەندامان كۆبكرایەتەوەو ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكرایە بەمەبەستی ئەنجامدانی كۆبوونەوە، نەك بەم شێوەیەی ئێستا كە نایاساییە.

**هەشتەم**: مەسەلەی كۆبوونەوەی ئەمڕۆ كە دواخستنی هەڵبژاردنەكان تیایدا بڕیاری لێدەدرێت، پێویستە سەرجەم فراكسیۆنەكان بەشداری تیادا بكەن و لەهۆڵی پەرلەمانەوە رای خۆیان دەربڕن و داكۆكی لە داواكارییەكانیان بكەن، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبن دواتر قسەكردنیان لە موزایەدەیەكی راگەیاندنەكان زیاتر هیچی تر ناگەیەنێت.

لەكۆتاییدا داوا لە فراكسیۆنەكانی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێز دەكەین كە بەهیچ شێوەیەك رەزامەند نەبن لەسەر درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ دوو ساڵ و پێویستە گوێ لە كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكان بگیرێت بەوەی كە لەماوەی (٣) بۆ (٦) مانگی تر دووای ئامادەكاری هەڵبژاردنێكی پاك و بێگەرد ئەنجام بدرێت كە تاكە رێگەچارەیە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە قەیراناوییە.

لەگەل رێزدا

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

**٢٠١٧/١٠/١٨**

## پاشکۆی (٢٠)

# پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی، پێویستیەکی قۆناغەکەیە

پێشـتر زۆر وتـرا کـە هـەرێمی کوردسـتان لەبـەردەم هەڕەشـەو دەرفەتدایـە، بەداخـەوە لەسـایەی سیاسـەتی هەڵـەی سـەرکردایەتی سیاسـیی باڵادەسـتی هەرێمـدا دەرفەتەکـە لەدەسـتدرا، پانتاییـەکی جوگرافی بەرفراوان و نزیکەی ٥٠٪ی خـاکی کوردسـتان لەلایـەن سـوپای عـێراق و حەشـدی شـەعبیەوە داگیرکرایەوە، قەیرانی ئابوری قوڵتر بوویەوەو ناردنـەدەرەوەی نـەوت راگـیراو داهاتـە ناوخۆییـەکانیش کـەمتر بوونـەوە بـەوەی دەروازە گومرگیـەکان لەلایـەن دەسـەلاتی ناوەنـدەوە لەبـەردەم هەڕەشـەی کـۆنترۆڵ کردنـدان، ئاشـتەوایی نـاوخۆ و یـەکڕیزی هێـز و لایەنـە سیاسـیەکان زیـاتر لـێکترازان، پەیوەندییـەکانی هـەرێم لەگـەڵ ناوەنـد و دەوڵەتـە دراوسـێکان دژوارتـر بـوو و دۆسـتەکانی کـورد ساردبوونەوە لە پشـتگیریکردنی هـەرێم و تەنانـەت هەنـدێکیان پشـتیان تێکـرد، بۆیـە ئێسـتا هـەرێمی کوردستان بـە بـارودۆخێکی ئێجگـار سـەخت و دژواردا تێدەپـەڕێت، ئەمانـە هـەمووی لەکاتێکدایـە کـە پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ئێسـتادا تـەنها دوو هەفتـەی تەمـەنی مـاوە، بـۆ دەربـاز بـوون لـەم بـارە قەیراناویـەو دۆزینـەوەی رێگەچـارە، پێویسـتە هـەنگاوی کردەیـی بنرێـت، بەتایبـەتی ئەمـە ئـەرکی پەرلەمانی کوردستانە، خۆ ئەگەر لە رابردوودا رێگری لەم دەزگایە کـرا ئەرکـەکانی ئەنجامبـدات، بـەلام لەم کۆتاییەدا کە کۆبوونەوەکانی دەستپێکردۆتەوە دەبێ بەهەق پەرلەمانی خەڵکی کوردسـتان بێـت و لەئاست ئەو لێپرسراویەتیە مێژووییەدا بێت، نەك تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە (بەپێی زانیاری بڕیارە لە کۆبوونـەوەی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤ دا پەرلـەمان بـۆ مـاوەی هەشـت یـان دە مـانگ تەمـەنی خـۆی درێـژ بکاتـەوە) بـۆ خزمـەتی ئـەم دەسـەلات و حزبـە سیاسـیانەی لەسـایەیاندا دۆزی کوردیـان بـۆ چـارەکە سەدەیەك بۆ دواوە گێڕایەوە. بۆ دۆزینەوەی رێگەچارە پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت:

١–لە کۆبونـەوەی رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٤ پەرلـەمانی کوردسـتان بڕیـاری خۆهەڵوەشـاندنەوەی بـدات، نەك تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، چونکە لەکاتی بوونی پەرلەماندا حکومەتی ئینتیقالی پێکنایەت.

٢–دوابـەدوای هەڵوەشـانەوەی پەرلـەمان حکومـەتێکی ئینتیقـالی پێکبهێنرێـت کـە سـەرجەم هێـزە سیاسیەکانی هەرێم تیایدا بەشدار بن.

٣–دووای رووداوەکانی ئەمدواییە بەتەواوی دەرکەوت کە ئەم دەسەلاتە لەدانوستاندندا سـەرکەوتوو نابێت، بۆیە حکومەتی ئینتیقالی دوو ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشان:

ا–بنیاتنانەوەی دامەزراوە نیشتیمانیەکانی ولات و ئامادەکاری بۆ هەڵبـژاردنێکی پـاك و بێگـەرد و هێنانەکایەی پەرلەمانێکی تازەی هەڵبژێردراو و دروستکردنی حکومەتێکی نویێ.

ب–ئەم حکومەتە ئینتیقالیـە بەبەرنامەیـەکی نوێـوە دەسـت بـە گفتوگـۆ بکەنـەوە لەگـەڵ بەغدا و ولاتانی دەوروبەر.

چـونکە لـە ئێسـتا دامـەزراوەی سـەرۆکایەتی لـەڕووی یاسـاییەوە نیـەو پێویسـت ناکـات بـاس لـە دەستلەکارکێشانەوەی بکرێ. جگە لەمە پەرلەمانیش دوای دوو هەفتـەی تـر کۆتـایی دێت، هـەر بۆیـە ئەگەر پەرلەمان هەڵبوەشێتەوە هەموو دامودەزگاکـانی سـەرۆکایەتی هـەرێم و حکومـەت شـەرعیەتیان نامێنێ و لەرووی یاساییەوە کۆتاییان پێ دێت، لە وجودی پەرلەمانیشدا کابینەی حکومـەت دەگۆڕێـت نەك پێکهێنانی حکومەتی ئینتیقالی، بەمەش تـەنها روخسـارەکان دەگـۆڕێن. بۆیـە پێویسـتە دیراسـەی ئەوە بکرێت ئایا پێش هەڵبژاردنـەکانی عـیراق یـا دووای ئـەوە هەڵبـژاردنی هـەرێم ئـەنجام بـدرێت. کـە پێشـتر کۆمسـیۆنی بـالای هەلبـژاردن و راپرسـی لـە راگەیەنراوێکیانـدا لـە ٢٠١٧/١٠/١٨ رێکارەکـانی هەلبژاردنیان هەڵپەسارد، هەروەها بەپێی قسەی کۆمسیۆن کە لە پەرلەمان وتویانـەو پێشـتریش و لای رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی رایگەیاندبوو کە لەماوەی (٣ بـۆ ٦) مـانگ دەتـوانن هەلبـژاردن ئـەنجام بدەن، کە ستاندارتی نێودەولەتی ٦ مانگەو هیوادارین گوێ لەو پێشنیارەی کۆمسیۆن بگیرێت و کـاری پێ بکرێت.

ئێمـە وەك رێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مـەدەنی پێمانوایـە لـە زووتـرین دەرفەتـدا (بەلەبەرچـاوگرتنی پێوەرەکان) ئەنجامدانی هەڵبـژاردن دەرفـەت دەرەخسـێنێ کـە سـەرکردایەتیەکی نـوێ هەڵبـژێرین بـۆ گفتوگۆ و دانوستاندن، چونکە بەغدا لـە ٢٠١٨/٥/١٣ هەڵبـژاردن دەکـات، تـا هـەرێمی کوردسـتان بـەو سەرکردایەتیە نوێیەو بە یەکڕیزییەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکات و بەدەسکەوتەوە لێـی دەربچێت. بـۆ دڵنیاییش پێویستە بە بەشداری کۆمەلگەی نێو دەوڵەتی و چاودێریان قۆناغی ئینتیقالی تیپەرێنرێت تا ئەمانیش هاوکاری بەرێوەچوونی پرۆسەکە بن، هـەروەها مەترسـی ئـەوەش برەوێنرێتـەوە کـە مـاوەی ئینتقالی درێژ نەبێت، چونکە لەوانەیە بیانەوێت درێژە بەو بارودۆخە بدەن...

بەداخەوە هەنـدێك لـە پارتـە سیاسـیەکان چەواشـەکارانە بـاس لـە حکومـەتی ئینتیقـالی و رزگـاری نیشتمانی دەکەن، هەندێکیان قسە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەرلـەمان ناکـەن و بەشێکیشـیان هـەنگاو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان دەنێن کە ئەمەش تـەواو پێچـەوانەی هەنگاونانـە بـۆ دروسـتکردنی حکومەتی ئینتیقالی و رزگـاریی نیشـتمانی. چـونکە ئـەم جـۆرە حکومەتـە کاتێـك دروست دەبێـت کـە پەرلـەمان هەڵوەشـابێتەوە، ئەمـەش بـە دەستلەکارکێشـانەوەی (٥٦) پەرلـەمانتار دەبێـت، بـەلام

وەرگرتنەوەی متمانە لە کابینەی حکومەت (٧٦) دەنگی پێویستە، ئایا کامەیان قورسترە ! ؟ ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەداوە کە پێویستە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەوادەی خۆیدا بکرێت و ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن و درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان بۆ ئەو ماوە زۆرە کاریگەریی خراپی دەبێت بۆسەر پرۆسەی دیموکراسیی هەرێم و ئەزمونەکەمان زیاتر لەکەدار دەبێت.

لەگەڵ رێزدا

٢٠١٧/١٠/٢٣

١- پەیمانگەی پەرەپێدانی یاسایی (ILDK)
٢-ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان (PAY)
٣- پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان (NIIR)
٤-رێکخراوی دیمەن بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان
٥-ئینستتیۆتی برادۆست بۆ گەشەپێدان (BID)
٦-رێکخراوی گەشەپێدانی ئابوری کوردستان (KEDO)
٧-رێکخراوی هەڵوێست
٨-رێکخراوی پایتەختی ئاشتی
٩- رێکخراوی کوردۆ زانست بۆ دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ
١٠-رێکخروای گەشەپێدانی خوێندکاران و گەنجان (SYEO)
١٢-رێکخروای ئاران بۆ پەرەپێدانی کلتوری مەدەنی
١٣-تۆڕی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دەڤەری ڕاپەڕین
١٤-رێکخراوی جیوگرافیای گشتی کوردستان
١٥-رێکخراوی ئەزموون AOCD
١٦-ماڵی سەرکەوتن بۆ گەشەپێدانی تواناکان
١٧-رێکخراوی پێکەوەژیان
١٨-تۆڕی لیدەر بۆ پێگەیاندنی سەرکردە
١٩-رێکخراوی ستۆپ
٢٠-رێکخراوی چاوی زانکۆ

## پاشکۆی (٢١)

### دیسانەوە... شکۆی پەرلەمان شکێنرا

کاتژمێر ٠٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ، ٢٩/١٠/٢٠١٧، پەرلەمانی کوردستان بەسەرۆکایەتیی د.جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بێگەرد دڵشاد تاڵەبانی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پایزە، ساڵی چوارەم لە خولی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجامدا. سەرەتای دانیشتنەکەش لەسەر پێشنیاری جەعفەر ئێمینکی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بە دەنگدانی زۆرینەی پەرلەمانتاران بڕیار درا دانیشتنەکە بە شێوەی داخراو بەڕێوە بچێت. لەو کۆبوونەوەیەدا نامەی (مسعود بارزانی) بەناوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە کە ئاراستەی پەرلەمانی کردبوو خوێندرایەوە، هەروەها خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسای (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێم) کرا و دواتر لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بۆ یەك سەعات دانیشتنەکە هەڵپەسێردرا، تاوەکو لیژنەی یاسایی دوا دارشتنەوە بۆ پرۆژە یاساکە بکات. پاشان پرۆژە یاسای (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەسەر دامەزراوە گشتییەکانی هەرێم)، بەپێی راسپاردەکانی لیژنەی یاسایی خرایەروو، کە لە پێنج ماددە پێکهاتبوو، کە تێیدا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم بەپێی تایبەتمەندی دامودەزگا گشتییەکانی هەرێم، بەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و ئەنجومەنی دادوەری دابەشکران. دوای گفتوگۆکردنی برگەو ماددەکانی پرۆژەکە بەجیا، کۆی پرۆژە یاساکە خرایە دەنگدانەوەو بەزۆرینەی دەنگ پەسندکرا. دوا خالیش تایبەتبوو بە دەست لەکارکێشانەوەی پەرلەمانتار (گۆران ئازاد محمد) لەئەندامیەتی پەرلەمان و بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران پەسەندکرا.

ئەوەی تێبینی کرا لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێك پێشێلکاری کرا:

١–بەرنامەی کار کە پێویستە (٤٨) سەعات بەر لە کۆبوونەوەکە رابگەیەنرێت و بەدەست ئەندامان بگات، بەلام تا ساتی کۆبوونەوەکە بەرنامەی کار ئاشکرا نەکرابوو.

٢–هیچ بیانوێك نەبوو کە کۆبوونەوەکە داخراو بێت، بەلام لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی پارتی و یەکێتی و هاوپەیمانەکانیان کۆبوونەوەکە داخرا و دوور لەچاوی میدیاکان ئەنجامدرا.

٣–پەلەپروزێیەکی زۆر بە کۆبوونەوەکەوە دیار بوو، لەماوەی چەند کاتژێرێکدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە کراو راپۆرتی لیژنەی یاسایی نوسراو پەسەندیش کرا.

٤–لەدابەشکردنی دەسەلاتەکاندا ناهاوسەنگی هەیەو زیاتر هەولیاندا دەسەلاتەکانی سەرۆکی هەرێم بدرێت بە سەرۆکی حکومەت.

جگە لەهەموو ئەمانە لە رۆژی کۆبوونەوەکەدا پەرلەمان لەگەشێکی نائارامدا بوو و بارگرژییەکی زۆر بالی بەسەر پەرلەماندا کێشابوو، لەگەل سەرەتای دەستپێکردنی کۆبوونەوەکەدا کاتێك پەرلەمانتار (رابوون مەعروف) لە پرێس کۆنفرانسێکدا لێدووانی بۆ رۆژنامەنوسان دەدا، بەبەر چاوی کامێراکانەوە راستەوخۆ لەلایەن چەند کەسێکەوە کە بەناوی رێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیەوە هاتبوونە نێو پەرلەمانەوە پەلامار دراو رێگەی پێنەدرا قسەکانی تەواو بکات.

لەماوەکانی دواتریشدا بەر لە تەواو بوونی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان کەسانێك بەناوی خۆپیشاندانەوە هێنرابوونە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، هەرچەندە ژمارەی خۆپیشاندەران کەم بوو و لە (١٠٠) کەس تێپەڕی نەدەکرد، بەلام بارێکی گرژیان خولقاندبوو، هەر ئەوەش بوو لە کاتژمێر (٥:٣٠) خۆپیشاندەران هێرشیان کردە سەر پەرلەمان و هاتنە ژوورەوە، سەرەتا بە دار و بەرد پەلاماری راگەیاندنکارانیاندا و کامێراکانیان شکاندن و ئەشکەنجەی میدیاکارەکانیاندا و هەرەشەیان لە پەرلەمانتاران دەکرد. هێزەکانی پۆلیس و پاسەوانەکانی پەرلەمانیش وەك پێویست نەبوون و بەریان پێ نەدەگیرا (یاخود نەیاندەویست بەریان پێ بگرن)، تا دەهات ژمارەی خۆپیشاندەران کە هەرەشەیان لە پەرلەمانتاران دەکرد زیاتر دەبوو، دەرگاکانی پەرلەمانیان گرتبوو و پەرلەمان گەمارۆدرابوو و پەرلەمانتاران وەك بارمتە لەنێو پەرلەماندا مابوونەوەو ئەم رەوشە تا کاتژمێر یەکی شەوی خایاند.

هەرەشەیەکی زۆر لەسەر پەرلەمانتاران بەگشتی و پەرلەمانتار (رابوون مەعروف) بەتایبەتی بە بیانووی لێدوانەکانیەوە هەبوو، شایانی باسە لەنێو حەرەمی پەرلەماندا ئەشکەنجەیەکی زۆری پەرلەمانتار (رابون مەعروف) درا.

ئەو رەوشەی لەپەرلەماندا گوزەرا، دوای پەکخستنی جۆرێکی تر لە سوکایەتی کردن بوو بەم دەزگا نیشتیمانیە، لەکاتێکدا هیچ خۆپیشاندانێکی خەلکی لە شاری هەولێردا رێگە پێدراو نیە، کەچی چەند کەسێك هێرشیان کردە سەر پەرلەمان و حەرەمی پەرلەمانیان پێشێل کرد و تەنانەت چەند کەسێکیان چوونە ناو بیناکەشەوەو دەرگاو پەنجەرەکانی پەرلەمانیان شکاند، ئەمەش جێگەی گومان و تێرامانەو دەسەلاتدارانی ئەم شارە لێی بەرپرسیارن و ئۆباڵەکەی لە ئەستۆی ئەوانە کە رۆژ بەرۆژ ئەزمونەکەمان و پرۆسەی دیموکراسیی هەرێم ناشیرین تر دەبێت و دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

**ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان**

٢٠١٧/١٠/٣٠

**پاشکۆی ( ٢٢ )**

## پەیامێکی بە پەلە لە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە

بـــۆ نوێنەرایـــەتی و کونســـوڵی وڵاتـــە یـــەکگرتووەکانی ئەمـــەریکا و یـــەکێتی ئـــەوروپا و ڕێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕۆژنامەنووسی.

بـە داخ و نیگەرانییـەکی زۆرەوە، ئێـوارەی ئـەمڕۆ کۆمـەڵێ بەڵتـەجی و کەسـانی تێکـدەر، دوور لـە هـەمو بەهایەکی مرۆیی و بە هاندانی حیزبیی هێرشیان کردە سەر باڵەخانەی پەرلەمان و بە بێ هیچ ڕێگرییەکی هێزە ئەمنییەکان، پەلاماریی پەرلـەمانتاران و ڕۆژنامەنووسـانیاندا. بـە هـەمو لایـەکی رادەگەیـەنین ژیـانی سـەرجەم پەرلـەمانتاران و ڕۆژنامەنووسـان و فەرمانبـەرانی پەرلـەمان لـە ئەسـتۆی ئـەو لایـەن و گروپانەیـە، کـە هـانی توندوتیژیی دەدەن و دەیانەوێ شکۆی یاسا و ڕووی هەرێمەکەمان هێندەی تـر لای کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و دۆستەکانمان لەکەدار بکەن و هەمو پەیوەندییەکانمان دەخەینە گەڕ، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەدەوڵـەتی لـەم ڕەفتارە نا مەدەنی و نا دیموکراتییانە ئاگادار بکەینەوە.

**د. یوسف محەمەد سادق**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**٢٩-١٠-٢٠١٧**

## پاشکۆی (٢٣)

## بەیاننامەی سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان لەسەر كۆبوونەوەی ٢٠١٧/٩/١٥ ی پەرلەمان

هاونیشتیمانیانی خۆشەویست..

واجارێكی تر، لەرێی كۆبونەوەیەكی نائاسایی و نایاسایی پەرلەمانەوە، لە بری ئاسایی كردنەوەی، هێندەی تر دۆخی پەرلەمانی كوردستان نائاسایی كرایەوە.

لەم كۆبونەوەیەدا لە چەندین رووەوە پێشێلكاری لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ئەنجام درا، هەر لە ئاراستە نەكردنی داواكاریی دانیشتنی نائاسایی بۆ سەرۆك و سكرتێری پەرلەمان، ئامادە نەكردنی بەرنامەی كاری دانیشتنی پەرلەمان لە لایەن دەستەی سەرۆكایەتیەوە بە پێی ماددەی (٢٠/ ١) و مادەی (٥٤/ یەكەم/ ١-٢)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، پێشێل كردنی رێوشوێنی گفتوگۆكردنی ئەندامان لەناو هۆڵی پەرلەمان بەپێی مادەكانی (٥٥- ٥٨- ٧٤)ی پەیرەو، نەگرتنەبەری رێوشوێنی پێشكەش كردنی پرۆژەی بریار و ئەنجامدانی خوێندنەوەی یەكەم بۆی و ئاراستە كردنی بۆ لیژنەی پەیوەندیدار و ئامادە كردنی راپۆرتی لیژنە و رێوشوێنەكانی گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بریار و راپۆرتی لیژنە لەسەری لە لایەن پەرلەمان و پەسەند كردنی بەپێی مادەكانی (٧١ و ٧٢).

بۆیە كۆبونەوەیەكی وا نایاسایی دەرەنجامەكانیشی پوچەڵن. هەمو ئەم پێشێلكاریە پەیرەوییانە لەكاتێكدایە كە ئێمە لەم خولەی پەرلەمانی كوردستان ئامانجمان بو كە سەردەمی كاری ناقانونی لە كاری پەرلەمانی كۆتایی پێبهێنین و، بچوكترین هەڵەی پەیرەوی لە كارەكانمان راست بكەینەوە.

ئەم كۆبونەوەیەی پەرلەمان گەرانەوەیەكی مەترسیدار بو بۆ سەردەمی كاری نایاسایی لە كاری پەرلەمانی كوردستان.

هەڵبەت هەڵپروزكاندنی ماف چارەی خۆنوسینی گەلی كوردستان و سەربەخۆیی، ئەم مافە سەرەتاییەی خەڵكی كوردستان، لە كۆبونەوەیەكی وا نائاسایی و نایاساییدا هەم كەم نرخ و بایەخ كردنی ئەم بابەتە چارەنوسسازەیە و هەمیش هێندەی تر شكاندنی شكۆی پەرلەمانی كوردستانە وەك مەرجەعی باڵای شەرعی و هەڵبژێردراوی خەڵكی كوردستان.

ئەنجام دانی ریفراندۆم، پێویستە بە یاسا رێكبخرێت، هەر وەك یاساكانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆكایەتیی هەرێم و ئەنجومەنی پارێزگاكان و، یاسای ئامادە كردنی پرۆژەی دەستوری هەرێم بۆ راپرسی.

لە هەمان كاتدا سپاردنی بریاردان لەم پرسە چارەنوسسازە بە لایەنی نادیار و نارەسمی و هەڵنەبژێردراو، تەنازول كردنە لە دەسەڵاتەكانی پەرلەمانی كوردستان و مەرجەعیەتی، كە ئەمەش كارێكی نایاساییە.

بە هیوای ئەوەی ئەم رەوتە نایاساییە لەناو پەرلەمانی كوردستان لێرەدا بوەستێت و، سەرباری ئاسایی كردنەوەی دۆخی پەرلەمان، هەموان كار بكەین بۆ چەسپاندنی پرینسیپەكانی دیموكراسی و یاسا سەروەری و ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتیەكان لە كاتی خۆیدا و هێنانەكایەی خۆشگوزەرانی و حوكمی دامەزراوەیی لە كوردستان.

**د. یوسف محەمەد سادق** — **سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان**

**فەخرەدین قادر** — **سكرتێری پەرلەمانی كوردستان**

١٥/ ٩/ ٢٠١٧

## پاشکۆی ( ٢٤ )

## نامەی رونکردنەوەی پەرلەمانتار فەرهاد سەنگاوی سەبارەت بە زۆر دەستلەکار کێشانەوەی

من وەکو فەرهاد سەنگاوی/ پێشتر ئەندام پەرلەمانی هێشتا پرۆگرامیش
دەستی پێ نەکردبو. زۆر زۆر احراج کرام بەڵێنی نامەیەکیان پێیم واژوکرد تەنانەت
ماچیان دەکردم. ئەوکات زانیم ئەمە ناپاسایە نوسیم ئەمە یەکەم مساومەیە
لە ژیانم (بە روزنامەیان لەسەر نوسی. بیلیرو دوای ٣ ساڵ و نیو زیاتر
بێ ئاگادار بون و رازی بونی من بە دەستی فراکسیون نەک دەستی خۆم داوایانە
پەرلەمان کە کەس ئاگادار نەبوە و لە بەرنامەی کاریشدا نەبوە
١/ پێشتر پەرلەمانتاری بوە ٢/ فترەی لەسەر نەبوە ٣/ ئاگادار و ئامادە نەبوم
٤/ بە دەستی خۆم پێشکەشم نەکردوە ٥/ دژی پەیڕەو پرۆگرامی یەکێتی نەبوە
٦/ منیش هەرچەم لەگەڵ یەکێتی هەبوە پێش پەرلەمانتارەکان کە ئەوان سەربەخۆیی
خۆیان بپارێزن و چاککاری بکەن/ ئەوان پێوڵ بولدم (س) بون پارتی و
لەسەر داوای پارتیش 3 جار پەرلەمانیان دا.
کارەکانی من لە پەرلەمان و هەموو ژیانم دیفاع کردن بوە لەگەڵ ونیشتمان
سوێندی پەرلەمانم جێ بەجێ کردوە ئەوان لەسەر ئەوە دژی منن
بۆیە ئەو واژونامەیە ناڕاستە و ناپاسایە بەگوێرەی هەمو عورف و
عادەت و پەیڕەوی ناوخۆی حزب و پەرلەمانیش
رەتی دەکەمەوە

9/10/15 فەرهاد سەنگاوی
پێشتر ٢٠١٥

## پاشکۆی ( ٢٥ )

## نامەی پەرلەمانتار فەرهاد سەنگاوی بۆ سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە زۆر دەستلەکار کێشانەوەی

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

ب/ ڕونکردنەوە و داوا

سلاو ؛

من پەرلەمانتار ( فەرهاد حمە سالح)م ناسراو بە ( فەرهاد سەنگاوی) ئەندامی پەرلەمانم لەسەر لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لە ڕۆژی( ١-١٠-٢٠١٧) و لە دیمەنێکی چاوەڕوان نەکراوداو بێ ئەوەی ئاگاداری و ڕەزامەندیم لەسەر بێت بەناوی منەوە داواکاری ( وازنامە) ( استقالە) خرایە بەردەم بەڕێزتان و ئێوەش بێ گەڕانەوە و جەختکردن لەسەر ئەوەی کە ئایا من ڕەزامەندم یاخود نا ، ڕەزامەندیتان نیشاندا لە کاتێکدا ئەم هەڵویستەی بەڕێزتان پێچەوانەی برگەکانی ماددەی (٢٠) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەو لە کارنامەی ئەودانیشتەنەدا نە بوە.

بۆیە دەبوایە بەبڕیاری وەلانانی من بەپێی ئەو استقالە ناڕاستە ئاگادار بکرامایە ئەوەشتان نەکرد، ئێستا داواتان لێدەکەم کە ئەو استقالە ناڕاستە وەرنەگرن کە بەناوی منەوە کراوەو هەتا ئەم ساتە وەختەش من ئەندامی پەرلەمانی کوردستانم و ئۆبالی هەڵەو نایاسایی بونی وەرگرتنی ئەو استقالە ناڕاستە دەخەمە گەردنی بەڕێزتانەوە ڕێگەی یاسای دەگرمە بەر، چاوەڕێی بڕیاری بەڕێزتانم.

14/10/17

پەرلەمانتار

فەرهاد سەنگاوی

# پاشکۆی ( ٢٦ )

## ئاڵوگۆڕی پەرلەمانتاران تا ئێستا لە لیژنەکان نەکراوە

رۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| س | أ | ا | ث | ا | خ | ج |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 31 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 |
| 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 |
| 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 |
| 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 1 | 2 |
| 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 |

پەخشی ڕاستەخۆ

... ی پەرلەمانی کوردستان 15.9.2017




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

### لیژنەی کشتوکاڵ وئاژەڵداری وئاودێری و بەنداوەکان'

ماددەی (37): پەیڕەوی ناوخۆ

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لە پێکهێنانیان دا ، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆڕییان ڕەچاو دەکرێت.

ماددەی(38): پەیڕەوی ناوخۆ

یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:

1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| لیژنەی کشتوکاڵوئاژەڵداروئاودێریوبەنداوەکان | | |
|---|---|---|
| 1 | یعقوب گورگیس یاقو | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | غریب مصطفی حمەخان | جێگری سەرۆك |
| 3 | زیاد حسین عبدالکریم | بڕیاردەر |
| 4 | حسن صالح محمد | ئەندام |
| 5 | عبدالرحمن علی رضا | ئەندام |
| 6 | بشار مشیر اسماعیل | ئەندام |
| 7 | ئاوازجەنگی برهان | ئەندام |
| 8 | خلف احمد معروف | ئەندام |
| 9 | فەرهاد حەمە صالح | ئەندام |
| 10 | عباس غزالی میرخان | ئەندام |

رۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| س | أ | ا | ث | ا | خ | ج |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 31 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 |
| 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 |
| 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 |
| 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 1 | 2 |
| 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 |

پەخشی ڕاستەخۆ

... ی پەرلەمانی کوردستان 15.9.2017




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

### لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) '

ماددەی (37): پەیڕەوی ناوخۆ

لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لە پێکهێنانیان دا ، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆڕییان ڕەچاو دەکرێت.

ماددەی(38): پەیڕەوی ناوخۆ

یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:

1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) | | |
|---|---|---|
| 1 | عمر صالح عمر | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | انس محمد شریف | جێگری سەرۆك |
| 3 | گۆران ازاد محمد | بڕیاردەری لێژنە |
| 4 | نجیبە لطیف احمد | ئەندام |
| 5 | خلف احمد معروف | ئەندام |
| 6 | اومید حمە علی | ئەندام |
| 7 | برزو مجید عبداللّه | ئەندام |
| 8 | باپیر کاملا سلیمان | ئەندام |
| 9 | فرست صوفی علی | ئەندام |
| 10 | ادریس علی اسلام | ئەندام |

## ڕۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| س | أ | ا | ث | أ | خ | ج |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 31 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 |
| 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 |
| 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 |
| 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 1 | 2 |
| 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 |

## پەخشی ڕاستەخۆ




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

## لێژنەی کاروباری پەرلەمان'

ماددەی (37): پەیڕەوی ناوخۆ

لێژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لەپێکهێنانیان دا، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆڕییان ڕەچاو دەکرێت.

ماددەی(38): پەیرەوی ناوخۆ

یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:

1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| | | |
|---|---|---|
| لیژنەی کاروباری پەرلەمان | | |
| 1 | قارەمان قادر فتاح | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | کنعان نجم الدین احمد | جێگری لیژنە |
| 3 | مەدینە ایوب | بریاردەری لیژنە |
| 4 | باپیر کاکە مەلا سلێمان | ئەندام |
| 5 | عباس غزالی میرخان غزالی | ئەندام |
| 6 | ئومید عبدالرحمن حسن | ئەندام |
| | جودت جرجیس لطیف | ئەندام |
| 8 | بێگەرد دلشاد شکراللە | ئەندام |
| 9 | دلێر مصطفی حسن | ئەندام |

## ڕۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| س | أ | ا | ث | أ | خ | ج |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 30 | 31 | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 |
| 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | 12 |
| 13 | 14 | 15 | 16 | 17 | 18 | 19 |
| 20 | 21 | 22 | 23 | 24 | 25 | 26 |
| 27 | 28 | 29 | 30 | 31 | 1 | 2 |
| 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 |

## پەخشی ڕاستەخۆ




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

## لێژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان '

ماددەی(38): پەیرەوی ناوخۆ

یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:

1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| | | |
|---|---|---|
| لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان | | |
| 1 | شیرکۆ جەودەت مصطفی | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | دلشاد شعبان عبدالغفار | جێگری سەرۆك |
| 3 | ڕۆزا محمود عثمان | بریاردەر |
| 4 | صالح بشار صالح | ئەندام |
| 5 | علی حمە صالح | ئەندام |
| 6 | بەیار طاهر سعید | ئەندام |
| 7 | ریواس فائق حسین | ئەندام |
| 8 | علی علی هالو | ئەندام |
| 9 | یروانت نیسان مارکۆس | ئەندام |
| 10 | عزت صابر اسماعیل | ئەندام |
| 11 | فائق مصطفی رسول | ئەندام |

ڕۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| ع | خ | | ت | | | س |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | 31 | 30 |
| 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 |
| 19 | 18 | 17 | 16 | 15 | 14 | 13 |
| 26 | 25 | 24 | 23 | 22 | 21 | 20 |
| 2 | 1 | 31 | 30 | 29 | 28 | 27 |
| 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 |

پەخشی ڕاستەخۆ




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

## لیژنەی ئاسەوارو، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی وگواستنەوەو گەیاندن و گەشت و گوزار'

ماددەی (37): پەیڕەوی ناوخۆ
لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لە پێکهێنانیان دا ، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.
ماددەی(38): پەیڕەوی ناوخۆ
یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:
1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.
2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| لیژنەی ئاسەوار و،خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی وگواستنەوە وگەیاندن وگەشت وگوزار | | |
|---|---|---|
| 1 | عمر عینایەت حمە | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | کمال یلدا مرقوز | جێگری سەرۆك |
| 3 | صالح بشار صالح | بڕیاردەر |
| 4 | ایوب عبداللە اسماعیل | ئەندام |
| 5 | سراج احمد حمدامین | ئەندام |
| 6 | بەیار طاهر سعید | ئەندام |
| 7 | بەهزاد دەرویش دەرویش | ئەندام |
| 8 | عباس فتاح صالح | ئەندام |
| 9 | بێگەرد دلشاد شکراللە | ئەندام |
| 10 | ماجد عثمان توفیق | ئەندام |

ڕۆژمێری ڕووداوەکان

< کانون الثاني 2018 >

| ع | خ | | ت | | | س |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | 31 | 30 |
| 12 | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 |
| 19 | 18 | 17 | 16 | 15 | 14 | 13 |
| 26 | 25 | 24 | 23 | 22 | 21 | 20 |
| 2 | 1 | 31 | 30 | 29 | 28 | 27 |
| 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 |

پەخشی ڕاستەخۆ




لە ڕێی یوتیوبەوە سەیری دانیشتنی ئەمڕۆ بکە

## لیژنەی کاروباری یاسایی'

ماددەی (37): پەیڕەوی ناوخۆ
لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجوومەن لە یەکەم خولیدا کە دوای هەڵبژاردن دەبەسترێت پێکدەهێنرێن و لە پێکهێنانیان دا ، ئارەزووی ئەندامان و پسپۆرییان ڕەچاو دەکرێت.
ماددەی(38): پەیڕەوی ناوخۆ
یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:
1- هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پرۆژە یاسا و پێشنیاری پرۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە ودەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.
2- هەر لیژنەیەك بەدواداچوون وچاودێری وهەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

| لیژنەی کاروباری یاسایی | | |
|---|---|---|
| 1 | ڤالا فرید ابراهیم | سەرۆکی لیژنە |
| 2 | بەهار محمود فتاح | جێگری سەرۆك |
| 3 | گۆران ئازاد محمد | بڕیاردەر |
| 4 | ابوبکر عمر عبداللە | ئەندام |
| 5 | انور قادر مصطفی | ئەندام |
| 6 | تەلار لطیف محمد | ئەندام |
| 7 | شوان احمد نعمان | ئەندام |
| 8 | لینا عزریا بەهرام | ئەندام |
| 9 | منی نبی نادر | ئەندام |
| 10 | گەشە دارا جەلال | ئەندام |
| 11 | ڤەمان فیصل سلیم | ئەندام |

## پاشکۆی ( ٢٧ )

**تا ئێستاش هیچ کام لەو ئەندامانەی لە فراکسیۆنەکانی پارتی و یەکێتی و کۆمەڵ ناویان بەسەر سایتەکەوە نیەو لە سایتی فەرمیدا ئەندامی پەرلەمان نین**









## پاشكۆی (٢٨)

## تا ئێستاش لەسایتی فەرمی پەرلەماندا هەر فخرالدین قادر سكرتێری پەرلەمانە



## پاشکۆی ( ٢٩ )

### له تویتێکدا له هەژماری تایبەتی خۆیدا پەرلەمانتار رابوون مەعروف باس لە ئەشکە نجەدانی خۆی دەکات لەنێو پەرلەماندا




### ساتی پەلاماردانی رابون مەعروف لەناو حەرەمی پەرلەماندا




## پاشکۆی ( ٣٠ )

### چەند وێنەیەکی پەشێوی ناو پەرلەمان، کە لە شەوی ٢٠١٧/١٠/٢٩ لەلایەن چەند کەسانێکەوە پەلامار درا






















**لێدوانی سەرۆکی ئینستتیۆتی پەی بۆ ڕاگەیاندنەکان لەساتی پەلاماردانی پەرلەمان شەوی ٢٠١٧/١٠/٢٩ لە پەرلەمان**

PAY INSTITUTE
For Education & Development

# ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان

**کورتەیەك لەسەر ئینستتیوت:**

ئینستیتیوت لە (٢٦, نوفمبری٢٠١٣) لە لایەن فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تۆمارکراوە، (ئینستتیوتی پەی) ئینستیتوتێکی ناحکومی سەربەخۆی قازانج نەویستە.

**کورتەیەك لەسەر پرۆژەکانی ئینستتیوتی پەی :**

## ١. (پرۆژەی کاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە ئینستیتوتی پەی بەهاوکاری فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە ئەنجامیدا، پرۆژەکە هەوڵێك بوو بۆ پیادەکردنی بڕیاری ژمارەی (٥) ی ساڵی (٢٠١٣) ی پەرلەمانی کوردستان لەسەر (پەیمانی هاوبەشی و گشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان) ئەم پرۆژەیە لە چوار ووٚرك شۆپ و سەردانی زانکۆکانی هەرێم و کۆنفرانسێکی دوو ڕۆژە پێکهاتبوو، پرۆژەکە ماوەی یەکساڵی خایاند.

## ٢. (پرۆژەی چاودێری پەرلەمانی کوردستان):

ئەم پرۆژەیە بریتی یە لەچاودێری و هەڵسەنگاندی کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لەسەر بنەمای (دانانی یاسا و چاودێری دامەزراوە گشتیەکان)، پرۆژەکە شەش مانگ جارێك ڕاپۆرتێك بڵاودەکاتەوە، تائێستا (٨) ڕاپۆرت بڵاوکراوەتەوە، بەشێکی تری پرۆژەکە، بریتیە لە ماڵپەرێك بەناوی (ڕوانگەی پەی بۆ چاودێری پەرلەمان) ئەم ماڵپەرە بەهەردوو زمانی (کوردی، عەرەبی) زانیاری بڵاودەکاتەوە، لە ڕوانگەی (پەی) ئامادەنەبوونی ئەندامی لەدانیشتنەکان پەرلەمان، سەرجەم ڤیدیۆی دانیشتنەکان و وورده‌کاری تر لەسەر کاری پەرلەمان هەیە. ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری (سندوقی نیشتیمانی بۆ پاڵپشتی دیموکراسی (NED) ئەمریکی جێ بەجێ دەکرێت .

## ٣. (پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی پەروەردە) :

ئەم پرۆژەیە تائێستا (٤) ڕاپۆرتی لەسەر ئەرکەکانی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن بڵاوکردتەوە :

• **ڕاپۆرتی یەکەم :** دیاردەی وازهێنان لە خوێندن لەهەرێمی کوردستان: ، ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە بەووٚرك شۆپێکی هاوبەشی نێوان هەردوو ڕێکخراوی (هاوبەندی نێودەوڵەتی بۆ بەها مرۆڤایەتیەکان و ئینستیتیوتی پەی بۆ پەروەردە و گەشەپێدان) بوو لەسەر کەم کردنەوەی وازهێنان لەخوێندنی لەهەرێمی کوردستان، لە ڕۆژانی (١٨- ١٩ /٢٠١٤/٦) لە هەولێر بە ئامادەبوونی (١٢٠) کەس لە نوێنەرانی پەرلەمان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەسترا، پاشان داتا و زانیاری کۆکرایەوە و ڕاپۆرتێك لەسەر دیاردەی وازهێنان لەخوێندن بڵاوکرایەوە .

• **ڕاپۆرتی دووەم:** خستنەڕووی (١٠١) گرفتی پەروەردەیی لە پێناو چارەسەرکردنیان: ئەم ڕاپۆرتە بەناونیشانی نامەیەکی کراوە بۆ وەزیری پەروەردە، لە (٢٥ حوزەیرانی,٢٠١٤) بە میوانداری وەزیری پەروەردە و ئامادەبوونی (٦٠) مامۆستاو سەرپەرشتیار و پسپۆری پەروەردەیی پێشکەشکرا، لە دانیشتنەکەدا وەزیری پەروەردە بڕیاریدا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو خاڵانەی ئینستتیوتی پەی ئاماژەی پێکردووە و داواشیکرد ماوەیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی کار لەسەر ڕاسپاردەکانی ناو ڕاپۆرتەکە بکەن .

• **ڕاپۆرتی سێیەم:** بەشداری لە کاراکردنی خوێندنی پیشەیی لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەدا: ئەم پرۆژەیە (توێژینەوەیەکی مەیدانی بوو سەبارەت بە گرفتەکانی خوێندنی پیشەیی و ڕێگەچارەکانیان) لەلایەن (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان) و (ڕێکخراوی هەڵوێست)ەوە بە هاوکاری ڕێکخراوی فریاکەوتنی میللی (PAO) و ڕێکخراوی (NPA)ی نەرویجی جێبەجێ کرا. پرۆژەکە پێکهاتبو لە سێ ووٚرکشۆپ و بڵاوکردنەوەی بروشور و ئامادەکردنی توێژینەوەیەك ، پرۆژەکە (٢٠١٧/٥/١ تا ٢٠١٧/٩/١) جێبەجێکرا .

• **ڕاپۆرتی چوارەم:** خوێندنی ناحکومی لەنێوان کوالیتی و بازرگانیدا (گرفت و چارەسەر) ئامانجی ئەم پرۆژەیە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك بوو لەسەر خوێندنی ناحکومی، دەستنیشانکردنی (گرفت و چارەسەر)، ناوەندی پارێزگا سلێمانی وەك نموونە وەرگیرابوو، پرۆژەکە لەلایەن (ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان) بەهاوکاری ئینستتیوتی ڕیفرۆرم بۆ گەشەپێدان (RID) و ڕێکخراوی (NPA)ی نەرویجی لە (٢٠١٧/٧/١ تا ٢٠١٧/١٠/١) جێبەجێ کرا.

## ٤. پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا :

چاودێری کارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکێکی ترە لە پرۆژەکانی چاودێری ئینستتیوتی پەی، یەکەم ڕاپۆرتی ئەم پرۆژەیە لەو (٢٢ تموز,٢٠١٤) بەمیوانداری وەزیری خویندنی باڵا و ئامادەبوونی (٨٠) کە لە سەرۆك و مامۆستایانی زانکۆ و نوێنەری ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن پێشکەش کرا، لە دانیشتنەکەدا وەزیری خوێندنی باڵا بڕیاریدا ڕاپۆرتەکە بۆ سەرجەم زانکۆکان بۆ ناردنی ڕاو پێشنیاریان لەسەر ڕاپۆرتەکە و کێشەکانی خوێندنی باڵا و بەڵێنی بەدواداچوونی ڕاسپاردەکانیشیدا .